بەو رنبازە گرتەبەرە عیراق توانی بەیوەندی هاوسەنگ‌و بەکەلك لەئەل دراوسێکانی‌و لەئەل زۆر لەوڵاتانی جیهاندا بەجیاوازیی رژیم‌و رنبازەکانیانەوە ، دابەزرێنێ ، لە هەموو ئەوانەدا بەرژەوەندی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و بەرژەوەندی ناوکۆیی خستە بەرچاوی خۆی .

رۆژگار ساغی‌و دروستی ئەو رنبازەی سەلماند ، هەر ئەو رنبازەشە شوێن‌و پایەی عیراق لە نێو دەوڵەتاندا بەهێز ئەکاو توانامان لەبەشداری‌کردنی کاروباری دەوڵەتاندا بەشداری‌کردنێکی ئیجابیانە ئەبێ زیاد ئەکا .

هەروەکو ئەو راپۆرتە سیاسیەی لە هەشتەم کۆنگرەی قوتریەوە دەرچوو ، دەری‌خست ، کە ئێمە ئوبالێکی دوولایمان لە ئەستۆدایە ، ئەویش ئوبالی باراستنی ئەو رنبازەیە لە بەیوەندی دەوڵەتاندا ، لەئەل ئوبالی بەرەنگاربوونی ئەو لادانەی لە مەیدانی عەرەبدا دەرئەکەوێ ، سەبارەت بە سەرنج بەرامبەر ئەو بەیوەندی‌یانەو چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان .

گەلێ ئەم سەرو ئەوسەرە بەیوەندی نێوان هەندێ لایەنی عەرەب‌و نێودەوڵەتی ، سیمای تێکچوون‌و لەرێ‌لادایان تێدایەو بەرژەوەندی ئیستیعماری‌و بێگانە ئەخرێتە روو بەرژەوەندی‌و مافەکانی نەتەوەوە ، جا ئەم مافانە ، چ مافی دەست رۆیشتن بەسەر خاکدا بێ ، چ مافی دەست‌رۆیشتن بەسەر کەلەبووری نەتەوایەتیەوە بێت یاخو کە خاوەن ئیرادەی خۆیێت‌و رنگای خۆی شارەزایێت ، هەرگیز دەستیان لێ‌هەڵناگرێت ، نەتەوەی عەرەب ، **ئەبێ هەمیشە وریای ئەم رنبازە لەرێ‌لادەورانانە بێت‌و پەنجەی هۆشیارکردنەوەیان بۆ راکێشێ ، ئەبێ هەمیشە ئەوە دووبات بکاتەوە ، کە بەرژەوەندی نیشتمانی‌و نەتەوەیی لە بەیوەندی نێودەوڵەتاندا دەبێ لەبەر چاوبێت،ئەنها بەمە ئەتوانین مافەکانمان بپارێزین‌و دەستڕۆیشتویی خۆمان بەسەر کاروباری خۆماندا بچەسپێنین‌و بوونی خۆمان لە جیهاندا بەهێزو کاریگەر بکەین .**

سووربوونێکی هۆشیارانەش لەسەر سیاسەتی بێ‌لایەنی‌و هەوڵدان بو بێشخستنی‌و پتر کاریگەرکردنی لە کاروباری نێودەوڵەتیدا ، یەکێکە لە کارە بنەڕەتیەکانی بەرژەوەندی‌و رنبازی نەتەوەییمان .

سیاسەتی بێ‌لایەنی هەڵبژاردوی ، ئەو وڵاتە سەربەخۆیانەیە کە جاویان لە بێشکەوتن‌و بنیاتنانی بەیوەندیەکی نێ دووڵەتانەی لەسەر بنچینەی ئازادی‌و یەکسانی‌و دادبەروەری بنیاتراوو ئەو عەرەبانەی کە دەورنکی بنەڕەتیان لە بنیاتنانی ئەم سیاسەتەو داگۆکی کردنی هەبوە ، دەبێ واز لە هەڵوێستی شلو شێواوی‌و پاڕایی‌بێنن‌و دەوری بێشڕەوانەی خویان تێیدا بنینەوەدەست هەروەها ، یەکێك لەو کارەبنەڕەتیانەی کە حزب‌و شۆڕش دووباتیان کردوتەوە ئەوەیە کە دەبێ ئەو دۆستانەی کە لە گەلێ رووی تێکۆشان‌و بەرژەوەندیماندا لە باڵماندا دەوەستن‌و

Institut kurde de Paris

هێڵە سەرەکیەکانی سیاسەتی پیشەسازی لەعیراقی شۆڕشدا

ئامادەکردنی پێویستی یەکانی (التکامل) ، پیشەسازی عەرەب : مەبەستیکی بنەڕەتی سیاسەتی پیشەسازی یە لە عیراقداو تاقیکردنەوەیەکە کە شایانی بیرکردنەوەیە لەجێبەجێکردنی نەخشەی پیشەسازی تێیدا .

لە گەرمەی ئاهەنگ گێڕانی گەلەکەمان بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزدە ، ڕۆژنامەی هاوکاری لایەکی تاقیکردنەوەی عیراق لە گەرتی پیشەسازیدا ئەخاتەڕوو. ئەمەش لەڕێی خستنەڕووی دەرکەوتوترینی ئەو سیمایانەی کە بە تۆڕەی نەخشەی شۆڕش لەگەرتی پیشەسازیدابەجێهێنراون ، لە شۆڕشی حەمدەی تەموزی سالی١٩٦٨وەو بە درێژایی ساڵەکانی دوایی، تا دوای هاتنی کارکردن لەبەجێهێنانی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ساڵانی ١٩٧٧ ـ ١٩٨٠وە پێیەوە دیاربوو ..

ئاسۆی نەتەوەیی نەخشەی پیشەسازی لەعیراقدا :

● دەرکەوتوترین سیما کە نەخشەی شۆڕش لە بواری پیشەسازیدا پێیەوە دیاربوو ، پشت بەستنی بوو بە تێڕوانینێکی نەتەوەیی ، شۆڕش بایەخی ئونجاندنی پیشەسازی لە ئاوان وڵاتە عەرەبەکاندا هەلسەنگاندو ئەو نەخشەیەی کە لەئو عیراقدا بەجێنەهێنرێ بە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی لە قەلەمدا .

شۆڕش بڕوایوایە لەوانەیە ئەو کونجاندنە شێوەی فرە جەشن بگرێتەبەر ، چ لەڕێی ئونجانی دووقۆلی نێوان دوو وڵاتی عەرەبی یەوە ، یاخود لە نێوان ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبدا ، لەو ماوەیەدا ستراتیژی پەرەپێدانی پیشەسازی لە عیراقدا ، ئوبالێکی کەورە نەخاتە نەستۆی کۆمپانیایە ناوکۆیەکانی پیشەسازی کانزایی و پتروکیمیاوی و ئەندازیاری ، کارنەکەن ..

ساڵانی دوای شۆڕش چالاکی زۆری لەلایەن ئەو لایانەوە بەخۆیەوە دی کە لە وڵاتدا بەر رسیاری کەرتی پیشەسازین ، بێ ئەوەی ئەو بۆچوونانە بینە راستیەکی بەرچاو .. ئەو چالاکیانەش بوونە هۆیەی دامەزراندنی ژمارەیەك کۆمپانیای پیشەسازی عەرەبی و یەکێتی پیشەسازی پسپۆڕانە کە عیراق پێشڕەوی بە قەنگەوەبوونی دامەزراندنیانەوەبوو .

سەرکردایەتی بۆ کەرتی پیشەسازی سۆشیالیستی یە

● ئەو سیاسەتەی شۆڕش لە کەرتی پیشەسازیدا بەجێی ئەهێنێ ، هەلوێستێکی ڕوونی بەرامبەر سۆشیالیستی هەبوو. ئەو نەخشەیەی بەجێی ئەهێنرێ بڕوای بەوەیە کە کەرتی سۆشیالیستی پێشەواو سەرکردەی کرداری پیشەسازی یە ، چونکە مولکایەتی دەولەت بنچینەی مادی ڕاپەڕاندنی ئۆپانکاری یە بەرەو سۆشیالیستی و لەدواییدا کەیاندنی سوودی پەرەپێدانی پیشەسازی بەجەماوەران ..

شۆڕش توانی هەنگاوێکی ئەوردو بنەبڕ بۆسەلماندنی ئەو دورە بنێ ، لەڕێی جێبەجێکردنی پرۆژەی پیشەسازی ئەورەو نوێو لەڕێی ئەو بەرفراوانکردنە ئەورەیەشەوە کە لە کارئەکانداکران . پەیوەندی لەنێوان کەرەسەی خاوو کەرەسەی دروستکراودا :

● شۆڕش لەبەرنامەو چالاکی یە ئۆرەکانیدا ، مەبەسی پەرەپێدانی سەرچاوە سروشتیەکان و سەرژمێریەکی وردو سوود لێوەرگرتنیان بوو، ئەمەش بەدەرهێنان و ناردنیان بۆ دەرەوە بەشێوەیەکی خاو یاخود دروستکراو .

ستراتیژیەتی بزوتنەوە لەو بوارەدا ، بەمەبەسی دیاری کردنی باشترین پەیوەندی یە ، لە نێوان قەبارەی دەرهێنراوو قەبارەی دروستکراو لەو سەرچاوانە ، لەگەل قەبارەی ئەو کەرەسە خاوە عەمبار کراوەی لەدەستدایەو دابەش کردنی ئەو قەبارەیەش لەنێوان ئەوەکانی ئێستاو داهاتوودا ، هەروەها دیاری کردنی سروشتی پێویستی ئێستاو باشە ڕۆژی جیهانو پەرەسەندنی بەکارهێنانی ئەوشتانەی لەبری ئەو بەکارئەهێنرێن و لەدەستدان ، لەگەل جۆرلانەوە بەرەو گۆڕینی ئەو کەرەسانە بۆ کەلوپەلی پیشەسازی و ئونجی و کۆتایی .

ستراتیژیەت بۆ شت نارد نە دەرەوە

● ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە نەخشەکیشانی پیشەسازیەوە لە عیراقدا هەیە یەکەری ئیستەی پیشەسازی یان وادەبەرچاو کە ، پشت بەو پیشەسازیانە نەبەستن کە بەکارئەهێنرێن لەبری ئەوەی لە دەرەوەبهێنرێن، لەبەر ئەوە بەلایانەوە وایە کە قۆناغی داهاتوو دۆخێکی ستراتیژی وامەسەبێنێ کە بیرەمایەی ناردنەدەرەوەی کەلوپەلی پیشەسازی .. ئەو ڕێبازەش ، بەڕاستی ڕەخساندنی باشترین دۆخی لەبری ئێوەدێ ، بەو ئەوەی لەبەشی دابەشکراوی کاری دەوەنەتاندا کە لەسەر بنەڕەتی شارەزایی دامەزراوە ، بچێتە ئەو بوارەوە .

ئەو لایانەی نەخشەکێشانی پیشەسازیان لە ئەستۆدایە ، باوەڕیان وایە کە پێوانەی سەرەکی (پیشەسازی بە ناردنەدەرەوە) ئەبێ خۆی بخاتە سەر ئەو پیشەسازیانەی دەورەی بەرهەمهێنانیان لەناو وڵاتدا تەواو ئەکەن ، هەر لە کەرەسەی خاوەوە تا ئەتاتە کەلوپەلی ئامادەکراو .. بەمانایەکی تر ئەو شتانەی لەبەرهەمهێنانیاندا بەکار ئەهێنرێ لە وڵاتدا دەستئەکەون ، وەك ئەو پیشەسازیانەی کە بەتەواوی پشت بە کەرەسەی خاوی ناوخۆو وزەو ئیش کردن ئەبەستن . ئینتر لەو بۆچوونەوە ئەو لایانە بڕوایان وایە کە ئەو پیشەسازیانە ..

بۆ ناردنە دەرەوە دەستئەدەن ، پیشەسازی لە ئەوت دروستکراوو پیشەسازیە کیمیاویەکانو پتروکیمیاوی و ئاسن و پولاو هەندێ بەرهەمی ڕێسو چنین و پیشەسازی خواردەمەنی دروست کردن .

سەرکردایەتی شۆڕش لە هەمان بوارو لە بڕوای خۆیەوە هەنگاو هەلئەنێ بەوەی ئەو دینامیکیەتی پەرەسەندنی پیشەسازی ، لە هەلبژاردنی ئەو پیشەسازیانەدا بەشێوەیەکی کەلێ دیار دەرئەکەوێ کە پەیوەندی یەکی فراوان بە پێشەوەو بە دواوە دروستئەکاو بەپەلە تەکان بە تێکڕای کرداری پیشەسازی یەوە ئەنێ بەرەو پێشەوە ..

گرنگترینی ئەو پیشەسازیانە ، پیشەسازی کانزایی و ئەندازیاری و کارەبای و پیشەسازی کیمیاوی و ئاسن و پولاو هەندێ بەرهەمی ڕێسو چنین و پیشەسازی خواردەمەنی ئەوەی کە ئەوەی کە ئەتوانرێ بە شێوەیەکی ئاشکرا بایەخ بەو پیشەسازیە گرنگانە ئەدرێت ..

زانیاری و پیشەسازی و کادیری هونەری :

● شۆڕش تەقەلا ئەدا پێشکەوتنی پیشەسازی لەسەر بنچینەیەکی تەکنۆلۆژی پەرەسەندوو بچەسپێنێ ، ئەو لایانەی نەخشەکێشانو ڕاپەڕاندنیان لە عیراقدا لە ئەستۆدایە ، لەسەر فیکرەیەك سوورن ، بریتی یە لەوەی کە پێویستە ستراتیژی پەرەسەندنی پیشەسازی بایەخ بدا بە ڕەخساندنی بارو ئامرازو سیاسەتو دەزگای پێویست بۆ هەڵبژاردنی تەکنۆلۆژیای نوێ کە لەگەل باری وڵاتدا بگونجێو توانای پەرەسەندنو ئۆرینی ئەو تەکنۆلۆژیایەی بایەخ بەو پیشەسازیە هەبێ کە وایلێبکا زیاتر سوودی ئابوری لێدەست بکەوێ ..

گەیشتن بەو مەبەستە پەیوەندی یەکی توندوتۆلی بە مەسەلەی پەیداکردنی کادیری هونەری و بەهەڵبژاردنی ئەو پیشەسازیانەوە هەیە کە پەیوەندی یەکی خەست یاخود ئیسکەڵەتێکی زۆریان تێدایە..

لەمەش لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی (بەرنامەی ڕەتۆهێنان ، نەخشەکێشانی پێنج ساڵانە) کە بەجێ هێنراونو ئێستا بەجێ ئەهێنرێن دووباتەی لەسەر ئەکرێتەوە .

دەزگا پیشەسازیەکانی هەمو لایەکی وڵات :

ڕێڕەوی بەجێهێنراو لە کەرتی پیشەسازیدا ، باوەڕی دابەشکردنی دەزگا پیشەسازیەکانی بەسەر هەموو پارێزگاکانی عراقدا ڕەچاوکرد ، بریتەوەی لە هەندێ ناوچەی دیاریکراودا کۆیان بکاتەوە .

شۆڕش دابەش کردنی ئاقلانەی دەزگا پیشەسازیەکانی لە هەموو لایەکی وڵاتدا ، بەو فرمانە ستراتیژی و بنچینەیی یانە لەقەلەمدا کە نەخشەکەی پێدەرکەوت.. لاکانی نەخشەکێشان خەملاندنێکی ڕاست و دروستی ئەو شوێنەوارە ڕاستەوخۆیەیان کرد کەکرداری پەرەپێدانی پیشەسازی لە خێراکردنی تێکڕای پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا بەجێئەهێلێ کە کرداری ئەو پەرەپێدانەیان تێدا بەجێ ئەهێنرێ .

ئەو لایانە ئەنجامی پەرەسەندنی پیشەسازیان لەسەر ئەو مەلبەندە سروشتیەی دەوری ناوچە پیشەسازیەکانی داوە ، لەگەل پاراستنی مرۆڤ و داهاتە سروشتیەکانو بەهاجوانکاری و شارستانی و مێژویی یەکان لە هەموو زیانێك کەلەوانە بێیان بکا ، بەبەر چاوە وەگرتوە .. لەبەرئەوە هەموو ئەمانە بونەتە ئەو هۆیانەی بزوتنەوەی ئەو لایانە لە کاتی دابەشکردنی دەزگا پیشەسازیەکان لەو ناوچانەدا دیاری ئەکەن کە لە تێڕوانینێکی ستراتیژی یەوە هەڵیان ئەبژێرن .

بۆچوونی ڕاپۆرتی سیاسی :

● ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، ئەو ئەرکە بنەڕەتیانەی دیاری کرد ، کە شۆڕش لەکەرتی پیشەسازیدا بە تەواوکردنی ئەو پرۆژە پیشەسازیانە ڕووبەڕوویان بۆوە کە لە ساڵانی پێش شۆڕشدا دەستیان درا بویەو تەواوبونیان ساڵانێکی زۆر دواکەوتبو، هەروەها بەجێهێنانی ئەو پرۆژانەش کە پێشتر پەیمانیان لە سەردرابوو کە چی هەنگاوی ڕاست بۆ دامەززاندنیان لە ڕابوردوودا ئەنرابوو ، لەئەل فراوانکردنی کارئا دامەزراوەکانو ئیش پێکردنیان بە وزەیەکی بالاترو چوونە ناو مەیدانی پیشەسازی نوێو دانانی پەیکەری بەرپێوەبەرایەتیو ڕێکخستن بەجەشنێکی وا کە لەئەل فراوانی ئەو کەرتەو ئەرکە نوێکانیدا بگونجێو لا بەرپێژەبەریو تەکنیکەکانیشی تێیدا پەرەپێبدرێ چاودێریکردنی حیزب بەسەر ئەوکەرتەو ناراستەکردنیشی مسۆگەربکرێو بەشداری کردنی چینی کرێکاریش لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانو تە چارەکردنی تیرو ئرفتەکانی ئیش کردندا زامنبکرێو پەرەی پێبدرێو بەپێی پێداویستەکانی بەرەپێدان لە وڵاتدا هانی سەرمایەی نیشتمانی بۆ ئەو بوارەبدرێ ..

ستراتیژ لەبواری بە جێهێنانداد :

● لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەبەر چاو کرتنانەوە ، وە لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو دەسکەوتانەش کە لەلایەن لاکانی نەخشەکێشانو بەجێهێنانیان ، لە کەرتی پیشەسازیدا بەدیهێنراون ، سەرکردایەتی شۆڕشی حەمدەی تەموز دەستی کرد بە وێنەکێشانی پێداویستو ئامانجەکانی سیاسەتی پیشەسازی لە عیراقدا ، ئامانجە بنەڕەتیەکانی ئەو سیاسەتەش لە هێڵەکانی بەرنامەی ڕەتۆهێناندا لە نەخشەی پێنج ساڵەی پێشودا کەشەیان سەندە، بەتایبەتی لە نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ساڵانی ١٩٧٧ ـ ١٩٨٠ دا .

بەرهەمداریەتی کاروبڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسی :

● سەرکردایەتی شۆڕش گەلێ وزەو توانای گردکردەوەو پارەیەکی زۆریشی بۆ ڕەخساندن ، ئاوەکو دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ دروستبێ کە زامنی هێنانەدی هەموو ئەو ئامانجە ستراتیژیانە بکات کە لە بواری پەرەپێدانی پیشەسازیدا دانراون ..

سەرکردایەتی شۆڕش چاودێری هەموو ئەو هەنگاوانەی ئەکرد کە ئەگرانە بەرونەی نرخاندن ، لەگەل ئەو دەستکەوتانەش کە ئەهێنرانەدی ، لەو مانگانەی دواییدا سەرکردایەتی شۆڕش هەولی خۆی ئواستەوە بۆ قۆناغێکی تر، کە بە تایبەتی بە مەبەستی چارەکردنی ئەو ناڕێکیو ناتەواویانەبوو لەکەل کرداری پیشەسازیدا هاتوە ، ئەمەش لەڕێی دووبات کردنەوەی چارەسەرکردنی نزمبوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان ، بە پەرەپێدانی ئەو هۆیانەی ئەمە بەجێئەهێنن (کرێکارو مەکینەو دۆخی ئیشکردن) . هەلوێستی شۆڕش بە شێوەیەکی ئاشکرا لەو مەسەلەیەدا ، بە هۆی کۆڕە تایبەتیەکانی چارەکردنی نزمبوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنان یەکلابۆوە، ئەو کۆڕانەی کە بە ئاستەوەیەکی نوێو گرنگ بەرەو قۆناغێکی بالاتر لەمەیدانی دامەزراندنی پیشەسازی و گەشەسەندنی ئابوری لەقەلەمدران ..

ئەو کۆڕانە پەردەیان لە ڕووی ئەلێ لەو کەموکوڕیانە هەلمالی کە لەئەل ڕێڕەوی بەجێهێنانو ئەشەسەندندا ملی ڕێگەیان گرتبو ، ئەوەش پاڵی بەسەرکردایەتی سیاسیەوە نا نەخشەیەکی ئاشکراو هەلێنجراو لەو ڕاستیانەی لە کۆڕە ناوبراوەکاندا خرانەڕوو بۆ ئامادەکردنی پێداویستەکانی ڕاپەڕینی ئابوریو پیشەسازیو بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەمی تاقەکەسو کۆمەل ، لەڕێی ژمارەیەك کاروکرداری خێراو بەرنامەدارەوە بۆ خزمەتی نیشتمانو ئابوری نیشتمانیو ئەواوکردنی پیشەسازیو ئابوری دابێ .

سەرهەڵدانی شۆڕشی کشت سازی لەگەڵ شۆڕشی ١٧ی تەموزدا

بێگومان حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی ئەیەوێ لەپەنای ڕاهێنانێکی بنەڕەتی چاککردنی کشتوکاڵەوە شۆڕشێکی کشت سازی لەوڵاتدا بەرپاکاتو واقیعی دواکەوتەی دێهات لەبارەیاتو جۆرێکی پێشکەوتو لەبەرهەمی کشت سازیدا ڕەپێش بکات .

دوای ئەوەی حیزب لە ئەنجامی شۆڕشی مەزنی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ هاتەکایە ، بەشێوەیەکی پراکتیکی خەریکی ڕاهێنانی فەلسەفەکەی خۆی بوو لەبارەی کەرتی کشتوکاڵ وە

لە ٢٠ مایسی ١٩٦٩دا ، دەسەلاتداری شۆڕشگێڕ گەلێ تەعدیلاتی بنەڕەتی لەز و کۆنە قانونی چاککردنی کشتوکاڵ هێنایەکایەوە ، ئەو قانونەی کە لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٥٨ دا دەرچوبوو .

سەرباری ئەوەی قانونی ژمارە ـ٣٠ـ ساڵی ٥٨ یەکێکە لەدەسکەوتە دیارەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموز ، لە پێناوی ڕزگارکردنی دێهات لەبارە ناهەموارەکەی ، بەڵام گەلێ هەلەو کەموکوڕی تێدابوو ، لەبەر سروشتی دەسەلاتداری سیاسی ئەوساو بیری چینایەتی یاسادانەرەکە .. چونکە بۆ ڕژوا ئەیزانی گەرمەسەلەی کشتوکاڵ چارەسەربکاو سنوری بۆ مولکداری کشت ساز دابنێ ، ئەتوانێ بەکەیفی خۆی دەسگیری بکات بەپێچەوانەی گۆشەسەرنجی سۆشیالیستانە ، کەئەیەوێ هەمو جۆرە پەیوەندیەکانی بەرهەمو چەوساندنەوە بنەبڕبکات و جۆرە پەیوەندیەکی سۆشیالیستانەو لەخێروخۆشی جوتیاران بێنێتەکایە .

قانونی ژمارە ٣٠ ڕادەی باڵای مولکداریەتی کشتوکاڵی بریاردا بێ ئەوەی گوێ بداتە شوێنی زەوی و بوونی ناوو جۆری ئەو داهاتەی لەو زەویدا ئەچێندرێ . هەروا یەکێ لەو هەلانەی کەبۆساندنەرنێی ئەوتبوو : ئەو بڕیارەبوو ... دەربەی مولکداریەتی دابوو بەکەیفی خۆیان ئەو زەوی یەی کە بۆیان ئەرخان کراوە هەلی بژێرن .. ئەوەبو بەپێتترین زەوی کەوتە بەر ئەوان .. هەروا ئەو مولکدارانەی کە زەویان لێکەم کرایەوە بە جۆرێکی زۆر نایاب پاڕەیان بۆ بژێردرا .

مولکداری تاکەکەسی هۆیەکانی بەرهەمهێنان

ئەو قانونە مافی مولکداریەتی تاکەسی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی قووڵترکرد ، ئەمیش لەڕێگای دابەشکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی بەشێوەیەکی تاکڕەوانە ، کە لەئەنجاما گەلێ گرفتی لەنێو جوتیارەکاندا سازاند ، لەبەر دابەشکردنی ئاوو داروخانی خێروبێری زەوی و زۆربونی شوێرەکات ، کە لەئەنجاما بوەمایەی نزمبونی ڕادەی باشەکەوتی جوتیاران .

پیلانگێڕان لەسەر قانونەکە بەر لە شۆڕش

سەرباری ئەم هەمو کەموکوڕیەش کە لەقانونەکەدا هەبو حکومەتی ئەوساو لە ئەنجامی پیودانگی چینایەتی خۆیەوە ، دەرفەتی ڕاهێنانی قانونەکەی ئەدانا بەلکوکەوتە پیلانانەوەبۆ بۆ شکردنی ئەو قانونە لەناوەـ ڕۆکی پێشکەوتو خوازانە ، ئەمەیش دوای ئەو هەمو تەعدیلاتەی کەبۆ خزمەتی مولکدارەکان لەنێو قانونەکەدا سازاندی ، هەروا جوتیارانی لە خۆرئکخستن قەدەغەکردو هەندی ڕنکخراوی پیشەیی سەربەحکومەتی خوێناند . ئەوەبو قانونەکە جێبەجێنەکرا هەر چەندیش مادەی چوارەمی بریاری دابو کە بەپێنج ساڵ دەس بەسەر زەویەکەیاندا بگیرێ ، هەروا مادەی (٢٥)یش بریاری دابو کەبەهەمان ماوەزەوی دابەش بکرێت .. ئەوەبو ماوەکەی کرد بە (١٠) ساڵ سەرەڕای ئەوەش هەر زەویەکان دەسگیرودابەش نەکران ، تا قانونی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ دەرچوو کۆنەقانونەکەی خستەلاوە .

شۆڕش سنوری بۆ ناکۆکیەکان دانا

شۆڕشی ١٧ تەموزی نەتەوەیی و پێشکەوتوخواز ، دێهاتێکی دواکەوتەی بەمیراتبۆ مابوەوە ، ئەوەبو هەر لە یەکەم ڕۆژی یەوەوەکو کەرتێکی گرنگ سەیری ئەکردو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتیو شۆڕشگێڕانەی بۆ ئەدا .. شۆڕشی ١٧ی تەموز سودکی زۆری لەکۆنە یاساکان وەرگرتو بەوردی لێی کۆڵیەوەتاتی کەویستی چەند قانونێك دەربکاتو مەسەلەی زەوی بەشێوەیەکی سۆشیالیستانەو پێشکەوتوخوازانە چارەسەر بکات .

شۆڕش توانی سنوری بۆ ناکۆکیەکانی نێوان جوتیارو مولکداری زەوی دابنێ، ئەمیش بەدەرکردنی قانونی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ وقانونی ژمارە (٦٦) و (٦٧) لەهەر دوشاری ذیقارو میسانداا لە پێناوی دانانی سنوری بۆ هەلسوکەوتو چەوساندنەوەی سەرکارەکانو دابین کردنی مافی جوتیاراندا .

قانونی ژمارە(١١٧) قۆناغێکی پێشکەوتوی ئارەزوەکانی شۆڕشە لەپێناوی بەرپاکردنی شۆڕشێکی پێشەوەتی و باش لە کشتوکاڵا ، خۆی لەخۆیداوەرچەرخانێکی چەشنەکی یە لەودەرفەتەدا ، چونکە بەشێوەیەکی تێکرایی لە مەسەلەکەی کۆڵیوەتەوە .. هەروا قانونی ژمارە (٩٠)ی تایبەت بەسنوردانانی مولکداریتی کشت سازی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی ، شۆڕشێکی تری شۆڕش بوو لەم بوارەدا .

هیچ بژاردنێك بۆ دەرەبەگ نیە

هەر وەکو چۆن قانونەکە هیچ جۆرە بژاردنێکی بۆ دەرەبەگ نەبژارد ، ئاوایش بەبێ هیچ بەدەلیلێك زەوی بەسەر جوتیاران دابەش کرد .. دابەشکردنەکە بەشێوەیەکی تێکرایی بوو ، مەبەستیش بەڕفراوانکردنی توانای کەرتی سوشیالیستی بوو ، کە لەئەنجاما پەیوەندی نێوان جوتیار ومولکدارەکانی بەدەری قانونەکەی ڕێکخست .. لێرەدا ئەتوانین لایەنە بنجیەکانی ئەو قانونە لەهەندێ بەندیدا وادەس نیشان بکەین :

★ سنوردانانی باڵاونزم بۆ مولکدارێتی دەرەبەگەکان ، هەروا جوتیارەکان .

★ دەس کردن بەکاری دەس بەسەراگرتن ودابەش کردنو دانانی پلانێکی وەختەکی بۆ زوو بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە .. ئەوەبوو بەماوەیەکی کورتو لەسێ ساڵاندا جێبەجێکرا .

★ مۆرکی تێکرایی دابەشکردنو دامەزراندنی کۆشین وەردو شین وەردی دەولەتو هەرەوەزی کشت سازی .

★ لابردنی قانونی تەختکردنی مافی زەوی وزاری ژمارە(٢٩)ی ساڵی ١٩٣٨و هەمو بەندو تەعدیلاتەکانی ، کە لەوەختی خۆی ئیمپریالیزم لەپێناوی دەسەلاتی دەرەبەگاندا سازاندبووی .

★ لابردنی مافی هەلبژاردن بۆ نزیکەکان سەبارەت بەزەوی وزارو هەڵبژاردنو هەروا لابردنی بەدەلی زەوی دابەشکراوی سەرجوتیاران لەنێو قانونەکەدا .

★ جێگیرکردنی مافی چینەرانی زەوی و دەرەخۆو ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مولکدارو چینەروجوتیاردا .

★ بایەخدان بەهەرەوەزی کشت سازی و کۆشین وەرد .

★ ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ کەبەپێی یاسای ژمارە (١١٦)ی ساڵی ١٩٧٠ دەرچوە

Institut kurde de Paris

پاشماوەی : دەقی وەتارەکەی سەرۆك

ئەوانەی کە .. بە ڕوونی ـ لە ڕاڵ حەق‌و عەدالەتدا ناوەستن لە مل‌ملانیماندا دژی سەهیۆنەتی داگیرکەرداوو ئەو دەوەتانەی کە شان‌بەشانی دوژمنەکانمان دەوەستن لە یەك جیابکەینەوە .

تێکەڵکردن‌و لە یەك جیانەکردنەوەی ئەو لایەن یاخو دەوڵەتانەی کە پەنجەمان بۆ کێشان دەبێتە مایەی زیانێکی زۆر و ئەم کردنەوەی ڕێزی دەوڵەتان لێمان‌و لاوازکردنی هەڵوێستی ئەوانەی بشتگیریمان ئەکەن ... پێوانەی مەبدەئی لە سیاسەتی نزدەوڵەتاندا ڕابواردن نیە ، بەڵکو پێویستەکی بنچینەیە بۆ هەر ئەتەوەیەك کە دژی دەستدێژی و داگیرکردن ئەبکۆشێ .

ئەی هاوڵێتیان :

شۆڕشەکەتان لە کاتێکدا کەبێ ئەنێتە سالی دەیەمیەوە ، دڵنیایە لەوەی کە ڕێبازەکەی خۆی ڕێبازی ساغ‌وڕاستە وباشەڕۆژێش بەگەشاوەیی کەلەبەردەمیدا نەکرێتەوە ، وئەو نموونەیەی کە لێرە لەسەر خاکی عیراق پێشکەشی دەکەین ، تاقیکردنەوەیەك نیە کە تەنها بۆ خۆمان بێت ، بەڵکو نموونەیەکە بۆ هەمو ئەتەوەی عەرەب دەبێتە چرای ڕۆشنکەرەوە بۆی بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای ڕاست وبواری کاری بڕەزامەندی دەمدا والا دەکاتەوە .

عیراق کە حزبی ئەتەوەی عەرەب ، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست سەرکردایەتی شۆڕشی تیدا دەکات ، ئیستاو ئەوساش بنکەیەکی بە هێز بوە بۆ داکۆکیکردن لە مافو وشەرەفی ئەتەوەو بۆ لەئەستۆرتنی فرمانە ئەتەوەییە گەورەکانو پێشکەش‌کردنی بەخششی دئسۆزانە لە هەموو جوارنکدا کە ڕووی لەسەربەرزی‌و سەرفرازی وپێشکەوتنی ئەتەوەدایێت .

هاوڵاتیان ، لەقوڵای دڵەوە سلاوتان لێئەکەم‌و ناواتەخوازی سەرکەوتن‌و پیشکەوتنی زیاترتانم لە کارو تێکۆشانتانداو .. داواتان لێئەکەم کە بەردەوام بن لەسەر تێکۆشان‌و کاری بڕسوود لە هەموو مەیدانەکاندا بەرەو خزمەتی ئەڵ‌و نەتەوە ..

سلاو لە کرێکارو و جوتیارو سەربازو قوتابی‌و ئەندازیار وڕۆشنبیر و فەرمانبەر و هەموو هاوڵاتیان دەکەم لە کاری بەردەوامیاندا لە پێناوی بنیاتنانی عیراقێکی نوێدا . و لەپێناوی پاراستنی یەکیەتی و دەسکەوتەکانی گەل‌و شۆڕش لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها سلاولەو تێکۆشان‌و کردارەتان دەکەم کە پێیان خزمەتی ئەتەوەکەتان دەکەن‌و دەبی لە کاتێکدا کە بەری سەرکەوتن لێرە لەم وڵاتەدا دەچنین ، شەهیدەکانمان‌و هەموو ئەو شەهیدانەی کە قوربانیان دا لە پێناوی ئەوەی ئێمە بکەین بەو پێشکەوتن‌و سەرکەوتنەی کە بۆی کەشتوین ، لەپێناوی مەسەلەی گەورەی عەرەبدا سلاویان لێبێ ئەو شەهیدە باڵەوانانەی کە خزمەتی ئەتەوەی خۆیان کردوە و بەشداریان کردوە لە خۆش‌کردنی ڕێگای ئازادی‌و سەرکەوتن‌دا .

ئەی هاوڵاتیان ؛ جارێکی‌تر سلاوی تێکۆشانتان لێئەکەم‌و ناواتەخوازی سەرکەوتنم بۆ هەمو لایەکتان والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته .

پاشماوەی : لەژێر سەربەرشتی سەرکۆمار ووتی :

ئەگەر ڕۆژانی بەغدا لە میهرەجانەکەدا کراوەی وتکەل بەیەك بوونێکی ئەتەوەیی یانەی بەخۆیەوە دیبێ ، گومانی نی‌یە ئەو بەیەك گەیشتنەتان ئامۆژی هاوکاری کردن‌و ئاوێژ کردنی شارەزایی بەچەشنێك ئەتانەوە کە سوود بەلاوانی ئەو ئەتەوەیە بگەیەنێ .

لە ڕێگەی پەیوەندی مێژوویی وخەباتگێرانەوە ، لە ئێوان پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و لە ئێوان کۆمەڵانی لاواندا ، فەلسەفەیەك نشونەای کرد کە لە سەر تاقیکردنەوەی ئامادەکردنێکی ئەتەوەیی یانەی لاوان وپشت‌پێ بەستنیان وەك بنکەیەکی سەرەکی ئێکۆشان دامەزرابوو . مەسەلەی ڕەفتارکردن لە گەیانداو ڕێکخستنیشیان بووبوو بە مەسەلەیەك پەیوەندیی بەدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانی ئەتەوەیی‌یەوە هەبوو .

هەروەها بەڕێز جێگری سەرۆك ووتی :

ئەوەی بەغدای عەرەبایەتی‌و شۆڕش لە ڕۆژی ٢٧ ی ڕابردوودا بەخێرهاتنی دی ، بۆئەوەی لە کاتێکدا ئێمە پێشوازی ئەزیەم یادی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ ئەموز ئەکەین ، ئەو ڕۆژانەمان بکاتە ڕێکەوتێك وبەتەنگ مانەوەی ئەو گیانە ئەتەوەیی‌یەیەوەبین کە گیانی خەباتگێرانی لە دەرونی لاوانی عەرەبدا خرۆشاندو خۆئامادە کردنێکی تەواوی بۆ قوربانی‌دان لە پێناو ئامانجەکانی ئەتەوەی عەرەب ومەسەلە ڕەواکانیدا دووبات کردەوە ، کە ئەمەش بابەخێکی تایبەتی بەپڕیارەکانتان ئەگەیەنێ دەرفەتێکی فراوان بۆ بەشداری کردنی تەکاندان بە بزوتنەوەی لاوان لە نیشتمانی عەرەبیدا بەرەو ئەرکە ئەتەوەیی‌یەکان‌و کارکردن بۆ زۆرکردنی ئەو دەزگاو دەستانەی کەسانی شارەزاو هێزی خاوەن تاقیکردنەوەو بڕواو زانیاری بۆلاوان بەیدانەکا ئەرەخسێنێ، بۆ ئەوەی دەوری خۆیان لە بتەوکردنی پەیوەندیی برایانەی نێوان لاوانی عەرەب‌و توندوتۆڵ کردنی دۆستایەتی نێوان ئەوان‌و لاوانی جیهانی دۆستدا بگێڕن .

بابەهۆی لاوە هۆشمەندەو بەبڕواکانمانەوە ڕووبەڕووی بیمینەوەو بە مەچەکی ئەوبێشرەوەی پەیمانتاندراوە ئەمینداری بنیاتنانی بن لە پێناو پاشەڕۆژی ئەو ئەتەوەیەدا خەبات بەرنەسەر . برایانی خۆشەویست لە سەر خاکی بەشێکی نیشتمانەکەماندا ، بەخێرهاتنتان ئەکەم‌و هیوادارین لە کاروباری کۆنگرەی پێنجەمتاندا سەرکەوتوبن . دوای ئەوە بەڕێز ئەسعد الاسعد بارەتیدەری ئەمینداری گشتی‌ی ، زانکۆی عەرەب وتەبەکی داو تیا ڕێزلێنانی زانکۆی عەرەب وبەشداری کوانی کۆنگرەکەی بۆ سەرۆکی فەرماندەو هاوڕێ صدام حسین دەبری بۆ ئەو سەرکەوتنی کردنە نایابەی بۆ کۆنگرەکە ئارا .

ئامادەی

پاشماوەی : سەرۆکی فەرمانده سوپاسی ..

ڕیزی قوولی خۆی بۆ بەڕێزان سەرۆك‌و پاشاکان دەربڕیوەو هیوای ئەوەی خواستوە کە بەیوەندی نێوان عێراق‌و ئەم وڵاتانە باش‌تر بۆ بێشەوە بڕوات بەمەبەسی چاکەی بەرژەوەندی‌یە هاو کێی‌یەکان‌دا

ئەمەش ناوی هەندێك لەو زاتانەیەکە بڕووسکەیان ناردووە . سەرکردەکانی سۆڤیەت .. بەڕێز لیۆنید بریژنیف سکرتێری گشتی حزبی شیوعی ، سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت‌و بەڕێز ئەلکسی کوسیگن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت‌و .. سەرۆك محمد انور سادات سەرۆك کۆماری میسری عەرەبی‌و .. ئەنەرال سۆهارتۆ سەرۆك کۆماری ئەندەنۆسیاو .. سەرۆك فیلیس هوافین سەرۆك کۆماری ساحل العاج‌و .. سەرۆك فضل الهی جۆدری سەرۆك کۆماری پاکستانی ئیسلامی‌و .. بەڕێز عبدو لڕەحمان محمدعوسمان حاکمی گشتی‌ی مۆریشیۆس‌و خاوەن شکۆ محمد رضا پەهلەوی شاهەنشای ئێران‌و .. بەڕێز محمد حسنی مبارك جێگری سەرۆك کۆماری میسری عەرەبی‌و .. خاوەندشکۆ مەلیکە ئەلیزابیث مەلیکەی بەریتانیا .

هەروەها بەڕێز سەرۆك کۆمار بڕووسکەی پیرۆزبایی تری بۆئەنێرن لەم بارەیەوە لەم خزارەوە ..

سەرۆك کۆستاف هۆسیاك سەرۆك کۆماری چیکۆسلۆفاکیای سۆشیالیستی‌و .. سەرۆك کۆرت فۆرکلێر سەرۆکی سویسرای کۆنفیدراڵی‌و خاوەن‌شکۆ خوان کارلوس یەکەم پادشای ئسپانیا سەرۆك تیۆدۆر جیفکۆف سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەت لە کۆماری بولگاریاو .. خاوەن‌شکۆ شێخ خلیفە بن حمد ال ثانی میری دەوڵەتی قطرو .. سەرۆك نیکۆلای چاوچیسکۆ سەرۆك کۆماری ڕۆمانیای سۆشیالیست‌و سەرۆك حاجی لیشی سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی کۆماری ئەلبانیا .

هەروەها بەڕێز سەدام حسین بڕوسکەی پیرۆزبایی لە شێخ جابر الاحمد الصباح جێگری ئەمیر جێنشینی کوێت و بەڕێز جورجی لازار سەرۆك وەزیرانی کۆماری هەنغاریای گەل‌و شیخ سعد العبدالله السالم الصباح وەزیری ناوخۆی کوێت و بەڕێز محمد حسنی مبارك جێگری سەرۆك کۆماری میسری عەرەبی‌و .. ئەنجامدان .

پاشماوەی : وڵاتەکەمان ...

جەماوەرمان لەو ئاهەنگانەدا کە بەو بۆنەگەورەیەوەسازکرابوون پشتگیری خۆیان لە ڕێڕەوی شۆڕشە مەزنەکەمان دەربڕی لە پیناوی هێنانەدی ئامانجە نەتەوەییە گەورەکاندا .

لە جیاتی بەڕێز سەرۆك کۆمارو سەکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان مهیب احمد حسن البکر بەڕێز طە محیی‌الدین معروف جێگری سەرۆك‌و کۆمار بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە چەپکە گوڵێکی لەسەر پەیکەری سەربازی نەناسراو دانا بۆ ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی ئاهەنگگێرانی وڵات بەبۆنەی جەژنی شۆڕشە پیرۆزەکانی ١٤ و ١٧ ی تەموزەوە .

لە سەعاتی حەوت‌و نیودا کاتێك نوێنەری بەڕێز سەرۆك کۆمارو سەرکردەی گشتی هێزەچەکدارەکان گەیشتە شوێنی ئاهەنگگێرانەکەفەریق یەکەمی ڕوکن سەرۆك ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکان‌و بەڕێزان ابراهیم محمداسماعیل ئەمینداری پایتەخت‌و جمیل احمد العداد بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بەخێرهاتنیان کردو پاشان سلاوی کۆماری ئیدارو ئەمجار بەڕێز نوێنەری بەڕێز سەرۆك ئەرکانی گشتی سوپاشی لەگەڵدا بوو پاسەوانانی شەرەفیان پشکنی .

پاش خوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز بەڕێز طە محیی‌الدین معروف جێگری سەرۆك کۆمارو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی لەسەر بەیکەری سەربازی نەناسراو دانا .

لە دوای ئەوە بەڕێزان باوەڕپێکراوی دەستە دیپلۆماسیەکان‌و باوەڕپێکراوی باشبەندە عەسکەریەکان‌و سەرۆکی ئەنجومەنی شەرکەرە کۆنەکان چەند چەپکە گوڵیان لە سەر پەیکەری سەربازی نەناسراو دانا ئەمجار بەڕێز نوێنەری بەڕێز سەرۆك کۆمار تۆقەی لەگەڵ وەزیرە بەرێزەکان‌و بەڕێزان سەرۆکانی دەستە دیپلۆماسیەکان‌و نەکرد کە هێزی کەلەکەبار کرد . پاش گوڵدان سلاوی کۆماری ئیدراو بەڕێز نوێنەری بەڕێز سەرۆك تەواوبوونی ڕێکۆشتنی ئەبکە کۆمار شوێنی ئاهەنگگێرانەکە کەی بەجێهێشت‌و لەلایەن بەشدارانەوە بەڕێکرا .

لەو ئاهەنگەدا ژمارەیەك لە وەزیرە بەرێزەکان‌و سەرۆکانی دەستە دیپلۆماسیەکان‌و باشبەندە سەربازیەکان‌و ئەفسەرە گەورەکانی هێزی‌چەکدار ئامادە بوون .

پاشماوەی : سەرهەڵدانی

بێی‌بەسەرچاوەی بنەڕەتی لەبڕیارەکان‌دا ، یانەو لایەنەی کە ئەنجومەن بڕیاری لەسەر ئەدا ودەسەلاتێکی مەعنەوی‌و سەربەخۆی هەیە کە ئەبێتە مایەی چارەسەرکردنی کارو بارەکان‌و لادانی کرفتەکان ، کە لە ڕۆژانی کۆنا هەڵئەخرا ، چونکە لایەنی‌نا بەپێر خەریکی‌بوو .

★ سەڵماندنی دەوری یەکێتی جوتیاران لەپەرەپیدانی کشت‌وکاڵ ، ئەمیش لەپەنای بەشداری‌کردنی ڕاست‌وکاڕیگەرانەی لەمەسەلەی ئەخشەو چاودێری‌و بەشداری‌کردنی قانونی .. چونکە کومەڵەی جوتیارەکان لە ئەنجومەنی باڵای‌کشت‌سازی‌دا ئەندامە ؟ هەروا مادەی (٣٣)ی قانونەکە بڕیاری‌داوەلەسەر دامەزراندنی لیژنەیەك لەهەر کەرتێکی ئیداری‌دا، بەشێوەیی نوێنەری جوتیارانی تیدا بێی بەئەندام‌و چاودێری کاروبارەکان بکا . ئائەلێرەوە دەوری کۆمەڵەی جوتیاران لەنێو قانونەکەدا ئەبنیرێ ، ئەمیش بەبەشداری کردنی لەبیناداناتی دیهات لەسەر بنچینەیەکی پێش‌کەوتوانە .

چاککردنی کشتوکاڵ لە بەرنامەی کاری نیشتمانیدا

بەرنامەی نیشتمانی دوباتی مەسەلەی کشت‌سازی‌کردوە، چونکە بەبەشێکی هەرەگرینگی ئابوری نیشتمانی ئەژمێردرێ، لەم بارەیەوە لەخواستی‌شۆڕش ئەدوێ‌و ئەڵێ :

« شۆڕش ئەرکی مەسئولیەتی بەرباکردنی گۆڕانێکی شۆڕشگێرانەی لە هەموبنچ‌و پەیوەندی‌یە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕوشنبیری‌ی ، لەپێناوی بزوتنەوەی ڕزگاری بەخش‌و پێشکەوتن خستۆتە سەرشانی خۆی .. دیهات‌و کەرتی کشت‌وکاڵ لەسەروی هەمو کەرتەکانەوە دێن ، کە پێداویستیەکی زۆری بەگۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە ، چونکە لە نێو بارودۆخێکی بەکجار دواکەوتەوناهەموارا ئەژێت ، لە کاتێکا خۆی گەورەترین کەرتی ئەم میللەتەیە » .

شۆڕشێکی تێکڕایی

دیهاتی وڵاتی ئێمە پێویستی بە شۆڕشێکی تێکڕایی هەیە ، تاکو هەمو پەیوەندیەکانی عەشیرەتگەری‌و تایفەگەری‌و هەموو جۆرە بەهایەکی بۆکەن باکۆدات ، کە لەئەنجامی سەدەکانی بەندایەتی‌و ڕزێمی دەرەبەگایەتی جەوسێنەر ماوەتەوە.. چاککردنی بنەڕەتی کشت‌وکاڵیش کە شۆڕش لە دیهاتا ڕایهێناوە سەرەتایە کە بۆ شۆڕشێکی کشت‌سازی تێکڕا ، کە دیهات لەبارو دۆخە نامەمواریەکەی ڕانەپسکێنێ .. چاککردنی کشت‌وکاڵیش لەپێناوی گەیشتن بەشۆڕشێکی کشتوکاڵی ، پێویستیەکی زۆری بەپاکۆدانی دەرەبەگایەتی‌و بە دابەشکردنی زەوی‌یەسەر جوتیاران‌و بەدەس‌خستنی تۆو بەین وقەرز هەیە بۆ جوتیاران ، سەرباری تەواوکردنی پرۆژەکانی ئاودێری‌و داشۆڕگەگەورەکان‌و بەبەکارهێنانی ئامێرو پەینی چاندن‌و خۆبەندکردن بە گەشەپێکردنی شاقولی لەکشت‌وکاڵدا ئەمیش بەبەکارهێنانی ئامێرو پەینی پاکراوو بەرنامە دانان بەدەسگیرکردن‌و گەیاندنە بازاڕ . هەروا پێویستیەکی زۆری بەبڵاوکردنەوەی وریاکردنەوەو هەڵخستنی باری مەترباڵی بۆ ڕاگرتنی کۆچکردنی جوتیاران لە گوندەوە بۆ شار، سەرباری هاندانی جوتیاران بۆ گەڕانەوە بۆ نێو دیهات لەپێناوی پێویستیەکانی گەشەکردن‌و پێشخستنی دیهات .. هەروا قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لەنێو جوتیاران‌و کردنی دەرسی کشت‌سازی لەخوێندناو زۆرکردنی قوتابخانەو ئامۆژگای کشت‌سازی‌و دامەزراندنی ئامۆژگاو موختەبەرانی پێژر لەزانستەکانی کشتوکاڵدا .

« سەرکردایەتی شۆڕشی ئەموز توانیویەتی لەم ئۆسانەدا پشتی دەرەبەگ بشکێنێ‌و کە لەلای بکات ، وای لێبکا بەناچاری لەسەر پاشماوەی پەیوەندیە عەشیرەتگەری‌و خانەوادەیی‌و بەهاگەندەکۆمەڵایەتیە گەندەڵەکان بژیت .

لەژێر سایەی شۆڕش‌و سەرکردایەتی حزب‌و ڕاهێنانی چاکردنی کشت‌وکاڵدا ، کاری دیموکراتیانە پەرەی سەندوەو بەر فراوانتربوە لەدێهاتی عیراقدا .. جوتیارانیش لەژێانی سیاسیانەی ئەم وڵاتەدا بەشداری ئەکەن‌و ئێستا کۆمەڵەی جوتیاران دەورێکی سیاسیانەو ئابوریانەی دیاری هەیە لەهەڵخستنی گەلێ ڕێبازی تازەی بەرهەمدا.

پاشماوەی : سەرۆکی فەرمانده چاودێری ..

سۆشیالیستی‌دا .

لەپاشا قوتابیەکی عەرەب لەجیاتی هاوڕێیانی خۆی لەدەورەکەدا وتارێکی خوێندەوەو بەوپەڕی ڕێزەوە پیرۆزبایی لەسەرۆکی فەرمانده احمدحسن‌البکرو بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش فەریق اول‌روکن صدام حسینی کرد .

لەپاشا دەستوری تەسلیم‌کردنی ئاڵای کۆلێج لەدەوری دەرچوو بۆدەورەی پێشوو دەس پێکرا .. ئینجا بەرتوەبەری دایەرەی قانونی لەوەزارەتی بەرگری سوێندی بەدەرچوان خوارد . لەپاشا بەڕێز بەرتوەبەری کاروباری ئەفسەران فەرمایشی کۆماری تایبەتی خوێندەوە ، کەمیش بە دانی پلەی مولازم بۆ قوتابیانی دەورەی دەرچوو .

لەپاشا بەڕێز سەرکۆمارو سەرلەشکری هێزی‌چەکدار مهیب احمد حسن البکر خەڵاتەکانی بەسەر ئیهاتوانی دەورەکە دابەش کرد .. ئینجا بەسلاوی کۆماری ئاهەنگەکە کۆتایی‌هات‌و لەپاشا سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر لەسەعات دەی بەیانی کۆلێجەکەی لەگەڵ ڕێزلێنان‌و شان‌وشکۆدا جێهێشت .

پاشماوەی : لەبڕوسکەیەکدا .. بۆ ..

عەرەب کە تەرکی حزبی بۆ یەکێتی‌و ڕزگاری‌و بیناکردن بگرێتە ئەستۆ .. ئەمەش لەو بەردەبازەوە کە ئێمەی لاوانی عەرەب ، بۆ کزمەکای نوێی عەرەب ، کۆمەنگای یەکێتی‌و ڕزگاری مزدەبەری بەئێنین .

ئێمەی لاوانی عەرەب کە لەهەموو وڵاتە عەرەبیەکانەوە هاتوین‌و لەبەغدا کۆبوینەتەوە .. ستایشی سەربەشتی‌کردنی میهرەجانەکەو پشتگیری‌کردنی بەردەوامتان ئەکەین بۆ سەرخستنی میهرەجانەکەو کردنی بە بەردەبازێك بۆ یەیەك گەیشتنی لاوانی عەرەب کە یەك نیشتمانی‌ی عەرەب دروستبکاو وەك شووزەیەکی یەمینز دژی دوژمنەکانی بوەستێ .

بۆی ئەتەوەی عەرەبمان بەیەکگرتوویی .

سەرشۆڕی بۆ ئیمپریالیزم وزایۆنیەکان ، دوژمنانی ئەتەوەی عەرەب .

لاوەعەرەبیە بەشدارەکانی سێیەم میهرەجانی لاوانی عەرەب لەبەغدا

پاشماوەی : لەژێر چاودێری..

لێپرسراوە ئەوزەکان وەرگرت .

لەدواییدا ئەی کۆلێج لە دەورە دەرچووەکە درا بە دەستەیەك لە ئەفسەرەکان لە ئاسمانەوە مەشقیان کرد‌و یەکێك لە هەڤێرە بەرزەکان بە مەشق‌کردن بەفڕۆکە سەروی لە نوێنەری بەرز سەردەك کۆمارکردو لە ئاشدا عەمیدی فڕۆکەوان بەرزەبەری سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی‌و بەرزی ئاسمانی مەرسوومی کۆماری کە بریتیە بەدانی پایەی ملازمی فڕۆکەوانی هەمیشەیی لەهەزدەکارەکان بۆ دەرچووانی دەورەکە خوندەوە .

لێرە دەرچووان سوێندی سوپاییان خوارد .. دا بە دوای ئەوە بەڕێز نوێنەری سەرەك کۆمار خەڵاتەکانی بەسەر یەکەمین قوتابی کە لە کۆلێجەکە دەرچووەو بەسەر ئەو قوتابیانەی کە بەیەکەم دەرچوون دابەش‌کرد .

لە سەرەتای دەستپێکردنی ئاهەنگەکەش عەقیدی فڕۆکەوان فەرماندەی کۆلێجەکە ووتەیەکی‌داوسوپاسی سەرۆکی بەرێزی کرد بۆ چاو دێری کردنی ئاهەنگەکەو ووتەی سەرکردایەتی حزبی جەماوەری عەرەب‌و شۆڕشی حەقدەی تەمەوزی پیرۆزو لەسەر تەکیەکی دوای ئەو . ئینجا احمد حسن البکر تۆڕانکاریە مێژوویە بۆ هێزە چەکدارەکەمانیان خولقاند ئەوەش بە پێی ئەو بڕیارە شورشگێریە ئەمەبوو کە پێویستە هێزە چەکدارەکانمان لەسەر بناغەیەکی تازە دروست بکرێت بە پێی پێداویستیەکانی پاراستنی ئاسایشی ئەتەوەیی‌و قوتری‌و .. لە چوارچێوی بیروباوەڕی شۆڕشگێری حزبی فەرماندەدا .

لە دواییدا هەڵاوێنی کاربەدەستی سیاسی لە گوڵێجەکە ووتەیەکی داو تیادا ستایشی ئەو بڕیارەی کرد کە ئەلایەن سەرکردایەتی سیاسی‌و لەسەر هەمووپاڵەوە مهیب احمد حسن البکر بە گوڵیجەکە ئەدرێت .

ئاهەنگەکە بە سلاوی کۆماری کۆتایی هات‌و لەدواییدا نوێنەری بەڕێز سەرەك کۆمار گوڵیجەکەی بەجێ هێشت‌و لەلایەن هاوڕێ جعفر قاسم حمودی‌و فەریقی یەکەمی ڕوکن سەرۆکی ئەرکانی گشتی‌و ئەفسەرە گەورەکان‌و کاربەدەستانی کۆلێج بەخۆشی‌و شادیەوە خوا حافیزی لێکرا .

پاشماوەی : سەرۆکی فەرمانده

سوپاسی ..

ڕیزی قوولی خۆی بۆ بەڕێزان سەرۆك‌و پاشاکان دەربڕیوەو هیوای ئەوەی خواستوە کە بەیوەندی نێوان عێراق‌و ئەم وڵاتانە باش‌تر بۆ بێشەوە بڕوات بەمەبەسی چاکەی بەرژەوەندی‌یە هاو کێی‌یەکان‌دا

ئەمەش ناوی هەندێك لەو زاتانەیەکە بڕووسکەیان ناردووە . سەرکردەکانی سۆڤیەت .. بەڕێز لیۆنید بریژنیف سکرتێری گشتی حزبی شیوعی ، سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی باڵای سۆڤیەت‌و بەڕێز ئەلکسی کوسیگن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت‌و .. سەرۆك محمد انور سادات سەرۆك کۆماری میسری عەرەبی‌و .. ئەنەرال سۆهارتۆ سەرۆك کۆماری ئەندەنۆسیاو .. سەرۆك فیلیس هوافین سەرۆك کۆماری ساحل العاج‌و .. سەرۆك فضل الهی جۆدری سەرۆك کۆماری پاکستانی ئیسلامی‌و .. بەڕێز عبدو لڕەحمان محمدعوسمان حاکمی گشتی‌ی مۆریشیۆس‌و خاوەن شکۆ محمد رضا پەهلەوی شاهەنشای ئێران‌و .. بەڕێز محمد حسنی مبارك جێگری سەرۆك کۆماری میسری عەرەبی‌و .. خاوەندشکۆ مەلیکە ئەلیزابیث مەلیکەی بەریتانیا .

هەروەها بەڕێز سەرۆك کۆمار بڕووسکەی پیرۆزبایی تری بۆئەنێرن لەم بارەیەوە لەم خزارەوە ..

سەرۆك کۆستاف هۆسیاك سەرۆك کۆماری چیکۆسلۆفاکیای سۆشیالیستی‌و .. سەرۆك کۆرت فۆرکلێر سەرۆکی سویسرای کۆنفیدراڵی‌و خاوەن‌شکۆ خوان کارلوس یەکەم پادشای ئسپانیا سەرۆك تیۆدۆر جیفکۆف سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەت لە کۆماری بولگاریاو .. خاوەن‌شکۆ شێخ خلیفە بن حمد ال ثانی میری دەوڵەتی قطرو .. سەرۆك نیکۆلای چاوچیسکۆ سەرۆك کۆماری ڕۆمانیای سۆشیالیست‌و سەرۆك حاجی لیشی سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی کۆماری ئەلبانیا .

هەروەها بەڕێز سەدام حسین بڕوسکەی پیرۆزبایی لە شێخ جابر الاحمد الصباح جێگری ئەمیر جێنشینی کوێت و بەڕێز جورجی لازار سەرۆك وەزیرانی کۆماری هەنغاریای گەل‌و شیخ سعد العبدالله السالم الصباح وەزیری ناوخۆی کوێت و بەڕێز محمد حسنی مبارك جێگری سەرۆك کۆماری میسری عەرەبی‌و .. ئەنجامدان .

پاشماوەی : ئاوچەی ئۆتۆنۆمی

سازی‌یە وە لەناوچەکەداو بەپێی ئەهمیەت‌و بوونی پۆویستیەکانی پیشەسازی وەك کەرەستەی خاوو ڕێگای هاتوو چۆو توانای کارگێری چەندان کارگەو فابریقە بەدەستەوەن کەبکرێتەوە لەمانە .

ـ لە پارێزگای « دهوك » کارگەیەکی بەرهەمی میوەهات ئەکرێتەوە . هەر لە « دهوك » کارگەی‌دروست‌کردنی قوماشی گوردی ئەکرێتەوە .

ـ لە سلیمانی کارگەیەك بۆ چاککردن‌و ئامادەکردنی بەردی خانوو ، ئاخشەی‌کردنەوەی کارگەیەکی‌تری شەکر داڕاوە هەروەها لەسەر ئاوی بەستی « دوکان » ئیستگەیەکی ـ کەرومانی ـ ئەکرێتەوە .

ـ لە هەوڵێر ئەخشەدانراوە بۆ کردنەوەی کارگەیەکی میوەهات‌و کارگەیەکی‌تری مەرەپەرو کارگەیەکی تری‌چنین‌و ڕسمن ئەکرێتەوەو ئەخشەی کردنەوەی کارگەیەکی‌تری فەرشی دەسکرد لە هەوڵێر بەدەستەوەیە .

بەم جۆرە ئەبینین ، ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەنگاوی بەرەو ناوەدانی ئەنێ هەنگاونان بەرەو ناوەدانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، هەنگاو نانە بۆ چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردمان لە چوارچێوەی کۆماری عیراقی سەربەستو ناوەدان‌و پێشکەوتودا .

سەرباری کەلێن ڕۆژەو دەسکەوتی‌وا ، کە وەزارەت‌و دەزگا ڕەسمیەکان لەپێشاوی بەرژەوەندی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەخشەی بۆ ئەکێشن‌و ملیۆنەها دینار لەبڕدجەی تایبەتی خۆیان بۆی ئەرخان ئەکەن .

● فێرکردنی حزبی هێناوەتەدی‌و گەلێ شتی‌تر .

لەبەرهەموو ئەمانە ئەگەمان لەکاتێکدا ئاهەنگی جەژنی ئۆهەمی شۆڕش دەگێڕی ئەو بایەخە بەم جەژنەدەدا کەشیاویەتی . ئەم جەژنە بۆ جەماوەر لەپێشمەوەی هەمو جەژنەکاندایەو عەقی هەموو هاونیشتمانیکە کەئاهەنگ بگێڕی‌و سلاو لەم شۆڕشەو حزبە سەرکردەکەی‌و ڕابەری ئەلەکەمان خەباتگێڕ سەرکردەکەی‌و ڕابەری خەباتی ، صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بکا .

با ئەم بیرەوەریە بکەینە هاندەری خۆمان بۆ خەبات لەڕێگای بنیاتنانی کۆمەڵی نوێداو بەیەمان بۆ سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش تازە بکەینەوە لەسەر بەڕێکردن لەڕێزەوی شۆڕش دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و زایۆنیزم هەر چەندی لەو ڕێگایەشدا قوربانی بدەین .

پاشماوەی : وەزارەتی کشتوکاڵی‌و دەسەڵاتداری کۆنەپەرست هەوڵی دەدا ناوەڕۆکە پێشکەوتووانەکەی ئەو بسەپێنێتەوە تایبەتە چەکێك بە دەستی دەرەبەگ‌و خاوەنەکەکانەوە دژی جووتیاران ، چینی کرێکار تووشی چەرەها چەوسانەوەو ناهەقی هاتبوو و مەسەلەی ئەملی کوردمان بەبێ چارەسەرێکی بنەڕەتی دیموکراتی‌و دادپەروەرانە مایەوەو ڕایەڵەکەکانی جاسووسی‌و خەرابکاری چالاکیەکی ئەوەیان لەوڵاتەکەماندا دەست پێ کردبوو ، ڕژێمی ئۆرکراو سیاسەتی سەرەتا‌ئی‌و سووکی ئەمەی دوماییا نیحتیکاریەکانی ئەوتدا گرتبوە پێش‌و ئەوکومپانیانە بەردەوام سامانی وڵاتیان بەتاڵان دەبرد .. بە هوی هەمووی ئەوانەوە وڵات لەسەر ڕواری ئەندازیکی سامانێك وێستابوو .

لەبەر ئەو هۆو هەڵ‌و مەرجانەو زۆر هۆی تریش حزب لە ١٧ ـ ٣٠ ئەموزدا شۆڕشی ئەقاندەوە و دوایی بە قۆناخێکی سیاسی پاشکەوتوو لە مێژووی سیاسی تازەی عیراقدا هێناو ڕێڕەوی شۆڕشی ١٤ ی ئەموزی ١٩٥٨ ی گرتەوە بەر بەرەو بەجێهێنانی ئەرکە نیشتمانی‌و دیموکراتیەکانی شۆڕش لە چوارچێوەی چەسپاندنی پێویستەکانی گوازتنەوە بەرەو سۆشیالیزم‌و بیناکردنی کۆمەڵی سۆشیالیستی یەکگرتوودا .

چاوخشاندنێکی خێراو بەپەلە بەدەسکەوت‌و سیاسەتەکای شۆڕش لەهەموو مەیدانێکدا هەستی ئازایی‌و خۆشحالیمان تیدا پێك‌دێنێ‌و بڕەوی ڕژدەدا کە سووربین لەسەر ئەواو کردنی ڕێڕەوی شۆڕشگێری ئەلەکەمان‌و لەبەرامبەر پیلانی نیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و زایۆنیزمدا بەرەری لێبکەین .. چونکە ئەم شۆڕشە ...

● ئەوتی خزمالی‌کردوە .

● یاسای چارەسەرکردنی کشتوکالی بەچەشنێکی بنەڕەتی چاك‌کردوە .

● یاسایەکی کاری داناوە کە لە مێژووی یاسادانانی کرێکاری جیهاندا بەبازدانێك دەژمێردرێ .

● هێرشێکی نیشتمانی کردوە بۆ پاکژدانی جاسووسان .

● بناخەی پیشەسازی نوێ‌و پیشەسازی پیترۆکیمیاوی داناوە .

● لەسێبەریدا بەرەی نیشتمانی‌و ئەتەوەیی پێشکەوتنخواز دامەزراوە .

● ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی جێبەجێ‌کردوەو بەم کارە دوایی بەیەکێك لەو گیروگرفتە هەر سامناکانە هێناوە کە لەرێگای ئەلەکەمان‌و بزووتنەوە شۆڕشگێریەکەیدا هەبوون .

● ئەخشەکانی بەرەپێدانی ئامادەکردوون‌و بڕۆژەکان بەهەموو ناوچەکانی وڵاتدا بڵاوبوونەوە بۆ بنیاتنانی عیراقێکی نوێ .

Institut kurde de Paris

بۆیە شۆڕشی ١٤ی تەموز لەعیراقا بەرپابوو ، چونکە سوپای عیراقی باوەشی بۆ ڕۆلەی جوتیاران و هەمو ڕۆلەیەکی کەل کردبوەوە .. گەرتەشکیلاتەکانی تەسك بوایە شۆڕش بەرپا نەنەبوو .. بەلام ئێمە نەتوانین سوپاکەمان بکەین بە دە ملیۆن چونکە بشتمان بەهیچ هاوسوێندێکی تایبەتی نەبەستوە ، بەلکو بەوسیاسەتەی کە بڕوامان پێ هەیە .. ئەو سیاسەتەی کە فەرمانبەرو کوڕەقوتابی و کچەقوتابی و نافرەت و کابانی ئەومال بڕوایان پێهێناوە .

ئا ئەمە دەستەبەرەکانە .. ئەمەیش بۆ چوون و حسابگرتنمانە .. ئێمە لەو بڕوایەداین ئەوا کەسانەی نەیانەوێ بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە بچن ، بەردەوام نووچ نەخۆن و گرەو نەدۆڕێنن .

« صدام حسین »

ئەموز بشتگیری کردن و ڕوشن کردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی یە

ئەوەی کە دووکەس لەسەری ناکۆك نین ، ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کوردی دوای هەردوو شۆڕشی تەموزی ٥٨ و٦٨ بەرەسەندنێکی گەورەی لە رووی چەندوچۆرا بەسەردا هاتوە ، کاتێ ڕۆشنبیرانی کەلەکەمان لەو ڕۆژانەدا ناهەنگ بە بۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە ئەگێڕن، لەناخی دلیانەوە سلاو ئاراستەی هەردوو شۆڕشەکە ئەکەن .

شۆڕشی یەکەمیان ڕابەڕێنێکی هۆشمەندو قولی خستەناو ئەو بێنوسە کوردی یەوە کە لەوانەبوو بەخشیشێکی زیاتر بنشکەش بکا ئەگەر شۆڕش لە بیروباوەڕە بەرزەکانی خۆی لای نەدابایە ، بەلام ئەو بڕشنگەی تەموزی ١٩٥٨ بەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا پەخشی کرد ، بەفیڕۆ نەڕۆیشت ، بەلکو کاری خۆی لەدڵا ئەگێڕاو لە کپبوونێکی داهێنەرانەدا نردنەبزوو خەست ئەبۆوەو بە بەندکراوی کۆتی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان مایەوە ، تاوەکو شۆڕشی حەفدەی تەموز لە سالی ١٩٦٨ دا تەقاندنی و وزە داهێنەرە شاراوەکانی ئازادکردو دەزگاو ڕۆژنامەی ڕەسمی هاتنە مەیدانەوە . ئەکەل ڕۆژنامەی حیزبەنیشتمانیەکان و ڕێکخراوە دیموکراتیی یە بیشمەیی یەکاندا ، بشتگیری ی شۆڕش بۆ وشەی بیرۆزی کوردی لە دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و دەزگای شنبیری و ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی دوژمنی گەلەکەمان بتۆقێنن و یەکێتی تێکۆشان و چارەنوسی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کوردی براو هەموو کەمایەتیە نەتەوەیی یە براکان پتەوبکەن . هەروەها ئەدیب و هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی کورد بانگ ڕاهێنراون بۆئەوەی بێنوس و بیری پێشکەوتنخوازانەو روناکی خۆیان بۆ هێنانەدی سەرکەوتن ودەسکەوتی زیاتر بۆ گەلەکەمان بخەنەگەڕ ، هەروەها بۆ چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی و ئاراستنی دەسکەوتەکان و پەرەسەندنیشان بە چەشنێك کە بەختیاری و خۆشگوزەرانی تیابێ گەلەکەمان بڕەخسێ .

بغداد ٩-٧-١٩٧٧

وشەیەکی بۆ حزب

نیشتمانێکە لە دڵما ئەوەرەنەبێ
نیشتمانێکی بچووکەو لێك دابراوە وەك دڵك
منیش وەکو نافرەتێکی نەشمیلانە خۆشم ئەوێ !!
نای خۆشەویستی کەچوانی
وەك لێوو مەی لە پیالەیەکدا تێکەڵی بەکتری بن ئەوها جوانی
حەزی دڵ بێش خەونەزڕەکان ئەکەوێ
دوعای نزای ئەلیش باوەش
بەئیانی ئاسمانانەکا
من تاوەکو ئەمبینی وانیشتیمانەلە سێدارە دراوەکەم
بەیکەرەکە
بار بە کراسەکی لەسەر شۆشەکانا بەجیماوە
گرنۆشم ئەبردو نوێژم بۆ کەس نەکرد
ئەی لەو ئینجیلە پیرۆزەی لەئاو دی ئاسمانەوە
سەردەردەمێ
دەستیکم بێ درێژبکەو
چاوەکانتم وەکو چرا بۆ هەڵبکەو
لەم بیابانەدا بە فریادەرەسم
دەسا ئەی تاریکایی ئاو بەندیخانەی مەرگ بڕۆ
چاوەکانی بەعس ئاسمانێکە بەرین
جەژنەو .. دەبا بەناوی ئەوە ئەی بەعس
هەموو ئاوەکان نەمرین ؟؟

علی جاسم الزیدی
بغداد

کێ حەزناکا

کێ حەزناکا ، هەموخەونی پێغەمبەرو سەرکردەو زاناو فەیلەسوف و شاعیرەکان نەتیتەدی ؟ کێ حەزناکا سەرانسەری ئەم خاکە پاکەی ئێمە ، بەئوڵو ئەنفەل و شیعرو جوانی ئەچێندرێ ؟ کێ حەزناکا هەموکانیاوەکان لە ئاوتاف بدەن و تاقگەکان بێبکەنەو و ڕوبارەکان دارژێن و ڕەشبەلەکەکان چەمەر بەبەستن و مناڵە ڕوحسوکەکان ئیان تۆڕێژن بکەن ؟

کێ حەزناکا بزوتنەوەی بە جەرگی چینی کرێکاران سەرنەکەوێ ؟ جوتیارەکان بەزەوی و تراکتۆرو روناکی و نانو ڕۆژنامە شادەمەرگ ئەبن ؟؟ بەرەی سەرفرازی نیشتمانی ڕۆژ دوای ڕۆژ پتەرەگ دانەکوتێ ؟

کێ حەزناکا بەتای نەخۆشی و بەدبەختی و بێ دەرەتانی و خەم بنەبڕنەکرێ ؟

کێ حەزئەکا ، دروشمی دژینەی نیشتمانپەروەران لەنێو دڵو دیدەکانانە بریسکێتەوە ؟ هەمو بستێکی ئەم خاکە نەکرێ بە نارنجۆك و لەژێر پێی دژەوزەی ئیمپریالیزم و ئۆکەرەکانی دانەتەقێتەوە ؟ کێ حەزئەکا هەمو سیخوڕێکی کلکەنەقتینە ، لە سێدارەی ئەل نەدرێت ؟

کێ حەزئەکا ستراتیجیەتی ئەشەکردن و پەروەردەو ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن نەئاتە ئەوبەری ئامانجەکانی خۆی ؟

کێ حەزئەکا دیموکراتیەتی مەرکەزی پتەوترنەبێت و گیانی بیرۆکراتیەت و هەڵبازی و چاوچنۆکی ، ڕێگا لە هەنگاوە بیرۆزەکانی مرۆڤی ئەم مەڵبەندە دلگیرەبگرێت ؟ کەلو هێزی کەل هەرەبەرش و بلاوبێت ؟

کێ حەزئەکا ، هەزاران شۆڕشی کشت سازی و پیشەسازی نەکرێ بە خەلاتی ئەم میللەتە چاونەترسە ..؟؟ کێ حەزناکا ، برایەتی و خۆشەویستی و یەکسانی ئشت مرۆڤە دڵپاکەکانی ئەم هەوارەلە هەمێز نەکرێ ؟

کێ حەزناکا ، نەوت و بانق و داوو دەرمانی ئەم نیشتمانە ئەئمیم نەکرێ ؟ چارەسەرێکی پیاوانەو هاوچەرخانە بۆ مەسەلەی کورد هەلنەخرێ ؟ ئۆتۆنۆمی ڕۆژ دوای شەو ئالاکەی بەرزنەکرێتەوە ؟ ئەم ولاتەیش نەبێتە چراوئێك و ڕێگا بۆ میللەتانی دەرو دراوسێ و دور روناك نەکاتەوە ؟ کێ حەزناکا ، لەسەر تاوتێرە بەردی یەکێتی کوردو عەرەب پلانەکان وردوخاش نەکرێت ؟

کێ حەزناکا بەرەو عیراقێکی سەربەخۆو سوشیالیست نەکەوینەرێ ؟

ئەی کێ حەزناکا ، کوردستانی جوان پڕنەبێ لە کارگەو چاپخانەو نانو ماچو پێکەنین ؟

کێ حەزئەکاو کێ حەزناکا ..؟

ئەوەی حەزناکا گەر توانی ، با سەرێ لە مزەخانەی مێزرود بدات !!

محمد زاهد

وشەیەکی بۆ حزب

نیشتمانێکە لە دڵما ئەوەرەنەبێ
نیشتمانێکی بچووکەو لێك دابراوە وەك دڵك
منیش وەکو نافرەتێکی نەشمیلانە خۆشم ئەوێ !!
نای خۆشەویستی کەچوانی
وەك لێوو مەی لە پیالەیەکدا تێکەڵی بەکتری بن ئەوها جوانی
حەزی دڵ بێش خەونەزڕەکان ئەکەوێ
دوعای نزای ئەلیش باوەش
بەئیانی ئاسمانانەکا
من تاوەکو ئەمبینی وانیشتیمانەلە سێدارە دراوەکەم
بەیکەرەکە
بار بە کراسەکی لەسەر شۆشەکانا بەجیماوە
گرنۆشم ئەبردو نوێژم بۆ کەس نەکرد
ئەی لەو ئینجیلە پیرۆزەی لەئاو دی ئاسمانەوە
سەردەردەمێ
دەستیکم بێ درێژبکەو
چاوەکانتم وەکو چرا بۆ هەڵبکەو
لەم بیابانەدا بە فریادەرەسم
دەسا ئەی تاریکایی ئاو بەندیخانەی مەرگ بڕۆ
چاوەکانی بەعس ئاسمانێکە بەرین
جەژنەو .. دەبا بەناوی ئەوە ئەی بەعس
هەموو ئاوەکان نەمرین ؟؟

علی جاسم الزیدی
بغداد

لایەنەکانی سەرکردەتی تیپی هەڵبژاردەی سوپایی

سەرکردەتی تیپی هەڵبژاردەی سوپایی کە لەقارەمانێتی سوپایی جیهانی کە لەدیمەشقی ئازیزلەسازدرا ، کەتی نیشانەی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبو .. هەمو وەرزش ناسانی سوپاییمان هەستیان بەمتمانەی کۆمەڵانی خەڵك کرد کە چەند دوای سەرکەوتنی لەقارەمانێتی لاوانی ئاسیا دا بەرەو تیپی لاوان لاربوەوەو ویستیان ئەو متمانەبەرفراوانە دوبارەبکەنەوە .

بێ وچان و بەپاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسی کۆلیان نەدا ، سەرکردایەتیش بایەخێکی یەکجار گەورەی پێدان .. بەیەك ئەشتنەمان لەئەڵ هەڵبژاردەی سوپایی ئەلەمانیا ، باشترین بەنگەی ئەوکۆلنەدان و ئارامو لەخۆبوردنەیە .. بەشۆوەیە ئەوتیپە لەبەردەم تیپەکەی ئێمەدا دودل سەرسام ببوو ، هەرگیز لەو بڕوایە نەبوو کە تۆپی عەرەبی لەم ڕادە بەرزەدا بێ .

ئەو لایەنە مەزنانەی کە جێبەجێبوو لایەنی نەتەوەیی بوو .. چونکە بۆ یەکەم جار لەم مەیدانەدا بەهێزترین تیپی ئەوروپایی لەبەردەم تیپی عەرەبیدا ڕانەکاو بۆ دوا قۆناغە سەرەتایی و ئاوەندی و ئامادەیی یەکانیەوە ، وشەیەکە گەلێ لەوە کەم مەوداترە کە بتوانێ ئەم بوارە هەڵسەنگێنێ .

ماوە بزانین ، کە بەڕاستی مرۆڤ توانای بەسەر ژماردن و سەرژەمێر کردنی ئەو هەموو دەسکەوتانەدا ناشکێ ، کە حکومەتی نیشتمانی لەبەرای بیروهونەرو ڕۆشنبیریدا بۆ گەلی کوردمانی بەدیهێناوە ، ئەستناش ئەو بشتگیریە هاوئەنداز ئەیە هەربەردەوامو لەدوا ڕۆژیشدا هەربەردەوام ئەبێ .

هەروەها بێنوسی پشکەوتنخوازی کوردیش هەر نیشانەیەك لە بزاڤی بیشکەوتن و پیاکردنی کەلەکەمان لەچیاو دەشت و شیوەکانیدا ، لە نوسینەکانیدا دەرئەخا .

ئێمە لە کاتێکدا لە ڕۆژانێکی گەشی ئەوتۆدا ئەژین کە لە مێژوودا بیرناچێتەوە ، (جەژنە پیرۆزەکانی تەموز) ، هیوادارین ئەو دەزنا ڕۆشنبیرانەی بەتەنگ کاروباری ڕۆشنبیریو بیری کوردیەوەن لە بارستایی ئەو ئەرکانەدا بن کە ڕێڕەوی پێشکەوتنخوازو نازادیخوازی سۆشیالیستی بۆچەماوەرانمانی نەخاتە ئۆڕێو ئەو دەزگایانە ببنە هۆیەکی یارمەتیدەرو کاریگەر بۆ بە ئوڕکردنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و بینا کردن بەرەو پێشەوەو هەموو بێنوسە لاوەکان بکرنە خۆیان و زیاترئەو بەرهەمانە بلاوبکەنەوە کە خواست و هیوای گەلەکەمان و خەونی ڕەنجدەرەکانی دەرئەبڕن ، تاوەکو ئەو بێنوسانە بینە چەك و شەقام و ناومالان و ئەسەر زمانی پیرو منال بوو .. گشتیان هاواریان بە ژیانی عیراق و بۆیەکیتی و سەربەستی و سوشیالیستی ئەکرد .

ئەشبوایە عیراقی تەنەیم سەرکەوتبێت ، لەو شوێنەی کە ڕژێمی سوریا دژی یەکێتی قەلات بەندی کردوە .. خەباتی عیراقیە قارەمانەکان تێکەلی خەباتی کۆمەڵانی بزەیەشی سوریا بوو .. هەندێ لەیاریکەران ووتیان : ئێمە ئەمان توانی فرمیسکمان ڕاگرین کاتێ دیمان کۆمەڵانی سوریا بەر لە یاری و بەچەندسەعاتێ ئالای عیراقی بەرزکردبوەوە .. هاتینە مەیدان و خۆشەویستی ئەو کۆمەڵانە دڵمانی داگرتبوو .. یاریمان کردو باسەوانیمان لەو خۆشەویستی یە قەدەغەکراوەی نێو سوریا ئەکرد .. لە ولاتی بێدەنگی و ترس و ڕۆقاندنا گرەومان بردەوە .. خەڵاتی سەرۆکی بەرزیش بەلگەی بایەخدانی سەرکردایەتی سیاسی بوو بە تۆپی عەرەبی .

ئەمە بەرەپای ئەوەیش ، کۆمەڵانی خەڵکی عەرەبی سوریا بەتەواوی و بەوبەری کاتی یەکێتی تەقیەوە .. بانگەوازی بۆ عیراق هەڵئەداو زوبەڕوی ئەو ئەمتەمە دژوارانە ئەبوەوە کە ڕژێمی نزەکەری سوریا مەلی ئابوو .. هاواری عەرەبەکانی سوریا تەنیا هەر لەنێو یاریگاکەدا نەبوو ، بەلکو هەڵپەڕەی شادمانی لەسەر دەورەکان هەر دوتیپی عیراق و کۆنت ئەبالێوێ ، بەجۆرێ وای لەرەخنەگران کرد . لەبەردەم هێزی یاری گەرانی عەرەبدا بکەونە دەمەتەقێ .

کێ حەزناکا

کێ حەزناکا ، هەموخەونی پێغەمبەرو سەرکردەو زاناو فەیلەسوف و شاعیرەکان نەتیتەدی ؟ کێ حەزناکا سەرانسەری ئەم خاکە پاکەی ئێمە ، بەئوڵو ئەنفەل و شیعرو جوانی ئەچێندرێ ؟ کێ حەزناکا هەموکانیاوەکان لە ئاوتاف بدەن و تاقگەکان بێبکەنەو و ڕوبارەکان دارژێن و ڕەشبەلەکەکان چەمەر بەبەستن و مناڵە ڕوحسوکەکان ئیان تۆڕێژن بکەن ؟

کێ حەزناکا بزوتنەوەی بە جەرگی چینی کرێکاران سەرنەکەوێ ؟ جوتیارەکان بەزەوی و تراکتۆرو روناکی و نانو ڕۆژنامە شادەمەرگ ئەبن ؟؟ بەرەی سەرفرازی نیشتمانی ڕۆژ دوای ڕۆژ پتەرەگ دانەکوتێ ؟

کێ حەزناکا بەتای نەخۆشی و بەدبەختی و بێ دەرەتانی و خەم بنەبڕنەکرێ ؟

کێ حەزئەکا ، دروشمی دژینەی نیشتمانپەروەران لەنێو دڵو دیدەکانانە بریسکێتەوە ؟ هەمو بستێکی ئەم خاکە نەکرێ بە نارنجۆك و لەژێر پێی دژەوزەی ئیمپریالیزم و ئۆکەرەکانی دانەتەقێتەوە ؟ کێ حەزئەکا هەمو سیخوڕێکی کلکەنەقتینە ، لە سێدارەی ئەل نەدرێت ؟

کێ حەزئەکا ستراتیجیەتی ئەشەکردن و پەروەردەو ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن نەئاتە ئەوبەری ئامانجەکانی خۆی ؟

کێ حەزئەکا دیموکراتیەتی مەرکەزی پتەوترنەبێت و گیانی بیرۆکراتیەت و هەڵبازی و چاوچنۆکی ، ڕێگا لە هەنگاوە بیرۆزەکانی مرۆڤی ئەم مەڵبەندە دلگیرەبگرێت ؟ کەلو هێزی کەل هەرەبەرش و بلاوبێت ؟

کێ حەزئەکا ، هەزاران شۆڕشی کشت سازی و پیشەسازی نەکرێ بە خەڵاتی ئەم میللەتە چاونەترسە ..؟؟ کێ حەزناکا ، برایەتی و خۆشەویستی و یەکسانی ئشت مرۆڤە دڵپاکەکانی ئەم هەوارەلە هەمێز نەکرێ ؟

کێ حەزناکا ، نەوت و بانق و داوو دەرمانی ئەم نیشتمانە ئەئمیم نەکرێ ؟ چارەسەرێکی پیاوانەو هاوچەرخانە بۆ مەسەلەی کورد هەلنەخرێ ؟ ئۆتۆنۆمی ڕۆژ دوای شەو ئالاکەی بەرزنەکرێتەوە ؟ ئەم ولاتەیش نەبێتە چراوئێك و ڕێگا بۆ میللەتانی دەرو دراوسێ و دور روناك نەکاتەوە ؟ کێ حەزناکا ، لەسەر تاوتێرە بەردی یەکێتی کوردو عەرەب پلانەکان وردوخاش نەکرێت ؟

کێ حەزناکا بەرەو عیراقێکی سەربەخۆو سوشیالیست نەکەوینەرێ ؟

ئەی کێ حەزناکا ، کوردستانی جوان پڕنەبێ لە کارگەو چاپخانەو نانو ماچو پێکەنین ؟

کێ حەزئەکاو کێ حەزناکا ..؟

ئەوەی حەزناکا گەر توانی ، با سەرێ لە مزەخانەی مێزرود بدات !!

محمد زاهد

Institut kurde de Paris

سەرنووسەر
محمد أمین محمد

رۆژنامەیەکی لەفنانەی گشتی یە
لە دەر گای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلس

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

ئەو هەنگاوە مەزنانەی شورشەکەتان هێناویەتە دی ، کە مایەی شانازی هەموومانە ، ئەنقەی بەیەکەوە بەستراون بەرەو دروستکردنی ئەو بنکە شورشگێرییەی کە هەشتەمین کۆنگرەی فوتری حزب رەنگی بۆ رشت و ئەرکەکانی دەستنیشان کرد .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● چوارشەممە ٢٧ی تەموزی ١٩٧٧ ژمارە ٣٧٨ ●

● الاربعاء ٢٧ تەموز ١٩٧٧ العدد ٣٧٨ ●

نوێنەری سەرۆکی فەرماندە بۆ میسر و لیبیا گەیشتە قاهیرە

سەرۆکی فەرماندە نامەیەک ئاراستەی کۆری جیهانی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری روخێنەرانەی بۆمبای ئەتۆم ئەکا

دووپات کردنەوەی پشتگیری عیراق بۆ تەقەلای دوورخستنەوەی مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم

دووپات کردنەوەی پشتگیری عیراق بۆ تەقەلای دوورخستنەوەی مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم .

سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر دووپاتی کردەوە کەعیراق ئەرکی خۆی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم و بەرگری کردنێکی چالاکانە لەهەسەلەی سەربەستی و ئاشتی جیهاندا بەجێ ئەهێنێ . ستایشی خۆی بەرامبەر بەشداری کەرانی کاروباری (ئەو کۆڕە جیهانی یەی بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەواری روخێنەرانەی چەکە ئەتۆمیەکەی سەر هیروشیما و ناکازاکی تەرخان کراوە) و ئیستا لە زاوندا ئەبەسترێ دەبڕێ و . سوپاسی ئەوتەقەلا بیرۆژە مرۆڤایەتیەشی تێکرای مرۆڤایەتیدا بەیدەن .

ئەمە لەو نامەیەدا هاتبو کە سەرۆکی بەڕێز بۆ کۆڕەکەی تاردبوو بەڕێز عامر عبدالە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئیشتمانی ئاشتی و هاوکاری کردنی کۆماری عیراق، ئەوزیری دەولەت خوێندیەوە ، ئەمەش دەقەکەیەتی :

بۆ ئەو کۆڕە جیهانیەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەواری روخێنەرانەی چەکی ئەتۆمی سەر هیروشیما و ناکازاکی تەرخان کراوە . بەناوی ئەل و حکومەتی عیراقەوە سلاو ئاراستەی هەموو بەشداری کەرانی کۆڕەکەتان ئەکەم . ئەو بەڕی ستایش بەرامبەر ئەو تەقەلا بیرۆژە مرۆڤایەتیەتان دەربڕیم کە لەپێناوی تێکرای مرۆڤایەتیدا ئەیدەن . بەسەرکردنەوەتان بۆ ئەنجامەکانی ئەو تاوانەی دژی ئەلی ژاون کراوەو تەوەلاتان بۆ رابەڕینی وریایی و تێکۆشانی گەلان لە ئینتاو دوورخستنەوەی مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم ، هاوبەشی کردنێکی نوێیە بۆ پاراستنی رەچەلەکی نادەمیزادو دەسکەوتەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی .

رەنجی داهاتوتان سەبارەت بەو مەسەلە بەهاوکاری لەتەل هەموو هێزەکانی سەربەستی خوازو ئاشتی خوازی جیهاندا دەورێکی بەپایەخی ئەبێت لەچەسپاندنی مەسەلەی ئاشتی و ئاسایشی جیهاندا .

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کۆبونەوەکەتان کە لەلەرکی ئاکادارکردنی جیهان ئەدوێ ، سەبارەت بە شوێنەوارە فەوتێنەرەکانی چەکی ئەتۆم و هەڕەشەی بەکارهێنانی بەمەبەستی دەستدرێژی کردن ، وەستانێکی بەربرسیارانە بەرامبەر ئەو مەترسییانە ئەوەستێ کە لەتەقەلای قەوارەی زایۆنی رەکەزپەرستەوە بۆ دروستکردن و دەستگیربوونی چەکی ئەتۆم پەیدا ئەبن ، ئەمەش لەو رێبازە شەڕانییە سەرفراوانەو ئەو سیاسەتەوە کە لەسەر زەوت کردن و دەست درێژی بنیات نراوە ، هەنگاو هەڵ ئەهێنێ ، لەهەمان ئەو هێزانەشەوە پشتگیری نەکری کە تاوانی ئاگر تێبەردانی هیروشیما و ناکازاکییان بە ئەتۆم کێڕا .

حکومەتی عیراق کە چۆتە پال ئەو کۆمەڵە دەولەتانەی پەیمانی قەدەغەکردنی بلاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیان مۆرکردووە لە کۆڕی دەولەتاندا هەلوێستێکی ئەتۆڕی بەرامبەر ئەو تەقەلایانە گرتۆتەبەر کە بۆ ئەهێشتنی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم و وەستانی تاقیکردنەوە لەسەرکردنی دراون ، پشتگیری خۆی بۆ ئەو دەستپێشخەرییانە دەرئەبڕێ کە کۆڕەکەتان سەبارەت بەچەک داماليني ئەتۆم و پێناسینی جیهان بەشوێنەوارە روخێنەرەکانی ئەیگرێتەبەر .

هەروەها بەرنامەی ئیشی داهاتوتان ، لەبارەی ئامادەکردنی رای گشتی جیهانەوە سەبارەت بەو مەسەلە جەوهەریە ـ وەك رێخۆشکردنێك بۆ بەستنی دەورەی تایبەتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بەداماليني چەك لەسالی ئایندەدا ، بەبەشداری کردنێکی چالاکانە لەقەڵەم ئەدرێ .

ئەتوانن دڵنیابن ئەوەی کە عیراق بەحکومەتو بەتەلەوە پشتگیری رەنجی بیرۆژتان ئەکاو ئەرکی خۆی لەدوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەی لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم دائەکوێتو لەبەرگری کردنێکی چالاکانەی مەسەلەی سەربەستی و ئاشتی جیهانیشدا رائەپەڕێنێ .

ماوەم بدەن بەو بۆنەیەوە سلاو ئاراستەی گەلی ژاپۆنی دۆستو حکومەتەکەی بکەم ، خواستم سەرکەوتنی کۆڕەکەتان و سەرکەوتنی هەوڵ و تەقەلاتانە لەپێناوی چاکەو پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا .

احمد حسن البکر
سەرکۆماری عیراق

سەرۆکی فەرماندە جاوی بەفەرماندەری کەنارکەوت

بەڕێز سەرەك کۆمار سەرکردەی گشتی هێزەچەکدارەکان المهیب احمد حسن البکر دووپاتی بەردەوامی کارکردنی کردەوە بۆ داهەزراندنی هێزی دەریایی و بەرگری کەنار لەبەر رۆشنایی ئەرکی ئەتەوەیی و ئەو توانایانەی لەدەستدان ، لەئەنجامی بەروەردەکردنی کارگوزارانیان و ئامادەکردنیان لەروی سەربازی و کۆمەڵایەتیەوە .

ئەمە لە کاتێکدا هات کە سەرۆکی فەرمانده دوێنێ بەیانی لە مەکتەبی رەسمی خۆی پێشوازی سەرکردەی هێزی دەریایی و بەرگری کەنارکرد ، کە بۆ پێشکەش کردنی دیاریەکی یادگاری بەسەرۆکی بەڕێز بە بۆنەی یادی چلەمینی دامەزراندنی هێزی دەریایی و کردنەوەی قۆناغی یەکەمی ئەکادیمی کەنداوی عەرەبی بۆ خوێندنی دەریایی و دانانی بەردی بناغەی دووەم قۆناغی ئەکادیمیەکە کە لە یەکەم رۆژی ئەومانگەدا دانرا ، سەری لەسەرۆك داوە .

بەڕێز سەرکۆمار سەرکردەی گشتی هێزی چەکدار داوای سەربەرشتی کردنی کارگوزارانی هێزی دەریایی و بەرگری کەناری کرد وداوای کرد بەیوەندی یەك لەنێوان سەرۆك فەرمانبەرانیدا بەرەخسێنرێ کە لەسەر رێزگرتنی بەرامبەر دامەزراوی و بایەخ و بەمەشق کردن بەردو بەرزکردنەوەی رادەی توانای جەنگی بدرێ .

بەڕێز سەرۆکی فەرماندە ستایشی ئەو رەنجەی کرد کە کارگوزارانی هێزی دەریایی و بەرگری کەنار ئەیدەن و هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنیانی خواست لە ئیشەکانیاندا بۆ خزمەتکردنی نیشتمان و نەتەوەکەیان .

عەقید روکن وەکیلی سەرکردەی هێزی دەریایی و بەرگری کەنار لەکاتی

بروانە : ل ١١

دوا هەوڵی دوخی نیوان لیبیا و میسر

رادیۆی طرابلس کەوتەوە بلاوکردنەوەی بەرنامە ئاساییەکانی .

بەیانیکی مصری : هێزەکانی صاعقە هێرشیان بردەسەر ناوچەیەکی لیبیا قاهرە ـ طرابلس ـ ٢٥ ـ ادع ئینسگەی طرابلس دوای ئەوەی کە لەبەرەبەیانەوە سرودی نیشتمانی بلاو ئەکردەوە دەستی کردەوە بەبلاوکردنەوەی بەرنامە ئاساییەکانی .

لە لایەکی ترەوە باسەوان لەسەرشەقامە کشتیەکان و ناوچەگرنگەکان تازەکرایەوەو هێزی بەرگری میللی بەشەقامو مەیدانەکاندا بلاوبونەوە .

جەماوەری عەرەبی لیبیا دوو نامەی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتان ناردوەو لەم دوونامەیەدا بەدرێژی دەربارەی ئەو بە یەکا هەڵپژانەی نیوان مصرو لیبیای ڕونکردۆتەوە .

وتراویشە کە کۆماری لیبیا پێشنیاری بەستنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی نەکردوە بۆ وتوویژکردنی ئەوەی لەهەردوو نامەی ناوبراودا نوسراوە .

سەرۆکی مصر أنور سادات نامەیەکی لەشێخ جابر الاحمد صباحەوە جێنشینو جێگری میری کوێتەوە وەرگرتوو نامەکە بەیوەندی بەوروداوانەوە هەیە کە لەنێوان مصرو لیبیادا لەم دواییدا ڕویان داوە ئەم نامەیەش شیخ صباح الاحمد صباح وەزیری دەرەوەی کوێت لە کۆبونەوەکەیدا لەگەل سەرۆکی مصر لەنەسکەندەریە ئەمشەو پێشکەشی کردوە .

شیخ صباح الاحمد صباح وەزیری دەرەوەی کوێت ئەمشەو بەرەو طرابلس قاهرەی جێهێشت بۆ ئەوەی کەنامەی شیخ جابر الاحمد جابر جێنشینو جێگری میری کوێت پێشکەش بەسەرۆکی لیبیا معمر قذافی بکات .

قسەکەرێکی سوپای لیبی وتویەکە « هێزە میلیەکان لەناوچەی جغبوب توانیوانە قەلاچۆی ئەو هێزەی مصریکەن کە دوێنی هێرشی بردۆتە سەرناوچەکەو لەهێزە قەلاچۆکراوەکە سێ زابت گیراون کە رائید ابراهیم احمدو ملازم اول عادل عبدالسلام سعیدو رقیب اول ابراهیم دسوقی شعراوین .

ئاژانسی دەنگو باسەکانی لیبیا لەراپۆرتێکا کەشەوی رابوردو بلاوی کردۆتەوە وتی کە ١٤ فڕۆکەی سەربازی مصری لەیەیەك هەڵپژانەکەی دوێنیدا کەوتونەتە خوارەوەو ڕونی ئەکاتەوەکە دوافڕۆکە دوێنی شەو سەعات شەش و نیو لەخواروی فڕۆکەخانەی الکفرە کەوتوونەتە خوارێ هەر لەو بارە خۆیەوە لەدوا بەیانی سەربازی مصرەوە لەبارەی بەیەك هەڵپژانەکاندا ئەنێت تیپەکانی صاعقەی

بروانە : ل ١١

بیگن ستایشی سەرۆکی ئەمریکا کارتەر دەکات و کیسینگەر ئیش زۆر شادمانە بە پێشنیازەکانی دوژمن دەربارەی ساز اندن

پایتەختەکان ـ ٢٥ ـ ئاژانسەکانی دەنگو باس : حافظ اسد سەرۆکی ڕژێمی سوریا ئەوەی دووپات کردەوەکە پێویستە کۆنگرەی جنیف بەزووترین کات پێکبهێنرێت بۆ ئەهێشتنی دۆخو باری جەنگ لە ناوچەی عەرەبیداو پشتگیری ئەوەش دەکات دەولەتی فەلەستینی پێشنیازکراو بخرێتە سەر ڕژێمی ئەردەن .

لەلایەکی ترەوە مەناحیم بیگن سەرەك وەزیرانی کیانی ئەم دواییەی دوانەکانی سەرۆك کارتەر دابمەزرێت .

حافظ اسد ئەوەشی دووپات کردەوە کە ڕژێمەکەی پشتگیری لەوەدەکات کە دەولەتی فەلەستینی پێشنیازکراو ببەسترێت بەڕژێمی ئەردەنەوە ئەویش لە چوارچێوەی بەدی هێنانی (سازاندن)ەوە .

چاودێرەکان ئەوەش ڕوون دەکەنەوە کە وونەی (هێنانەوەی ئاشتی) کە سەرۆکی ڕژێمی سوریا باسی کردووە بەچەشنێکی ئاشکرا ئەوەدەکەیەنێت ڕژێمی ناوبراو ئامادەیە بەیوەندی لەواو لەگەل دوژمنی سەهیۆنیدا ببەستێت ، چونکە دوژمن زیاتر لە جارێك دووپاتی کردووەتەوە (ئاشتی بەڕێ بەیوەندی لەواوەتی بەدی نایەت) .

لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ ناوبراو بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەم دواییەی دوانەکانی سەرۆك کارتەر دابمەزرێت .

بیگن لەم سەردانەیدا گفتوگۆی لەگەل سەرۆکی ئەمریکی جیمی کارتەرو لیپرسراوە ئەمریکییەکانی تردا کردووە سەبارەت بە (سازاندن و پاکژدان) لەگەل ڕژێمە عەرەبییە بەیوەندداراکاندا .

بیگن لەکاتی گەیشتنەوەیدا بەنجەشی بۆ ئەوە ڕاگێشاوە کە لە گفتوگۆی ئەم جارەیدا لەگەل کارتەر گەیشتوونەتە چەند (دەستکەوتێکی) نوێ بەڵام بەردەی لەسەر دانەماڵیوە .

هەروەها ووتوویشیە بریار لە سەر ئەوەش درا کە پێویستە ئەمڕۆ ڕژێمی (سازان) کۆتایی بێ هێنانی جەنگو ئاڵو گۆڕکردنی باڵیۆز لەگەل ڕژێمە بەیوەندداراکان بە سازانەوەو بەستنی بەیوەندی ئابووری لە گەڵیاو سنووری دانێدانراو بۆ دوژمنی سەهیۆنی ئەیدا بێت .

هەروەها بیگن لە ووتەکەیدا کەئیستەکەی تەلەفزیۆنی (ئین . بی . سی) بلاوی کردووەتەوە ستایشی سەرۆکی ئەمریکی جیمی کارتەری کردووە .

هەروەها ئەوەشی دووبارە کردووەتەوە کە قایل نابێت ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەشداری کۆنگرەی جنیف بکات لەچوارچێوەی وەفدی ڕژێمی ئەردەندا ئەبێت .

بیگن ووتوویشیە بلانەکەی گەیشتانی لیپرسراوە ئەمریکییەکانی داوە ئەوەشی ئەیدایەیان دەبێت کۆنگرەی جنیف لەتشرینی یەکەمی

بروانە : ل ١١

لەچیلەی سەرنووسەری کۆچکردوی ئەم رۆژنامەیدا

سەرلەنێوارەی رۆژی دووشەمە ، چلەیەکی فراوانو ئەورە بۆ گیانی رەوانی هاوڕێ عثمان محمد فایقی کۆچکرو لەهۆڵی (ابن الندیم)و سەربەکتیبخانەی نیشتمانی ـ گیرا ... یادی چلرۆژەی کەئەم هاوڕێ نازیزەمان بەدەس تاقمێکی دەسرەشو بەدنیهادو نۆکەری ئیمپریالیزم کوژرا .. بەو مەبەستەی کەئەگەر رۆلە دڵسۆزەکانی شۆرش لەناوبەن ئەتوانن کۆستو کۆسپ بخەنەبەردەم ڕەورەوەی شۆرشە مەزنەکەمانو بیسلەمێننەوە .. !! بەڵام خەیاتی خاوەن پووچ دەرچوو .. هەر لەرۆژی ناشتنی تەرمی مامۆستای عثمانی شەهیددا پەیمانی دڵسۆزی دەهاپتر تازە ئەکرایەوە . . لەپرسەی سێ رۆژەیدا پەیمان تازە تر ئەبووەوە . . ئەکرایەوە .. لە چلەشیدا ئەوپەڕی پەیمان . . ئەمرویشو بەردەوام ئێمەی دڵسۆزانی گەل پەیمانو یادی بۆ تازەتر ئەکەینەوە ..هەموو هەلوێستو کارە بەنرخەکانی ئەم هاوڕێ دڵسۆزە لەبەرچاو ئەگرین و ئەو ڕێگایەش ئەگرینەبەر کە مامۆستای شەهید گیانی خۆی لەپێناویا بەختکرد .. ڕێگای سەربەرزی گەلو باشەرۆژی گەل . چونکە دڵنیاین لەوەی کە تێکوشەرێکی سەرڕاست ورۆشنبیرێکی داڤایم و نوسەرێکی نازاو رۆژنامەنوسێکی چەلەنگ ومرۆڤێکی دڵپاکو وەفادار بوو . . هەوڵێکی بێشومارو بیاوانەی ئەدا بۆ پەرەپێدانی چاپەمەنیەکانی (بەیان)و (رۆشنبیری نوێ)و (هاوکاری)و دەسگرتنی هەمو ئەدیبێکی رەسەنو لێهاتوو . . سەرباری هەلسەنگاندنی مەوزوعیانەی هەمو دلسوزێك و کارکەرێك و بەرهەم هێنەرێك . . لەدەرفەتی کارکردنی لەئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانا گشت هێزو توانای خۆی تەرخان کردبوو بۆ رەگ بێداکوتانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی شۆرشی مەزنو حزبی سەرکردە لەم بوارەدا . . سلاو لەگیانی پاك و لەچلەی هاوڕێ عثمان فایقی شەهید .

« هاوکاری »

بەرگری کەنار کەوت

سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

Institut Kurde de Paris

سەرویتار

ڕۆشنایەك لەسەر وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە

وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر کەلە شانازی تەمەوژدا ئاراستەی ئەلی کرد ، لەوەنەریتە شۆڕشگێڕیانەیە کە گەل شانازیان پێوە ئەکا ، چونکە ئەو بەیەك گەیشتە ماناو نیشانەی خێری هەیە لەکۆتایی ساڵێکی پڕدەسکەوتی تەمەنی شۆڕشدا چونکە ووتارەکە دەست نیشان کردنو بیروڕای ئەوتۆی تێدایە کە بیری فراوانترین کۆمەڵانی خەڵك روناك ئەکاتەوە ، لەکاتێکدا کە لەرێبازی بیناکاریو پێشکەوتنو چونە ناوچەنگی نیشتمانیو ئەتەوەییدا پێشوازیی ساڵێکی تر ئەکەن .

وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە بەتێروانینێکی بەباوەڕو شۆڕشگێڕانە لە مەسەلەی نیشتمانیو نەتەوەیی یەکانی دوا ، ئەو سەرکەوتنانەی بەسەرهێنده دوژمنکاری یەکاندا بەدیمان هێناو ئەو دەسکەوتەشۆڕشگێڕی یە مەزنانەش کە دروستمان کردن وای لەقەڵەم ئەدا کە مەنگاو ئانێکە لەورێگایەداو بێویستمان بەقولکردنو دەولەمەندکردن هەیە ، بۆ ئەوەی ئامرازو بیداویستی بەردەوام بوونی شۆڕش بۆ هەنگاونانی ترلەرێبازی بیناکردنی سۆشیالیستیدا بڕەخسێنرێ .

لەبەرئەوەی شۆڕشی بروانە : ل ٧

رژیمی حافظ أسد هەوڵی چارەسەرکردنی باری ئاڵۆزی سوریا ئەدات.

دیمەشق ـ ۲۵ ـ ئا.د.ع :

وەزیری ئاوخۆی رژیمی فەرمانڕەوا لەسوریا ، لەوداوایەدا هەندێ کرداری توندوتیژی بۆ سنوردانانی سەربەستی هاوڵاتیانو بۆ ئەوشتەش کە بە رنگختنی کاروباری دانیشتنی عەرەبو بنگانە لەسوریادا ، ناونەبرێ ، بەهەوڵی ئەوەی باری ئاڵۆزی وڵاتەکەی چارەسەربکا ، دەرکرد .

هەواڵی رۆژنامەکانی دیمەشق وائەکەن کە بنزاربی هەموو کۆمەڵانی گەل عەرەبی سوریای کرژتەوە دژی ڕەفتارەکانی تاقمی فەرمانڕەوا واو کوتایی هاتنی ترساندنو تۆقاندنی خەڵکی ، بۆ ئەوەی لەوگیروگرفتە ئابوریەی خنکێنەرانە دەربچن کە کۆمەڵانێکی زۆر لەسایەی ئەو رژیمە پێوەیان ئەناڵێنن .

هێزەکانو پارتە سیاسییەبەرهەڵستی کەرەکانی سوریا هاوەدەنگی خۆیان لەگەڵ هەستی هاووڵاتیاندا دەربڕی، بەوەی کە بەشداربی ئەو هەڵبژاردنە ناکەن کە بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل ناونەبرێو ئەو رژیمە داوای کردوە لەیەکی مانگی داهاتودا بکرێ .

سەرچاوە سیاسیەکان لەدیمەشق وایان لێهاتووە بەرەندی رووداوەکان لەسوریادا وادەرنەکەوێ کە ئەو یاری هەڵبژاردنەی رژیمی فەرمانڕەوا ویستی گەل بێوە خەریك بکاو رووی بێ لەگیروگرفتە راستەقینەکانیو ئەو واقیعە خراپەی کۆمەڵانێکی زۆر تێیدانەژین ، وەربگێڕێ ، لە رەفتارێکی ساختەچیانە بەدەرنی یەکە لە دوخێکدا ئەکێڕرێ سەربەستی تێدانی یە .. بۆ ئەوەی ئەو تەکینەوە جەماوەریو سیاسیەی ئەو رژیمە تێیدا ئەژی دابپۆشێ ، دەرکەوتوترینی ئەو کارەش بەشداری نەکردنی هەڵبژاردنە وەك دەربڕینێك بۆ رەفزکردنی رژیمو دەزگاکانی لەلایەن گەلەوە .

ئەو سەرچاوانە بەنجەیان بۆ ئەوە دریژکرد کە رژیمی سوریا دوای ئەوەی کارلەکارتراژاوە هەوڵئەدا بەبزوتنەوەیەکی نوێ بەرەو لوبنانو بە رەفتارکردنێك کە سەرزاری جۆرەنەرمیەکی تێدابێ سەبارەت بە گیروگرفتی بەرگری فەلەستینی ،بەتایبەتی دوای ئەوەی مەودای دەورە خیانەتکاریەکەی لەرووداوەکانی لوبنانو لەپێشیەوە بزوتنەوەی لوبناندا کەوتۆتەروو ، لە گیروگرفتە یەك بەدوای یەکەکانیدا رزگاری بێت .

ئەو سەرچاوە سیاسیانە ئەوە ئەسەلمێنن کە ئەو بەتەنکەوە بوونە سەرزاری یەی کاربەدەستانی ئەورژیمە لەقسەو بەیوەندی یە راستەوخۆکانی لەو دواییە لەگەڵ بزوتنەوەی هێزی بەرگری فەلەستینیو بزوتنەوەی نیشتمانیدا کردویەتی ، راستی رەوتی ئەو رژیمە ئاشارتنەوە کە رووداوی نوێ لەخواروی لوبناندا دروستئەکا ، بۆئەوەی سەرنجی ناوخۆیو عەرەب سەبارەت بەو دۆخەگرژە دووربخاتەوە کە چ لە بواری داڕوخانی ئابوری یاخود تەنگوچەڵەمەی ئایش یاراستندا تووشی هاتوە . ئەو رژیمە بەوهەلوتستە تاکتیکیەی کە لەگەڵ بەرژەوندو ئامانجەکانیدا یەکناکەوێ ، لەبەخشەی فرتوفێڵ کردن دەرنەچوە کەجێزی وایشانئەدا بەتەنگ ئەتەوەیەو کەچی کاتێکیش دەرفەتی بۆرێك ئەکەوێ لەپشتەوە لێئەدا .

هەروەها ئەو سەرچاوانە ئەڵێن ، ئێستا رژیمی سوریا دوای دووسال بەدوای چوونە ناولوبنانو دەستوەردان لە رووداوەکانی لوبناندا نەیتوانی هەموو ئامانجەکانی ئەو خۆتێهەڵقورتانە بەجێبهێنێ ئەمەش لەبەرئەمانەی خوارەوە:

۱ ـ مەترسیی بەردەوام بوونی خۆتێهەڵقورتاندنی رژیمی سوریا لەلوبناندا ، بەهۆی ئەو گژڕانەی لەوهەلوتستو دۆخەدا پەیدابوو کە ئەو کارەی تێدا دەستپێکرد ، لەگەڵ ئەو کارەی کردیە سەر لایەنگیری سوپای سوریا بۆ کاربەدەستانو سەربەکێتی ئەو سوپایەش وەك دەزگایەکی سەربازی .

۲ ـ ئەو سەرنەکەوتنەی هاتەرێی نەخشەکانی ئەو رژیمە لەلوبناندا کەبۆ هاتنەوەیەکی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانی بوو ، هەتاوەکو دوای کوشتنی پیشەوای نیشتمانی کمال جنبلاطو ئەو هێزە فراوانە سەربازیو موخابەراتە تۆقێنەرەشی کە هەیبوو ، ئەو رژیمە نەیتوانی ئەوە بەدی بهێنێ کەبەناوی ((بەرەی فراوان))ی ناونەبرد .

۳ ـ ئەو تێوەگلانەی هێزە راستڕەوە گژشەگیرەکان تێوەیان گلاند کەئەو رژیمە لافی نیشتمانیەروەریەتی لێئەدا و کەچی ئەو هێزانە بەیوەندی یەکی بەهێزیان لەگەڵ زایۆنی دوژمندا پێکهێنا .

ئەو رژیمە زۆری بەوهێزانە بەخشی ، بەڵام تائێستا ئەو هێزانە هیچ شتێکیان پێنەبەخشیوەو نیکەرانیان کردوە بەوەی کە بڕوای پێناکەن بتوانێ ئەو نەخشەیە بەجێبهێنێ کەلەسەری رێك کەوتون . کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا « بلیت » لەسەر هاوبەیمانیەتی کردن لەگەڵیانا ئەبڕێو یارمەتیان ئەدا ، لەگەڵ تەنها قسەوتێکی زۆر دەربارەی دەولەتایەتی لوبنان .

هەموو ئەو گیروگرفتانەی لەگەڵ تەگینەوەی خەڵکی لەورژنەوە ئاربەدەستانیدا بەرێ کەوتونو تێکچوونی بەیوەندی کاربەدەستانیان بەبەکتریەوەکە ئەبشتۆتە پلەی یەکتری کوشتنو ئاژانسەکانی دەنگوباس رایان ئەگەیەنێ هەتا ئەوانەی بۆماوەیەکی درێژیش لەگەڵیاندا بوون ،هەموو ئەمانە حافظ اسدو پیاوەکانی حافظ اسد یان خستۆتە بەردەم داهێنانی فرتوفێڵێکی نوێ کە لەرەوتە ناشکراکەی دابڕابێ ، بۆ ئەوەی دەرفەتێکی بۆداپۆشینو هەڵمژینی بێزاری جەماوەران بێبەخشێ ،تاوەکو سەرلەنوێ بگەڕێتەوە سەر رەفتارکردنی دەورە خیانەتکاریەکەی .

فرانس چاوی بەباڵوێزەکانی میسرو سوریاو لوبنان کەوت

واشنتۆن ـ ۲۶ تەموز ـئا.د.ع : پێری سایروس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە گەل باڵوێزەکانی میسرو سوریاو لبنان لەواشنتون گۆ بووە .

ئەم چاوپێکەوتنانەدا باسی زیارەتەکەی بیگن سەرەك وەزیرانی دوژمن بۆ واشنتون وەباسی کەرانی ئایندەی فانس بۆ ناوچەی عەرەبی کەمەبەسی چارەسەرکردنی سازاندنە .

هەروەها باسی گۆنگرەی جنیف لە نێوان دوژمنو رژیمە عەرەبیەکانی سازاندنداگراوە .

فراوان کردنی حکومەتی لوبنان

سلیم الحص سەرەك وەزیرانی لوبنان بڵاوی کردۆتەوە کە لەوە ئەچێ لە ماوەی دو هەفتەی داهاتودا حکومەتی لوبنان فراوانتر بکرێ .

ناوبراو پێرێ لە بیروت بۆ رۆژنامە نوسەکان دواوە وتویە ! لە ماوەی دو هەفتەی داهاتودا جمو جوڵێکی سیاسی گەورە روئەدات .

بەڵام الحص لە بارەی سروشتی ئەم گۆڕانکاریو جموجولە سیاسیەوە هیچی نەدرکاندوە ، هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانی لوبنان پێرێ بە سەرۆکایەتی ئەلیاس سەرکیس سەرۆکی لوبنان کۆ بۆتەوەو باسی گەلێك باسو مەسەلەی ناوخۆو دەرەوەیان کردوە .

بەم زوانە بۆتۆ لە بەندیخانە دەردەچێت

ئیسلام ئاباد ـ ۲۶ تەموزئا.د.ع : ذو الفقارعلی بۆتۆ سەرەك وەزیرانی پێشووی پاکستان رای گەیاند کە بەم زوانە لە بەندیخانە دەردەچێت . دوێنێ ئەمەی لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا بۆ رۆژنامەنووسەکان راگەیاندو ووتی قەدەغەکردنی هەڵسوکەوتی ئێستا سووك دەکرێتەوە .

هەروەها ووتوویشە دوای بەردانی یەك رۆژ لە ڕوالبەندی دەمێنێتەوە بەر لەوەی بەرەومالی خۆی بکەوێتە رێ لە هەرتمی سند . ئەوەی ئاشکراشە کە ئێستا بۆتۆ لە شاری موری ئالدی بەندکراوەکە سی میل کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی ئیسلام ئابادەوەلەو کاتەی کودەتای سەربازی یەی رۆژی پێنجی تەموزی ئەم دوایی یە حکومەتەکەی لە سەر کار لابردووە .

سەرۆکی بەنگلادیش سەر لە سعودیە ئەدات ..

دەکا : ۲۶ تەموز ئا.د.ع :ـ ئەمرۆ سەرۆکی بەنگلادیش ضیاء الرحمن دەکای بەجێهێشت بەرەو سعودیە لە سەردانێکدا کە سێ رۆژدەخایەنێت .

لەم سەردانەدا ضیاءالرحمن لەگەڵ مەلیك خالید بن عبدالعزیز پادشای سعودیەداگفتو گۆ دەکات سەبارەت بەپەیوەندی دوو قۆڵیو ئەوەمەسەلانەی هەردوو لا بایەخی پێدەدەن .

یەشداری نەکردنی جەماوەری سوریا لە هەڵبژاردندا نابووتی رژیمی حافظ أسد دەرئەبڕێ

دەنگو باسەکانی دیمەشق دووپاتی ئەوە ئەکەنەوە کاربەدەستانی رژیمی ناوبراو گەلێ فرمانیوای هێناوەتە پێشی بەشێکی زۆری جەماوەری سوریایان بێ بەش کردوە کە مافی ئەوەیان هەبێ ئەم کاری هەڵبژاردنەیان نەوێت .

ئەم کاربەدەستانە هاتوەنیەچە دانیشتنی ناچاریان لە مەنبەندی دەستیشان کراوی هەڵبژاردندا بەسەر هاونیشتمانیەکاندا سەپاندوەو نایەلن بچنەوە شوینەکانی خۆیان .. ئەلێ داخوازیش لەلایەن ئەوانەوە پێشکەشکراوە کەدژی رژیمی ناوبراون بەڵام بە بیانوی و شتی هیچو بوچەوە لەلایەن ئەو لێژنانەوە پەسەند نەکراون کە ئەندامەکانیان لەدەزگا جاسیوسیەکانی رژیمەکەن .

ڕاپۆرتە رۆژنامە ئەریەکان دووپاتیان کردۆتەوە کە هێرشێکی فراوانی رێکخراو هەیەو بزوتنەوەسیاسیەکان سەرکردایەتی ئەکەنو پێش هەموویان سەرکردایەتی فوتری کانی حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی سوریاو ئەلێ نیشتمان بەرەوەری ناسراون بۆ بەشداری نەکردنی هەڵبژاردن .

لە گەڵ ساختەو دۆزودە لەسەو کوشتنو برینو هێز بەکارهێنانی ئەم رژیمەدا بۆ بەرێوە بردنی بەرژەوەندی خۆی ئەم ڕاپۆرتانە واچاوە نواڕ ئەکەن کە رژیمی ناوبراو لەکردنی هەڵبژاردندا سەرنەکەوێ .

هەڵبژاردن لەژێرسایەی رژیمێکی گومان لێکراوی دژی گەلەکەیدا نەکرێ کە پشتلە رژگارکردنی زەوی دا گیرکراوێتی بکاو لەناوخۆدا رێگەی سیاسەتێکی چەوتی نەوتژی گرتوەکە بەرژەوەندی زیاتری دەستەی کۆنەپەرستانو دواکەوتن نەپارزێو لەدەریشەوە باشترین پەیوەندی لە گەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکادا پەیدانەکاو ئەك هەرئەوە بەڵکو بۆچارە سەرکردنی مەترسدارترین بارەی نەتەوایەتیو چارەنوسی دیارە هەر هەڵبژاردنێکی ڕوکەشیەو خزمەتی نەخشەکانی ئەورژیمە ئەکات بۆ ساختەچێتی کردن لەگەڵ خواستە میللیەکانداو دروستکردنی بەرکرێ گیراوی تازەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەخشەو پرۆژەکانی خۆی لەسەر رێگەی خزمەتکردنی نەخشەکانی ئیمپریالیزم .

ئەمرۆش کەهێزە سیاسیەکانو جەماوەری سوریا کە لەڕوی باڵاوتنود دەنگدانەوە پشت ئەکەنە ئەم یاریەی هەڵبژاردن ، دوبارە نارەزایی خۆیان بەرامبەر رژیمازی ئەو رژیمەو ئەو سیاسەتانەی کەهەیەتیو باوەڕی نەکردنیو دەنگ دەربڕین دژی ئەم کردەوە تاوانباریانە دوویات ئەکەنەوەو بەرەنگاری ئەوە ئەوەستێ کەبچنەپاڵ دەزگاڕەوا لەتیەکانی .

گەلی سوریا بەهەست بەرزیو هێزوی پیرۆزی تێکۆشانیەوە ڕوبەڕوی ئیستعمارو بەکرێ گیراوەکانی ناسراوەو نوشوستیەکانیشی کەتوشی ئەبێ زیاتر هۆشی بێبەیدا ئەکاتو زیاتر لەسەرخەبات سوری ئەکات بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی و ئازادی بۆئەوەی بۆ پێشخستنی کاروانی ئازادیخوازی عەرەب جێگەیە بۆ خۆی بگرێو بەشداریەکی ئەرمی شەری ئەتەوایەتی بیرۆزدژی ئیمپریالیمەتو زایۆنیزم بکات .

پشت کردنە هەڵبژاردنی ڕوکەش هەڵویستێکی نیشتمانیەو لە گەڵ تێکڕا هەموگەلدا ئەگونجێو پێویستیەکانی بەرتە گرتنو بەرەنگاری کردن بۆڕوخاندنی ئەو رژیمە ناپاکە ئەرەخسێنێ .

کاروباری جیهان

ـ جزا صالح ـ

نوێنەرانی ژمارەیەك لە دەوڵەتە بێلایەنەکانو وڵاتە سۆشیالیستەکان پشتتێکردنی دەوڵەتە ئیمپریالیەکانیان بەرامبەر بریاری سەربەخۆیی یەکانی وڵاتانو گەلانی ژێردەستە تاوانبارکردو ئەو دەوڵەتانە لەبەنگەنامەیەکدا کە پێشکەشی لیژنەی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکانی نەهێشتنی ئیستیعماریان کردوە ، داوایان کردوە بەبەلەو بێ هیچ جۆرە کۆسپو مەرجێك ، بنکەو نوردوگای سەربازی یە ئیستیعماری یەکان پاکبکرێتەوەو نەهێڵرێ بنکەونوردوگای نوێ دابمەزرێنرێن .

دروست بوونی لیژنەیەك لەناو نەتەوە یەکگرتوەکاندا بە ناوی « لیژنەی نەهێشتنی ئیستیعمار »ەوە ئەوە ئەنوێنێ کە تەرازوی باری نێو دەوڵەتانبەشێوەیەکی ئاشکرا بەلای تێکۆشانی گەلاندا دانەشکێ ، ئەو دەسکەوتە گرنگەش لە ناو رێکخراوی دەوڵەتاندا دەستگیرخراوە .

ئەونوختە گۆڕانەش لە دۆخی دەوڵەتاندا ، لە قوربانیدانو بەدادی تێکۆشانو بەرەوایی ئەو مەسەلەیەی بەرگری لێ ئەکرێ ، جیاناکرێتەوە ، مەسەلەی مافی ئاشکرای سەربەخۆیی تەواووچارەنووس هەروەها بێکهێنانی لیژنەی نەهێشتنی ئیستیعمار لەوەش جیا ناکرێتەوە کە ئەو مەسەلەیەی ئیمپریالیەت بەرگری لێ ئەکا ، مەسەلەیەکی نارەوایە . بەم چەشنە دەوڵەتە ئیمپریالیەکان بینیان بەتەواوی لاکەوتونو دابراون .

لەکاتێکدا هەموو ئەو هۆزیانەبوونەتەمایەی بێکهێنانی لیژنەی « نەهێشتنی ئیستیعمار » لەچوارچێوەی رێکخراوی دەوڵەتاندا ، دەوڵەتە ئیمپریالیەکانو بەکرێگیراوەکانیان لە ناو رێکخراوی دەوڵەتانودەرەوەیدا هەمیشە تەقەلای گەمارۆدانی بریارەکانی ئەو لیژنەیان داوە بۆ ئەوەی بەکیبخەن یاخود بیبوکێننەوە .

ئالێرەوە ئەو بەڵگە نامەیەی کۆمەڵێ دەوڵەتانی بێ لایەن لە ناورێکخراوی دەوڵەتاندا پێشکەشی کرد ، بایەخی خۆی وەرنەگرێ ، بەوەی کە بەردە لە رووی هەوڵی گەمارۆدانی بریارەکانی لیژنەی نەهێشتنی ئیستیعمار لەلایەن ئیمپریالیەتەوە ، هەڵئەمالی ، ئەو بریارانەی مافی چەسپیوی هەموو گەلانی ژێر دەستەیان لە چارەنووسو سەر بەخۆیی خۆیاندا سەلماندوە .

هەرچەند ئیمپریالیەت هەوڵی گەمارۆدانی بریارەکانی رێکخراوی دەوڵەتان ولیژنەکانی سەر بەورێکخراوە بدا ، دەنگی گەلان لە ناو رێکخراوکەو دەرەوەیدا هەر بەهێزترە لە هەوڵی ئیمپریالیەکان . راستیەکانی ئەو چەرخە ئەوە دەرئەخا کە رۆژی ئیستیعمار لە ناوابوندایە وچەرخ چەرخی گەلانە ، ئەو چەرخەی کە هەموو وێنەیەکی ستەمکاری و چەوسانەوەی تێدا لە ناو ئەچێت ..

ئەم ئەنجامەش لە کەلێ سەرچاوەوە هەڵئەقوڵێ ، لە پێشی هەموویانەوە سەربەخۆیی گەلێ لەدەوڵەتانی جیهانی سێیەم ، بێ هەڵخلیسکانی دەوڵەتە ئیمپریالیەکان لە زۆر پایەوشوێنی خۆیان ، هەتا لە ناو رێکخراوی دەوڵەتانیشدا ، تاوەکو زیاتر لەجارێك ناچاربوون مافی هەڵوەشاندنەوە (ڤیتۆ) دژی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەکار بهێنن .

بەهەمو دڵنیاییەکەوە گەلانی خەباتکەر وەك گەلی فەلەستینو گەلانی ئەفریقاو هەموو ئەو گەلانەی بەدەستی ئیستیعمارو دەسەڵاتداریەتی رەگەزایەتیەوە ئەناڵێنن ، بەقوربانی دانیان وپشتگیری کردنی تێکۆشانیان لەلایەن رای گشتی جیهانەوە ئەتوانن ئیمپریالیەتو سەهێونیەتو رژیمە رەگەزپەرستەکان بەزێنن .

شۆڕش و ڕێڕەوی ئۆتۆنۆمی

بەبۆنەی بەرەوەری نۆهەمی شۆڕشی ۱۷ی تەموزەوە

عادل عبدالجلیل

چارەسەری مەسەلەی کورد لەباری مێژووییەوە بە تاقاندنەوەی شۆڕشی حەدەی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە بەستراوە کە لە چارەسەری ئەو مەسەلەدا هێندێ بنەمای مەبدەئی و ستراتیژی گرتە پێش کە پێوەندیان بەبیروباوەری نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و دێموکراتی حزبەوە هەبوو .

سەرکردایەتی حزب و شۆڕش لە تێکۆشانیدا بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە تووشی زۆر دژواری و گرێ کوێرەی جۆر-بەجۆر بوو ، ئەویش بەهۆی زۆر شتەوە بەتایبەتی بەندو بەستی نێوان تاقمێ بەکرێگیراوی ناوبزووتنەوەی کوردو هەزە ئیم ریالیستی زایۆنیستی و کرنە هەرستەکانی ناوچەکە دەیاوانەویست بۆ بەتەنگ هێنان و گەمارۆدان و هەڕەوەها بە امانجی ڕووخاندنی شۆڕشە سەرکەوتووەکەمان کەکی لێوەربگرن

.. بەڵام شۆڕش بەئیرادەی دڵسۆزانەو خواستی شۆڕش-گێرانەو نەخشەکێشانی زانستی ووشیارانە توانی بەسەر هەموو ئەو کەندو کۆسپانەدا باز بدا کە خرابوونە ڕێگای و چارەسەرتکی ناشتیخوازانەو دیموکراتی یانەی هێنایەکایەوە کە نیشاندەری ناوەڕۆکی بیروباوەڕو امانجەکانی حزبی فەرمانڕەوایە بوو و ئیلهامی لە پێداویستیە ستراتیژیەکانی خۆڕاگرتنی شۆڕش و قووڵکردنی ڕێرەوە سۆشیالیستیەکەی وەرگرتبوو

بەجی هێنانی شۆڕش بۆ ئەو ئەرکانەی بەیاننامە مێژوو-ییەکەی ئازاری ۱۹۷۰ خستبوونە سەرشانی و دەرکردن و جێبەجێ کردنی یاسای ئۆتۆنۆمی و پێك هێنانی دامەزراوە تەشریعیە-کانی و خولقاندنی هەڵو مەرجی دێموکراتی و نیجابی بۆ پێشخستنی دۆخی ناوچەکە دەریانخست کە شۆڕش بەتوندی سوورە لە سەر لە ناوبردنی کۆسپەکان و پێك هێنانی زەمینەیەکی پتەو بۆ گەشەکردن و چەسپانی یەکیەتی نیشتمانی و بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە چی تر لەلایەن هێزە کۆنە پەرست و ئیستیعمار یەکانەوە کەلکی لێ وەرنەگیرێ بۆ ئەوەی ئەهێڵن عیراق بەرەو بنیاتنان و پێشکەوتن بڕواتە پێش .

لەبەر سوور بوونی شۆڕش و بایەخ پێدانی لە ڕادەبەدەری بەدۆخی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو ساڵانەی بۆ بکرێتەوە کە بە هۆی هەڵو مەرجی ناتاسایی و لەئەنجامی یاخی بوونی تاقمی بەکرێگیراودا لە دەستی چوون .. ڕێرەوی ئۆتۆنۆمی زۆر ئالۆگۆڕی نیجابی و قووڵکردنێکی بەردەوامی بەخۆیەوە بینی بۆ چەسپاندنی دامەزراوە دەستوورییەکانی و کردنی بە تاقیکردنەوەیەکی پێشڕەو کە بەشدارین لە قووڵکردنی پێوەندی برایەتی و خەباتی ناو کۆیی و جارەنووسی هاوبەشی نێوان ڕۆڵەکانی گەلی عیراقدا وخزمەتی ئەو ئامانجانە بکا کە لەڕێگای شۆڕش و پێشکەوتندا دیاری کراون .

سەرکردایەتی حزب و شۆڕش هەوڵو تەقەلایەکی بێ وچانی داوە بۆ پێشخستنی دۆخی ناوچەکە بەئامادەکردن و ڕایەڕاندنی نەخشە مەرکەزیەکانی دەولەت بۆ پێك هێنانی گەشە کردنێکی هاوتای هەموو ناوچەکانی عیراق و بۆدابین کردنی پێداویستیەکانی گەشەپێدانی تەواوی کردەوە شۆڕشگێریە کەو بەتەواوی جێبەجێ کردنی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی وەن سروشتی دێموکراتی بە مەبەستی ڕیکاخۆش کردن بۆ گوازتنەوە بۆقۆناخی بیناکردنی کۆمەڵی سۆشیالیستی .

تخصیصاتی ناوچەکە لە ماوەی ساڵەکانی ۷۰-۷٤دا کەیشتۆتە زیاتر لە ۳۵۰ میلیون دینار کەبۆ پرۆژەی پیشەسازی و دامەزراندنی پرۆژەی ئاوو کارەباو کەرتی کشتوکاڵو پرۆژەی ئاودێری و گەشتو گوزار وخزمەتەتەندروستیەکان خەرج کراوە ، زۆر مەبلەغی کەورەی تریش بۆ کاروبنیاتنان دانراون و بەرنامەی سەرمایە-دانانی ساڵی ۷۷ بیش بایەخێکی زۆری بە دۆخی ناوچەکەداوە بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەتەوایەتی و وەدی هێنانی خۆشکوزەرانی وژیانی سەربەرزی .

چەند پرۆژەی پیشەسازی

لە مەیدانی سەنعەتی کردندا کارگەی شەکری سلیمانی لە پێشەوەی ئەوپرۆژە پیشەسازی یانە دایە کە لەناوچەکەدا جێبەجێ کراون .

ئەوکارگەیە لە ٣ی حوزەیرانی ۱۹۷۵ دا کراوەتەوە و ۱۵ میلیون و ٤۵۰ هەزار دیناری تێچووەو توانای بەرهەم هێنانی ۷۵ هەزار تەن شەکری سپی هەیە ونیزیکەی ٦۰۰ کرێکار تیشی تیدا دەکەن .

ئەم پرۆژە گەورە یە بێجگە لە کرێکارەکانی زیاتر لەسێ هەزار جوتیار کەلکی لێوەردە گرن لە ڕێگای چاندنی چەوەندەری شەکرو فرۆشتنی ئەو بەرهەمەوە .. ئەمەش مانای ئەوەیە کەکارگەکە پاڵ بە جووتیارە کوردەکانەوە دەنێ کە چەوەندەری شەکر بچێنن و کەلك لە توانای ئەوزەوی یانە وەربگرن کە لە سەریان دەژین .

بێجگە لەو پرۆژەیە زۆر چالاکی پیشەسازی ترین هەن کە وەکو بەرەپێدانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بۆئەوەی توانای بەرهەم هێنانی زیاتر بکرێ ، وپرۆژەی پارافینی سلیمانی وسێ کارگەی بوختە کردنی تووتن لە سلیمانی و هەڵەبجەو کۆیەو بەرەپێدانی کارگەی جگەرەی سلیمانی و بیناکردنی چەندەزگایەکی کارەبا بۆگەیاندنی کارەبا بە لادێکان و پرۆژەی مەرمەری هەولێرو کارگەی تەنینی خوری و کارگەی بەرهەمە کۆنکریتیەکان . ئەم چالاکی وکارانە کە لەمەیدانی پیشەسازیدا جێبەجێ کراون هەموو بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی هاوڵاتیانان بوون و بوونە هۆی خستە سەرکاری بەشێکی زۆر لە هاوڵاتیانان و کەمارۆدانی دیاردەی بێکاری .

پرۆژەکانی کشتوکاڵ

لەپێناوی ڕاپەڕاندنێکی سەرانسەری کەرتی کشتوکاڵ شۆڕش بایەخێکی تایبەتی داوە بەپرۆژەکانی ناودان و بەستدروست کردن وبنیاتنانی عەمباری ئاو ، چونکە ئەم پرۆژانە کۆڵەکەی بنەڕەتی نونکاری کشتوکاڵن و یارمەتیدەری بەرەسەندنی بەشی کەرتی کشتوکاڵن لە بەرهەمی نەتەوایەتیدا وهۆی ڕزگاربوونی لەو ناکامە سەلبیانەی کە لە ئەنجامی پشتبەستان بەباران وەکو تاقە ڕێگەی ئاودان ، دێنە بەر .... نموونەی هەرە لەبەر چاوی ئەم پرۆژانە پرۆژەی ناودانی ئەسکی کەلەکە لە هەولێرو بەستی کەوتۆسە لە سلێمانی و بەستی خازەر کۆمەلە لە دهۆك ، سەرەڕای پرۆژەیەکی زۆری تر .

شۆڕش ، بۆ ئەوەی چارەسەری باری دواکەوتوی کەرتی کشتوکاڵ بکات و شۆڕشگێرانە دەستبکرێ بەلابردن و پاکژدانی بەیوەندیە دەربەکیەکان لە لادێکانی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیدا یاسای ژمارە (۹۰)ی دانا بۆ سنووردانان بۆ مولکیەتی زەوی کە بۆ خۆی بوو بەهۆی دەولەمەندکردنی تاقیکردنەوەی چاککردنی کشتوکاڵ لە هەموو وڵاتدا .

بابایی ئەو زەویانەی کە لە بارێزگاکانی ناوچەکەدا دەستی بەسەردا گیراوە بەگشتی کەبشتە (۱) ملیۆن و (۹۱۸) هەزار و (٤٤) دۆنم ، لەمە ۸۲۷٫۵۲۵ دۆنمی لە هەولێرو ٦۸۵٫۸۵۱ دۆنمی لە سلێمانی و ٤۰٤٫٦۵۸ دۆنمی لە دهۆك دابەشکراوە، هەروەها ژمارەی بارەیەکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە ڕەخساو زۆرترین لەوەی کە لەبەیاننامەکەدا هاتبوو ، بەگوێرەی ئەو ئیلتیزامەی کە سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش جاڕی دابوو ..

بۆیەکەم جاریش لەوڵاتێکی گەشەسەندودا چارەسەرێکی زانستیانەو کارامانە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی هەڵئەخرێ . برایەتی کوردو عەرەب بەندە بە بناغەیەکی پتەوو پێشکەوتوو ڕەگ داکوتانی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردی ئێمەوە .. ئەم تەجرەبەیە یەکێتی عیراقی میللی و نیشتمانی پتەو تر ئەکات و ئەیخاتە سەرە ڕێگای گۆڕان و بنیادنانی شۆڕشگێرانەی بنەڕەتی، دوای لابردنی هەمو ئەو کۆسپانەی کە باری برا کوژی و خوێنماوی چکەر بری چاران لە بەردەم لیستی و بڕوای بتەوی بەپێداویستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە لە پێناوی بتەوکردنی دەسەڵاتی نیشتمانی و قۆلکردنی ڕێبازی دیموکراتیانەی ڕێرەوی نیشتمانی و ڕەنگدانەوەی خواستی میللەتی کورد لە وەدی هێنانی مافە نەتەوایەتی و دیموکراتیەکانی دا . لە ڕێساو دەستوری شۆڕش و ستراتیژیەتی نەتەوایەتی دا . وانەبو بەیاننامەی ئادار دواسیفەیەك بۆ بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەو دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد بەلکو خۆی لەخۆیدا هەنگاوێ بوو لەسەر ڕێگای چارەسەر-کردنی تێکڕا و بنەڕەتی دا .

بەیاننامەی نادار دەروازەیەکی گرینگ بوو لە سەرەڕێی ئەو چارەسەرە بنەڕەتی ، بۆیە دوربینی شۆڕش سەلماند ، ئەو خێزانە جوتیارانەی کە لە دابەشکردنی زەوی کەلکیان وەرگرتن کەیشتە (۹۰) هەزار و (٦۰۸) خێزان ، لەمە ۲۷٫۸۲۱ خێزانی لە هەولێرو ٤٤٫۰٤۲ خێزانی لە سلێمانی و ۱۸٫۷٤۵ خێزانی لە دهۆك .

لە ئەنجامی بەجێهێنانی یاسای ژمارە(۹۰)دا جۆلانەوەی هەرەووزی کشتوکاڵی جەو-جۆلی تێکەوت و (۳۱٤) کۆمەڵەی هەرەوەزکاری ناوخۆیی و (٤۱) هەرەوەزی هاوبەشی و (۳) هەرەوەزی کە یەك جۆرە بەرهەم بە ناو ئەهێنێ و (۲) کێڵگەی هەرەوەزی دروستکران ، لە پاڵ ئەمەشدا ((۱٤٤۳)) کۆمەڵەی جۆتیاری لەهەموو بارێزگاکانی ناوچەکەدا دامەزرێنرا .

پەروەردە کردن و فێر کردن

لەم مەیدانەدا ، نەخشەی نزیك نامانج و دوور نامانج دانران ، کە تێیدا قوتابخانە ڕووخاوەکان چاك کرانەوە پێدا-ویستەکانی تری دەستکردن بە خوێندن تیایاندا ئامادەکرا و بارەیەکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە دانرا .

هەروەها ، هەوڵێکی زوردرا بو بەرەنگار بوو ئەوەی کەمی ی مامۆستا لە هەر سێ پلەی خوێندندا ، ئەم هەوڵانەش بوونە هۆی ئەوەی کە زیاد-کردنێکی زۆر لە میلاکی ماموستادا بکرێ بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن چ بۆ کچان چ بۆ کوڕان هەروەها ژمارەی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادە-ییەکان و باخچەی منداڵان لە هەموو پارێزگاکانی ناوچەکەدا زیادکران بەجۆرێك کە لەکەل پێویستی پیشخستنی پەروەردەکردن لەوێدا بکونجێ .

زانکۆی سلێمانی بایەخێکی زۆر فراوانی بەخۆیەوە دی و (۵۰) ملیۆن دینار تەرخان کرا بۆ ئەو فراوان کردنەوانەی کە پێویستە و بۆ دروستکردنی بەشی ناوخۆیی و نەخۆشخانە-یەکی فێرکردن کە (۹) ملیۆن دیناری تێ ئەچێ .

جگە لەمە ، ناوچەکە زیاد کردنێکی زۆری بەخۆیەوە دی لە مەلبەندەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریداو (۳۰۹) مەلبەندی لەمجۆرەی لێ کرایەوە کە زیاتر لە (۱٦۷۲٫) کەس تیدا فێری خوێندنەوەو نووسین دەبن .

گەشت و گوزار

ناوچەکە جۆلانەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە دی لە بواری چاکتر کردنی هاوینە هەوارەکان وشوێنەوارەکانی گەشت کردندا ئەگەر بێت و وەزعی پێش شۆڕشی حەفدەی تەموزو وەزعی ئیستای کەرەستەی دانراو بۆ ئەوانەی بۆ هاوینە هەوارەکان ئەچن لەگەل یەکدابەراورد بکەین ، ئەبینین ئەم کەرەستەیە نزیکەی (۸۰٪) زیادی کردوە .

ئەم بوارە گرنگە ئابووری وشارستانیەدا چەندین ئوتیل و دەوارگەی گەشتکردن و گازینو دروست کراون هەر وەها کۆڕانکاریەکی باش بەرەوپێشەوە لەبابەتی ڕابواردندا کراوە .

ڕێگاو بان

ڕێگاوبان بایەخێکی گەورەی درایە چونکە جێگایەکی گرنگی لە پەرەسەندا هەیە وناکرێ پیاو بیر لە پیشەسازی و کشتوکالیکی پێشکەوتوو یاخۆ بەرین کردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی و فیرکردن بکاتەوە بێ ئەوەی ناوچەکە بە کۆمەڵێك ڕێگاوبان بەئێتەوە ، هەر وەها ژمارەیەکی زۆری ڕێگاو برد لە بارێزگای ناوچەکەدا دروستکران تا بینە کۆڵەکەیەکی پتەوی کۆڕانکاری سەرانسەری .

خزمەتگوزاری تەندروستی

هەوڵێکی زۆر فراوان دراوە بۆ وەدەس خستنی خزمەتگوزاری تەندروستی و لەپاشاندا تەواو کردنی دەیەها نەخۆشخانەو مەلبەندی تەندروستی لە قەزاو ناحیەو لادێکاندا پرۆژەکانی خۆبارامستنیش بایەخێکی تایبەتیان دراوەتی چونکە ئەم پرۆژانەش بەشێکن لە نەخشەی وەدەسخستنی باشترین شێوەی خزمەتگوزاری تەندروستی و خۆباراستنی ، و لەم مەیدانەدا (۱۰۰) تیپی قەلاچۆکردنی مەلاریاو دەیەها تیپی دەستنیشان کردنی جۆری خوێن پێك هێنراون بۆ ئەوەی دەرمانی تەواوو بەدایم بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێ .

هەوڵێکی زوریش بۆ کوتانی هاووڵاتیانی ناو چەکە دژی پەتا دراوە هاووڵاتیانی ناوچەکە بەئەشتی (اشعە)یان بۆ گیراوە .

شۆڕشی حەفدەی تەموز کە ئەمڕۆ ئاهەنگی نۆیەم ساڵی ئەگێڕین بەردەوامە لە پێشکەش کردنی دەسکەوتی جەماوەری وشۆڕشگێرانەدا بەرەو بنیاتنانی نیشتیمانی نیشتیراکی گەشە کردوو کامەرانی بۆ هەموو گەلی قارەمانی عیراق .

نۆیەم ساڵەی شۆڕشی ۱۷ی تەموز
ڕێڕەوی خەبات و بەدخشێکی بێ وچان

لەم ڕۆژە نەمرانەدا ، کۆمەڵانی عەرەب یادی دوو ڕوداوی شۆڕشگێرانەی مێژوی شۆڕشی هاوچەرخی عەرەبی ئەکەنەوە ، کە خۆی لەخۆیداوەرچەرخانێکی چەشنەکی یە لە ڕێرەوی خەباتی شۆڕشگێرانە پێشەنگە شۆڕشگێرەکانی وڵاتی عیراق .

ئەوژمێکی شۆڕشگێرانەو خەباتگێرانەی قایمە لە ڕێرەوی خەباتی عەرەبدا .. هەروەکو چۆن شۆڕشی ١٤ تەموزی (۵۸) دەورێکی دیاری هەبو لە ڕابەرایەتی خەباتی جۆلانەوەی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانە بەرەو قۆناغی بنیادنان و گۆڕینی بنەڕەتی ، ئەوا شۆڕشی (۱۷) تەموز دەورێکی مەزنی هەیە لە قووڵکردنی خەباتی شۆڕشگێرانە وتەخت کردنی ڕێگای قۆناغێکی تازەو پڕشنگدارو پێشکەوتوو .

شۆڕش لەدەسکەوتە شۆڕشگێرانە بێوچانەکەیدا ، هەر لەیەکەم ڕۆژی سەر-هەڵدانیەوە تا ئەمڕۆ ، وێنەیەکی زیندوی شۆڕش ئەنوێنێ لە پڕواهێنانی بەمەسەلەکانی کۆمەڵانی خەڵکی میللەتو وەدەس خستنی کشت پێداو-یستیەکی پێشکەوتن وگۆڕان .

شۆڕشی ۱۷ی تەموز لە سای چەند بارێکی عەرەبی و ناوخۆیی بەکجار ئاڵۆزدا سەری هەڵدا ، کە ڕوبەڕوی دواروژی نیشتمان و مەسەلە چارەنوسیەکانی عەرەب ئەبووەوە .. کۆمەڵانی خەڵکیش بەدرێژایی وڵاتی عەرەب لەنێو بارێکی ئاڵەباری سایکۆلۆژیا ئەژیان لەئەنجامی توچدانی حوزەیرانی ۱۹٦۷ کە ببوە مایەی هەڵنانی گەلێ دۆخو باری ناهەمواری ڕوخان و دامرکان . بێگومان ئەو بارودۆخانە نیشانەیەك بوون بۆ سەرەتای قۆناغێکی تازە لە ژیانی میللەتو پاشە ڕۆژی مەسەلەکەیدا ..

شۆڕشی ۱۷ تەموز سەری هەڵداوو بو بە تەوژمێکی تازەو شۆڕشگێرانەی بنیادنان و پێشکەوتن و گۆڕینی بنەڕەتی ، چ لەمەفاهیمو چ لەشێوازە گەندەڵەکانی ئەوسای باو ، کە بەرەنگاری ڕێرەوی پێشکەوتن و گۆڕانی شارستانی ئەبووەوە .

ئاڵەلێرەوە شۆڕش ، تەنکیشانێکی ڕاستەوراستی ئارەزوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستبوو بۆ خولقاندنی چەند سیفەیەکی تازەی شۆڕشگێرانەی سەرەڕێی ڕێك خستنی کشت توانایەك لە پێناوی جێگیر کردنی بنکەی .

سەرکەوتن و دەسکەوت و گۆڕانە شۆڕشگێرانەو سوشیالیستانەو لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بنچ داکوتانی بنکەی ڕاپەڕینی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەعیراقدا ، هەروا خولقاندنی چەند سیفەیەکی تازەی وا کە لەکەل بارەی عیراق لەنێوان دەوڵەتانی دنیادا بگونجێ مانای نۆسالەی شۆڕشی ۱۷ی تەموزی هەڵئنابوو .

ئەم تەجرەبەیە گوشە سەرنجی دوربینی شۆڕشی سەلماند ، **کە حزبی ئێمە حزبی شۆڕش عەرەبی هەیە تی و ئازایانە ڕوبەڕوی هەموو جۆرە سیاسەتێك و دەمار گرژیەکی شۆڤێنی و ڕەگەز بازی نامرۆڤانە ئەبێتەوە .**

وەکو یەکالا کردنێکی ڕێبازی دیموکراتی لەئاستی پراکتیك دا گەلێ وەرچەرخانی دیار لە مێژوی تێکرای عیراق و میللەتی کوردیش بە شێوەیەکی تایبەتی ڕویدا ..

ئەمڕۆکە میللەتی کوردی ئێمە ، لە جاران پتر ڕیزەکانی پتەو تر و دەستە یەکدە پێشکەوتوخوازەکانی کورد ، دەورێکی دیار لە کاری ڕەخساندنی دیموکراتیانەی لیستی و بڕوای بتەوی بەپێداویستی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە لە پێناوی بتەوکردنی دەسەڵاتی نیشتمانی و قۆلکردنی ڕێبازی دیموکراتیانەی ڕێرەوی نیشتمانی و ڕەنگدانەوەی خواستی میللەتی کورد لە وەدی هێنانی مافە نەتەوایەتی و دیموکراتیەکانی دا . لە ڕێساو دەستوری شۆڕش و ستراتیژیەتی نەتەوایەتی دا . وانەبو بەیاننامەی ئادار دواسیفەیەك بۆ بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەو دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد بەلکو خۆی لەخۆیدا هەنگاوێ بوو لەسەر ڕێگای چارەسەر-کردنی تێکڕا و بنەڕەتی دا .

بەیاننامەی نادار دەروازەیەکی گرینگ بوو لە سەرەڕێی ئەو چارەسەرە بنەڕەتی ، بۆیە دوربینی شۆڕش سەلماند ، ئەو ئاکامە سەلبیانەی کە لە ئەنجامی پشتبەستان بەباران وەکو تاقە ڕێگەی ئاودان ، دێنە بەر .... نموونەی هەرە لەبەر چاوی ئەم پرۆژانە پرۆژەی ناودانی ئەسکی کەلەکە لە هەولێرو بەستی کەوتۆسە لە سلێمانی و بەستی خازەر کۆمەلە لە دهۆك ، سەرەڕای پرۆژەیەکی زۆری تر .

شۆڕش ، بۆ ئەوەی چارەسەری باری دواکەوتوی کەرتی کشتوکاڵ بکات و شۆڕشگێرانە دەستبکرێ بەلابردن و پاکژدانی بەیوەندیە دەربەکیەکان لە لادێکانی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیدا یاسای ژمارە (۹۰)ی دانا بۆ سنووردانان بۆ مولکیەتی زەوی کە بۆ خۆی بوو بەهۆی دەولەمەندکردنی تاقیکردنەوەی چاککردنی کشتوکاڵ لە هەموو وڵاتدا .

بابایی ئەو زەویانەی کە لە بارێزگاکانی ناوچەکەدا دەستی بەسەردا گیراوە بەگشتی کەبشتە (۱) ملیۆن و (۹۱۸) هەزار و (٤٤) دۆنم ، لەمە ۸۲۷٫۵۲۵ دۆنمی لە هەولێرو ٦۸۵٫۸۵۱ دۆنمی لە سلێمانی و ٤۰٤٫٦۵۸ دۆنمی لە دهۆك دابەشکراوە، هەروەها ژمارەی بارەیەکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە ڕەخساو زۆرترین لەوەی کە لەبەیاننامەکەدا هاتبوو ، بەگوێرەی ئەو ئیلتیزامەی کە سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش جاڕی دابوو ..

بۆیەکەم جاریش لەوڵاتێکی گەشەسەندودا چارەسەرێکی زانستیانەو کارامانە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی هەڵئەخرێ . برایەتی کوردو عەرەب بەندە بە بناغەیەکی پتەوو پێشکەوتوو ڕەگ داکوتانی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردی ئێمەوە .. ئەم تەجرەبەیە یەکێتی عیراقی میللی و نیشتمانی پتەو تر ئەکات و ئەیخاتە سەرە ڕێگای گۆڕان و بنیادنانی شۆڕشگێرانەی بنەڕەتی، دوای لابردنی هەمو ئەو کۆسپانەی کە باری برا کوژی و خوێنماوی چکەر بری چاران لە بەردەم

ئەم تەجرەبەیە گوشە سەرنجی دوربینی شۆڕشی سەلماند ، کە حزبی ئێمە حزبی شۆڕش عەرەبی هەیە تی و ئازایانە ڕوبەڕوی هەموو جۆرە سیاسەتێك و دەمار گرژیەکی شۆڤێنی و ڕەگەز بازی نامرۆڤانە ئەبێتەوە .

وەکو یەکالا کردنێکی ڕێبازی دیموکراتی لەئاستی پراکتیك دا گەلێ وەرچەرخانی دیار لە مێژوی تێکرای عیراق و میللەتی کوردیش بە شێوەیەکی تایبەتی ڕویدا ..

ئەمڕۆکە میللەتی کوردی ئێمە ، لە جاران پتر ڕیزەکانی پتەو تر و دەستە یەکدە پێشکەوتوخوازەکانی کورد ، دەورێکی دیار لە کاری ڕەخساندنی دیموکراتیانەی میللەتا ئەبینن .. بەکانگیر بوونی کۆمەڵ لەگەل تەموزی نەتەوەیی و پێشکەوتو-خواز ، لە پێناوی بارازتنی ڕێرەوی شۆڕش و بارازتنی ئۆتۆنۆمی و بەرەنگار بوونی شۆڕشی ١٧ ی هێزەکانی دژی گەل یەکێکە لە دیاردەکان . شۆڕش فێری کردوین کە بەردەوام لە ژێر سایەی سەرکەوتن و دەسکە-وتەکانا بژین ..

بڕیاری شۆڕش لە گۆڕینی بنەڕەتی دێهات و بنیادنانی دێهاتێکی گەشەداردا کەجوتیار هەمو توانا کانی خۆی لە پێناوی گەشە پێکردنی ئاستی کشت سازی وڵات دانەنێ ، لەگەل دەرچوونی قانونی چاککردنی کشت و کالی - ۱۹۷۰ - دا ساغ بوەوو تیایا هەمو پێدا-ویستیەکی میکانیزمی کشت سازی بۆ جوتیاران چەسپا .

سەبارەت بە کرێکارانیش ، ئەوا یاسای تازەی کار دەرچوو کە تیایا بایەخێکی زۆر دراوە بە بەدی هێنانی گشت هۆیەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتنێ ، بۆ کرێکار لە کەلێنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانەوە .

لە دەرفەتی پیشەسازی ئەوتیشدا ، ئەو بڕیارە بەجەرگ و شۆڕشگێرانەیەکە بۆ خۆمالی کردنی سامانی نەوت درا ، لەبەکی حوزەیران و شان بەشانی خۆمالی کردنەکانی تر ڕاستەقینەترین ڕەنگدانەوەی خواستی شۆڕشە لەجەنگ و خەباتی دا لەپێناوی سەندنی مافە ڕەواکانمان لە چنگڕۆکی مۆنۆپۆلە بێگانەکان . . جەنگی خۆمالی کردن هەنگاوێکی بەجەرگ و شۆڕشگێرانەی شۆڕش بوو لە ڕوبەڕوبوونی لەگەل دۆژمنە-کانی دا لە شوێنی دڵازایانەی ئەو ڕوبەڕوبونەدا .

دەرچونی یاسای سەر بەمیللەت و لەبەرژەوەندی میللەت و جێبەجێ کردنی نەخشەی گەشەپێکردن و دامەزراندنی پرۆژەی گەورەی وەکو دەربەندی البکرو هێڵی ستراتیژی ، ئەبێتە مایەی گەلێ دەسکەوتی قووڵو گرانبەها ، لەپێناوی گەشە-پێکردنی وڵاتدا ،

لەهەمان کاتا چەند نیشانەیەکە سەرکردەکەی ، حزبی بەعسی بۆ خواستی شۆڕش و حزبە عەرەبی سوشیالیست ، بۆ دەس خستنی هەمو پێدا-ویستیەکی ڕابەرین و پێشکەوتن لەسەرانسەری وڵاتدا .

لە نێوان ١٧ی تەموزی ساڵی ۱۹٦۸ و ١٧ی تەموزی ساڵی ۱۹۷۷ ، سەدەها کارو دەسکەوت خۆی خەملاندوەو بوەتە مایەی کاری بەردەوام و خواستی شۆڕشگێرانەی حزبی سەرکردەو شۆڕشە سەرکەوتوەکەی .

★ ★ ★

Institut kurde de Paris

چەپکە گوڵێک بۆ گیانی نەمری هاوڕێ عثمان محمد فائق

اکرم محمود

چل ڕۆژ بەر ئەمڕۆ ، کاتێ کە لقوپۆپی درەختی ژیانت لە کۆڕی خەباتا هەڵوەری و خۆت کردە فیدای نەو بیروباوەڕەی کە بڕوات پێهێنابوو .. ناوت .. نیشانت بەووشەی ئاگربنی ئەو دڵی هەمو خزم و برادەرو دۆستەکت نوسرا .. مۆمی ژیانت کوژابەوە .. بەڵام مۆمی گیانی پاکت ڕێگای خەباتی درێژخایەنمان بۆ ڕۆشنتر ئەکاتەوە .. ئەوەدروازەی دڵسۆزی و وەفاو لەخۆبوردنت بۆ سەراوەڵەکردین .. هێزو بەرگەگرتنت فێرکردین .. بۆیەو هەمیشە ئەبیت بەچراوگی ڕێگای خەباتو ئامانجەکانمان .. !!

تۆ ڕۆیشتی .. بەڵام دوای خۆت گەلێ مۆمت داگیرساند .. لەمەودوا هەر مۆمێکی داگیرساوەمان دی تۆمان ئەکەوێتەوە یاد .. !!

ڕۆیشتی .. کۆچت کرد کاتێ کە جەژنەکانی شۆڕش لەدەرگای دڵەکانی ئەدا . . بەڵام هێشتا . دەردەنگی قسەو .. باسو بێکەنین و تۆڕەیت و ئاشتبوونەوەت لە ناخی ئاخماندا ئەزرنگێتەوە .. تۆ تەنیا ڕابەر نەبووی و بەس ، ئا بەڵکو براوڕابەرو مامۆستا بوویت .. سەربەرزو بەرگەگربوویت . . ئەی هاوڕێی قارەمان .. دەنگی تۆ .. ڕەنگی تۆ ، وێنەی تۆ ، لە کێڵگەی دڵو لە گوڵشەنی تامەو سۆزماندا ئەبریسکێتەوە .. !!

سڵاو لەگیانی پاکت . هەزار چەپکە گوڵی ڕەنگاورەنگیش بۆ سەرگۆڕی غەریبت !! .

اکرم محمود
ڕۆژنامەی هاوکاری

حەمالە بچکۆلەکە
لە ژێرکۆڵی قورسی بەزەییدا

حەمەکریم عارف

لە ژمارە ٣٧٦ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا ڕۆژی ١٣ـ٧ـ ٩٧ چیرۆکێک بلاو کرابۆوە بەناوی « حەمالە بچکۆلەکە » .

چیرۆکەکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کەخەریکە هێزی ئەوەی ئەمێنێ لەبواری چیرۆکی تازەماندا بپەڕێتەوە .

نامەوێ بەهیچ جۆرێ هەستی خاوەن چیرۆک بڕوشێنم بەڵام پیاو حەقەبێ ئەم چیرۆکە ناتوانێت لەدەرگای فراوانی ئەدەب بدات و هەروا بەئاسانی بچێتە ژوورەوە ، کە دەیخوێنیتەوە ، هەست بەوە ناکەیت کە بەسەر ئەسکڵدا تێئەپەڕێ و گیانت مێروژانە دەکات ، ئەو ژانو گروفتو سۆزو کودازرە هەناسەو بۆکڕوزەی ئەگرتۆتە خۆی کە چاوەڕوان دەکرێ ، نووسەر ئەهاتووە دەستی پاڵەوانە چکۆلەکە بگرێ و بیخاتە ناو سەنگەری هەڕەشەو تەقینەوەی خەباتی چینایەتی یەوە ، بەڵکو هاتووە لەسەردەمی چارەسەر کردنی راستەقینەو بنەڕەتیدا خێرەتی بەزەیی پیاهاتنەوەی بۆ ئەو بەستەزمانە هەڵداوەو بەرەڵای کردووە ..

ئەدەب یەکێکە وەکو هەمو هونەرەکانی دی و بریتییە لەدەربڕینی هەست لەوێنەیەکی ناسک و دڵبزوێندا وادیارە نووسەر ئەو راستی یەی فەرامۆش کردووەو بۆیە هاتووە ڕاپۆرت کاریانە کەوتۆتە لاپەڕە پڕکردنەوەو ووشە ڕیزکردن و خەیال بە جاری شار بەدەرکراوە کەمەرجێکی یەجکار گرنگی ئەو بابەتە هونەرییە کە ئەم دەستی داوەتێ ..

چیرۆک ئەوەنی یە تەنیا کردنی راستەقینەو بنەڕەتیدا خێرەتی بەزەیی پیاهاتنەوەی بۆ ئەو بەستەزمانە هەڵداوەو بەرەڵای کردووە ..

ئەدەب یەکێکە وەکو هەمو هونەرەکانی دی و بریتییە لەدەربڕینی هەست لەوێنەیەکی ناسک و دڵبزوێندا وادیارە نووسەر ئەو راستی یەی فەرامۆش کردووەو بۆیە هاتووە ڕاپۆرت کاریانە کەوتۆتە لاپەڕە پڕکردنەوەو ووشە ڕیزکردن و خەیال بە جاری شار بەدەرکراوە کەمەرجێکی یەجکار گرنگی ئەو بابەتە هونەرییە کە ئەم دەستی داوەتێ ..

چیرۆک ئەوەنی یە تەنیا بیرتک چەپەتەروو یان هەواڵتک تۆمار بکەیت وئیتر بەی بەچیرۆک نووس خۆ ئەگەر وابێ ئەوا خوێنەریش چاوی هەیە وژیان لەبەردەستی دایە ئیتر بۆخۆی بەهەمان شتەوە خەریک بکات کە تۆکوت و مت بژیت خستۆتە سەرکاغەز .

چیرۆکی تازە ئەمڕو زیاتر ڕوو لەوە دەکات کە ئاراستەوخۆشتەکان بنوێنێ ، جاچەندە نووسەر لەم ڕووەوە شارەزابێتو هەستو واتاکانی بخاتە ڕوو ئەوەندەدە سەرکەوتووتر دەبێ ، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە ، کە ئەمەیان بە ئاشکرا لە چیرۆکەکەی سامانداا دیارە .. ئاشکرایە کە چیرۆکیش بۆ ئەوە نانووسرێ کە خوێنەر وەختی خۆی پێرابوێرێ ، بۆیە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە ئەو هەستو ئەستەی هەمانە خەستی بکەینەوەو بەپوختی بیخەینە بەردەم خوێنەر ئەوەك سامان ئاسایی هەواڵ بەخوێنەر ڕابگەیەنین و ..ڕاستە هونەری ڕەسەن مەتەڵو گرێ کوێرە نی یە بەڵام دەبێ مەودایەکیش بۆ ڕەوتی بیرکردنەوەی خوێنەر بهێڵینەوە .

لەڕووی زمانو چنینی هونەریشەوە ئەو سفتیو بتەوی یە لەچیرۆکەکەدا بەدی ناکرێ کە دڵخۆشکەر بێت .. بابەتەکەی باشە ، بەڵام هەرگیز خێر چارەسەر نی یە بۆ گرفتەکانی کۆمەڵ .. ئیتر بەهیوای سەرکەوتنی کاك سامان .

سەرچاوەکان : النقد والنقد الادبی د . رشاد رشدی التفسیر النفسی للادب د . عزالدین اسماعیل .

جووتە ناو بەدم شێوەیە ساغ ناکرێتەوە !

فیصل مصطفی

لە ژمارە (٤٠ـ٤١)ی ڕۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا کاك مکرم رشید ووتارێکی دەربارەی (جووتەناو) بلاوکردەوە .. کاك کریم احمد حسین هەندێك بیروڕای دەربارەی ووتارەکە لە ژمارە (٣٧٣)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بلاوکردەوە .. لە ژمارە (٣٧٥)ی هەمان ڕۆژنامەدا کاك مکرم وەڵامی نووسینەکەی کاك کریم دایەوە.

بێگومان وەڵامو وڵامدانەوەو لێکۆڵینەوەو بگروبەردە لەسەر هەر بابەتێك بکرێت سوودی خۆی هەیەو دەبکەیەنێتو گۆشە تاریکەکانی بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە .. بەڵام بەمەرجێك بە دڵو نیازێکی پاکو شێوەو ڕێگایەکی ڕەوا بکرێت .

بەداخەوە .. وەڵامەکەی کاك (مکرم) کەمێك لەم سنوورە چووبووە دەرەوە .. ئەوەندە توندو تیژ قەتەمی (وەشاندبووبەوە)و بیروباوەری تایبەتی (باراندبووبەوە) . . وەکو (بردنە مێشکی برادەر ـ کریم ـ وە) ، (من نازانم ئەم زانیاری یە سەروبۆتەلاك تکاوانەت لە کوێوە هێناوە؟!)، (لە بێ خەبەران گەشکەك سەلەوات) ، (لێناگرم لە گەرەکی تەیراوەی شاری هەولێر دادەنیشێتو مال دەکات بە مار ..) ، (.. ئەوانەی ئەو دەستوورە نازانن فێریانبکاتو «بەرائەی ئیختیراع » پش بۆ ئەم داهێنانە دەربهێنێت . تا بە ناوی ئەوەوە تۆماربکرێت.) .. تد . وەکو بڵێی کاك (کریم) بە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆی تاوانێکی گەورەی کردبێت !!

کاکی (مکرم) ئەوەی تۆ نووسیوتە (وەڵام) ئەمەو (ڕەخنە)ش نیە ، بەڵکو شتێکی‌ترە (خۆت ناوی‌لێ‌بنێ). تکام‌وایە جارێکی‌تر دڵت فراوانبێت بەرامبەر بیروڕای خەڵك ، چونکە بزانە : ئەوەی تۆ نووسیوتەو دەی‌نووسیت.. بۆ ئەو خەڵکەیە بەرلەوەی بۆ خۆت بێت . کەواتە هەر کەسێك مافی دەربڕینی بیروڕای خۆی هەیە ، وە بشزانە هەر کەسێك لە ڕاسی‌ئەی خۆی دانیاو مسۆگەر بێت ئەم جۆرە هەڵناچێت !

دوایی بە کاکی (مکرم)ی خۆم بڵێم : بەداخەوە هەندێ‌ی نووسینی دووەمت (وانە وەڵامەکەت) زۆر گەورەترە لە هی یەکەم !

فەرموو :

لە خاڵی دووەمدا : « بەقسەی خۆت » :

(لەبەرئەوەی زمان هەمیشە بەرەو ئاسانی ڕۆیشتووەو دەڕوات بۆیە (ب)ی بێژ بووەتە «و») .

من دەڵێم ئەمە مەرج نیە ! چونکە کەیێن توانیت ساخی‌کەیێوە کە (و) سووکترە یان ئاسانترە یان کورتترە یان خۆشترە یان باشترە یان جوانترە لە (ب) ئەوکاتە هەقی ئەم قسەیەت هەیە . ئەگینا کێ دەڵێت (ب) ئاسانتر نیە لە(و) ؟

ئەگەر ڕاستە ئاسانی زمان وای‌کردووە (ب) ببێت بە (و)، ئەی ئەو ژمارە زۆرە (ب)انەی هێشتا لە زمانەکەمان و زمانانی جیهاندا هەن بۆچی نەبوون بە (و) ؟

لە خاڵی سێیەمی نووسینەکەتدا : ڕای لێژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (کۆتایی بە ـ انی ـ دێت) بە ڕایەکی تایبەتی بۆ ناوچەیەکی تەسك دادەنێیتو ، ـ بە قسەی خۆت ـ: (نابێت بێتە دەستوورێك و لەسەری بڕۆین چونکە ئەو جووتە ناوانەی کە باسیان کردووە لە دەوروبەری ناوچەی شاری هەولێر بەکاردەهێنرێن بەڵام نابێت بچنە ناو زمانی ئەدەبی یەوە ..) .

کاکی بڕا .. خۆزتو هەموومان دەزانین جارێ هیچ زمانێك(مان) بە ناوی زمانی ئەدەبیەوە (مەبەست زمانی ئەدەبی کوردی) بەڵگەنامەی دامەزراوان و خۆسەباندنی وەرنەگرتووە . بەڵکو ئەوەی تۆ بە زمانی ئەدەبی دەزانی زۆر کەسی تری کوردی ڕەسەنو بنەبان هەن کە بە زمانی ئەدەبی دای‌نانێن !! جگە لەوەش بە چ هەقێك تۆ شێوەی دەوروبەری ناوچەی هەولێر لە سنووری زمانی ئەدەبی دەردەکەیتە دەرەوە ؟ ئایا گومانی تێدایە کە زمانی ئەدەبی کوردی‌یە ؟

تۆ دەڵێیت چی ..ژمارەیەکی زۆری (جووتەناو)انی یارەکان لە ناوچەی بادینان‌دا کۆتاییان بە (انی) دێت ؟ بۆنموونە : کۆتك‌و مینتکانێ ، مال مالانی ، کێڵو بەرانێ (کێڵ قەنانێ ، کێڵ قیلانێ) ، دار بلینتکانێ ، شەڕ دیکلکانێ ، بەرە بەیتانێ ، مل ملانێ ، چاف زنکانی ... تد .

لە هەمان خاڵدا دەڵێیت : (لێی ناگرم .. لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر دادەنیشێتو مال دەکات بە مار .. هەر بە قودرەتی خوا هەموو لامێکی قەلەوی لا دەبێتە (ڕا)یەکی بچووك « سووك » !) .

لێرەشدا دەوایە کەمێك بە هێواشی نۆکی قەلەمت داگرێتە سەر کاغەز . چونکە .. تەیراوەی شاری هەولێر ناوچەیەکی کوردی‌یە . . دوایی : بە قسەی کێ (مار) بە (را)ی لاواز چەوتەو (مال) بە (لا)ی قەلەو ڕاستە ؟ ! کێ دەتوانێت ساخی‌بکاتەوە کە بە قودرەتی خوا لامی قەلەو دەبێتە ڕای بچووك (سووك) ؟ بەڵکو من دەڵێم : بەپێچەوانەوەیە .. برا . .

تۆ مەلێ وانیە .. چونکە لێرەدا وەکو باسەکەی مریشك‌و هێلکەیە ؛ مریشك پێشتربووە ، یاخود هێلکە ؟ !

ئیتر لە کۆتایی‌دا تکام‌وایە هەرکەسێکمان کە شتێك دەنووسینەوە مەبەستمان خزمەتکردنی ئەو نامەو بەیامەیێت کە ئەرکی سەرشانمانەو ، لام‌وایە دەستی بەکتر بگرین باشترە لەوەی بەسەر شانی یەکتر بکەوین .

لە ئاسۆی کەدەبیدا

بیانوو زۆرە ..!

ئەگەر لە مێژووی ئەدەبی هەر وێژاخێکی تەشەدداری هەر میللەتێك وردبینەوە،دەبینین خۆتەرخان کردنو ژیان لەناو ئەدەبدا نیشانەیەکی ئاشکرای ئەدیبانی ئەو قوناغە ئەدەبییە گەشەداڕەبووە .

ئەدەبو ، ئەدەبایەتی‌کردن ئەرکێکی ئاسان‌نییەو ، کارێك نییە بۆ فیز ، یان بۆ کات‌بەسەربردن خۆمانی پێوە خەریك بکەین .

بۆ ئەوەش نییە زوو زوو ، یان بەیناوبەین ، یان جاروباو ناومان بکەوێتە بەرچاو خەڵکی‌و ناوبانگی پێدەربکەین .

شوکور لەم وڵاتەی ئێمەدا هێشتا وایشی لێشەهاتووە بڵێین بۆ گیرفان پڕکردنو دەولەمەندبوونیش نییە ـ وەك هەندێك کۆڕی‌تر ـ چونکە جارێ ئەدەب لە ڕووی مادییەوە بازاڕی زۆر کزە .

بەڵێ ...!

ئەدەب هەڵبژاردنی ڕێگایەکە لەم ژیانەداو ، ئواندنی هەڵوێستێکە بەرامبەر بە دنیاو ، بە ژیان ، کە لە زوربەی هەڵوێستەکانی‌تر ئاشکراو ڕووناکترەو ، هەموو ئەوانی‌تر دەتوانن ڕەنگی تیا بدەنەوەو ، ڕەنگیان تیا بدانەوەو ، چەوهەرەکەی خۆیشی لە داهێنان‌و ڕوناککردنەوە لەدەست ئەدات‌و بەبارێزێت .

ئینجا ئەگەر خودامان بە هەق بێت‌و ، بڵێین : ڕاستە ئەرکی ژیان‌و نان‌بەیداکردن ڕێگا لە زوربەمان ـ ئەگەر ئەڵێین هەموومان ـ دەگرێت کە نەتوانین بە ئەواوی بۆ ئەدەب ،ئەفەروغ،بکەین ، بەڵام ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت‌و ، واڵە ئەدیبی ڕاستەقانی ناکات کە ئەدەبەکەی بەڵاوە بێت بە هیوایەت !

چونکە عەشقی داهێنان ئەوەی لە دڵدا ئاگر دەکاتەوە ، کە هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنرێتە سەر ، قەت گروکڵپەو بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە .

ئەگینا چی‌بوو وای لە « جۆیس »ی قەرزدارو چاو کوت‌وکوێر کرد کە دە ساڵی ڕەبەق هیچ تێپینییەك لەدەست ئەدات‌و تا ئەگەر کاغەزی دەست نەکەوتایە لەسەر قۆڵی کراسەکەشی بوایە هەر دەینووسی ، چونکە « یۆلیسیس »ی بەدەستەوەبوو ، با لە ناو ژمارەکانی بارەی بانکەکەدا تا بینە قاقاشی نوقوم بوویتو خۆیشی ئانی شەونی نەبێت ؟!

هەر ئەم سەودایی‌و کۆششەیە وا لە ئەدیبێك دەکات لە ناو زوربەی ئەوانی‌ترەوە پەڵبهاوێت‌و لق‌وپۆپ بەرەو هەتاوی ئەمری دەربکات .

هەر ئەمەشە وا لە ئەدەبی میللەتێك دەکات بتوانێ مەبەسەر زۆر گیروگرفتی تردا زاڵ‌ببێت‌و ، ڕوو لە مەزنی‌و پێشکەوتن بکات‌و ، چنگای شیاوی خۆی لەم جیهانە پڕ کێشمەکێشەدا بکاتەوە .

ئەگەر یەکێك مەبەستی بێت بیانووی دەستکورتی بۆ خۆی بهێنێتەوە ، هەمیشە بیانوو زۆرەو .. دوورترین شتێکیش لە داهێنانەوە هەبێت : بیانووە .

کورد دەڵێت : ئێمە تا قووڵتربێتەمەلەی خۆشترە.

ئینجا نازانم ئەم بەندە چەند بۆ ئەم جێیە دەشێت ؟!

بەڵام دیارە ئەمی قووڵو ئاوی خوێ بۆ مەلەوان خۆشەو ، بۆ مەلە نەزان دەست نادات‌و ، هەقی خۆیشییەتی خۆی لە قەرەی‌نەدات ..

بەڵام با ئەوەندەش بڕو بیانوو نەهێنینەوە .

صلاح احمد

هەواڵی ڕۆشنبیری

« ئەیوگینو مۆنتالی » شاعیرێکی ئەوەرەی ئیتالیایە ، ساڵی ١٩٧٥ لە ئەدەبدا خەڵاتی نوبڵی وەرگرتوە . . لەگفتوگۆیەکدا کە گۆڤاری « نیوزویك » لەگەڵیدا کردوە .. وتویەتی .. بەڕوای من شیعری هاوچەرخ لەگیانە ئالدایە ... هەروەها وتویەتی .. ڕۆمانو کورتە چیرۆکیش حالیان لەشیعر چاکتر نی‌یە ، وەبەڵکو هەمو ئەو شتانەی پەیوەندیان بەدنیای ئەسینەوە هەیە بەورێگایەدا دەڕۆن . . لەم ڕۆژانەدا زۆربە زەحمەت کەسێکمان بەرچاو دەکەوێت کە خۆی بە خوێندنەوەوە خەریك کردبێ .. هەمو هونەرەکانی تریش وەك وێنەو مۆسیقا بەندی ئەو چوارچێوەیەن ..

مۆنتالی ئەڵێت : تاوەکو هەنەر خۆی لەژێر باری ئەخفەخەوشوفزلیدا ڕۆژبەڕۆژ بلەی نزم دەبێتەوەو بەوەی خەریکە دەبێتە کەرەسەیەکی بازرگانی ، ئەمەش وەك پێشکەوتنێك وایە بۆ خۆ لەناوبردن ..

مۆنتالی زیاتر وەك پیاوێکی گۆشەگیرو تەریك ناسراوە ، بیروباوەڕەکانی لیژنەی خەڵاتی ڕەش‌بینەکانی لیژنەی خەڵاتی نۆبل وەك شتێکی جیهانی هەلیسە نگداندوە لەبەرئەوەی نۆبل وەك شتێکی جیهانی قوڵترین کوێرەوەریکانی مرۆڤی لە شیعرەکانیدا توانیویەتی چەرخی بیستەم دەربڕێت . لەهەفتەی داهاتودا « هاوکاری » ئەوگفتوگۆیە بڵاودەکاتەوە دەکاتەوە .

پۆستەی ڕۆشنبیری

خوێنەرانیش بیروڕای خۆیان هەیە ..

● کە سەیری ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٣٧٠)م کرد تەماشام کرد لە لاپەڕە (٥)ی دا شیعرێك بە ناوی (خۆشەویستیت کاری تێ کردم) بلاوکراوەتەوە کە تێیدا دەڵێت :

ئەو دڵە پاکو پیرۆزەت
ئەو دڵە پڕ هەستو سۆزەت

لێرەدا من شیعری (ابراهیم عثمان رشید)م هاتەوە یاد کە لە ژمارە (٥٤)ی ڕۆشنبیری نوێ بلاوکرایەوەو تێیدا دەڵێت :

ئەم دڵە پاکو پیرۆزەم
ئەم دڵە پڕ هەستو سۆزەم

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کاك (یاسین محمد حمە خان) ئەم دوو دێرەی دەرهێناوەو وشەی ، (ئەم)ی گۆڕیوە بۆ (ئەو)و وشەی (پیرۆزەم ، سۆزەم)ی گۆڕیوە بۆ (پیرۆزەت ، سۆزەت) . جگە لەوەی نیو دێری شیعری (وەفایی) دەرهێناوە کە دەڵێ (تووشی داوی زولفت بووم) .

کامەران بێ باك
هەولێر

● چەند بڵێی دڵودەروونم ڕاکێشەری هەموو جۆرە ئاوازێکی جیهانە خۆشم دەست نووسی کۆرانی‌و عەلبەستو چیرۆکو پەخشام دەکەم بەڵام لەبەر کۆسپی ژیان جاری نەناسراوین . جا پرسیارەکەم : دەڵێم چەند بڵێی دەنگم ناسازو نائەمواره نازانم ئەم نەخۆشی‌یەم چ دەرمانیەتی تا چارەی بکەم ؟

نەناسراو هەولێر

دەرمانێکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلانە نیە بەڵام ، دوور نیە، بە هۆی عەمەلیەکی (جراحی)ی گەروو چارە بکرێ . سەر لە دکتۆرێکی گوێو لووت و گەروو بدەو بروانە چی دەڵێت .

ـ وتارو لێکۆڵینەوە ـ

● کاك ئاسۆس عزالدین ـ هەولێر :

بابەتی چڕ ، بابەتی زانستی بابەتی مەوزوعی ، ئەو بابەتەیە کە ئەوەندەی ئێ بکرێ هەوڵدەدا بۆ ڕاکێشانی سەرچاوەی هەرە فراوان لە کتێب‌و ئۆڤارو نەخشەو ڕاپۆرت‌و تیۆر کەڵکی تۆ لە تێبینی‌یەکەی خوتدا دەڵێی : « سوود لە هیچ پەراوێزێك وەرنەگیراوە » شانازی لەوەدا نیە کە سوود لە هیچ سەرچاوەیەك وەرنەگرین بەڵکو شانازی ئەوەیە بابەتێك بنووسین ، کەس نەتوانێ کەمو کورتی‌یەکی تێدا بدۆزێتەوە ، ئەمەش بە هۆی سەرچاوە دەبێ بۆ نموونە ئێستا دوا ژمارەی ئۆڤاری « الاقلام »م لە لایە ، باسێکی تێدا بلاوکراوەتەوە بە ناوی (الروایه المغربیه المکتوبه بالعربیه » لە نێوان لاپەڕەکانی ٢٥ ـ ٣٤ ، نووسەرەکەی (٧٤) پەراوێزی بۆ ئامادە کردوە !

کاك فەرهاد پیربال ـ هەولێر :

لە ڕاستیدا ، ئەم جارەیان باسەکەت « ئواندن .. لە هونەرو زیان » باسێکی مەوزوعی بوو ، بەڵام ئەمەیان یەکەم بابەت نیە دەربارەی شانۆگەری « هونەرو زیان» نوسرا بێ کە تیپی هونەرو وێژەی کوردی ـ لقی هەولێر پێشکەشی کرد بەڵام ئەوەی ئێم سەیر بوو ئەوەبوو کە ئەمەیان یەکەم جارە نوسەرێك شانۆگەری « هونەرو زیان » بە (زیندوو بوونەوەیەکی شانۆی کوردی) دابنێت .

ـ بۆ ئەم برادەرانە ـ

● جواد زینل کاکەی (کەرکووك) ، یاسین محمد حمە خان (ئامادەی هەڵکەوت)، فاروق فیدا جان (قەلادزێ) احمد حمید (دووز) ، ماهۆستا هادی ڕشید (هەڵەبجە) ، کەریم بێ ماف :

لە سەر یەك دیوی کاغەزەکە بنووسن .

● دلشاد عمر (هەڵەبجە) ابراهیم علی ابراهیم (دهۆك) ، طاهر گۆران :

تۆزێ بایەخ بدەنە خەتەکەتان .

وردبوونەوەیەك لە بارەی «کاتێك مردن ئەبێتە پارە»

ژیان لەسەر ئەم زەمینەی ئێمەو بەرەو پێشەوە چوونی ، هەموی ئەنجامی ئەو کێرمەو کێشەو بەیەکاچوونەی دیاردە دژوارەکانن بە یەك ، دیارە سەرکەوتن و پیرۆزی هەر بۆ لایەنە باشەکەیەو ئیتر ئەمە هەر لە بچوکترین دیاردەوە بیگرە هەتا گەورەکان ، بە مانایەکی تر ، روزانبازی دژوارەکانی ژیان مایەی بەردەوامی و پێشکەوتنە .

ئەمە تیوریکە کە زانستی سەردەمو نوێ ترین بیروڕای فەلسەفی ئەم کاتە چەسپاندویانەو ناتوانرێ نکولی لێ بکرێ .

هەر ئەم روانگەیەشەوەیە ـ وابزانم ـ کاك (جیهان عومەر) بابەتی چیرۆکەکەی هەڵ بژاردووە کە لە هاوکاری ٣٧٣ دا بەناوی (کاتێك مردن ئەبێتە پارە) بڵاو کرایەوە .

لەم چیرۆکەدا نوسەر وەك زانایەکی شارەزا لە زانستی زینەوەراندا گروپ (خلیە)ی یەکێ لە روداوەکانی ناو کۆمەڵی هەڵ بژاردووەو خستوویەتی یەژێر میکرۆسکۆپی یەکالا کردنەوەو بە شێوەیەکی توانیو قۆشمە لە یەك کاتدا دایڕشتووەو هێناویەتە دی ، تا کۆمەڵ لە ڕێگای ریالیزمێکی ڕەخنەگرانەوە ئاگادارکات لێی .. بەڵام بێ ئەوەی دەستنیشانی چارەسەرەکەی بکات یا هیچ ئەبێ چارەیەکی کاتی بۆ بدۆزێتەوە .

لەمەیاندا بەرهەمەکە دور کەوتەوە لە ڕیبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و بەڵام هێشتا هەر ئەمەندە حاسیەتی وای تێ دایە کە ببێتە چوزەرەی سەرکەوتوویی بۆی .

لەژیاندا جاری وا هەیە لەپڕ کاتی وامان بەسەردا دێ کە کۆمەڵێ روداوی دژ بەیەکو بەرپەرچی یەکترمان لێ قوت دەبێتەوەو ئەمانەوێ لە نێوانیانەوە هەناسەیەکی سەرفرازی بدەین و (وەك ئادەمیزادێ) کەسایەتی ـ شخصیە ـی خۆمان بسەلمێنین .

باسەکە ، باسی تەعزێو چوونە پرسەی مردووە کە بیاو لە پرێکا خۆی بە دەمو دەست بەستراو ئەبینێو پێ بەندی رەزو خەمو بەشداری ئەهامەتی خاوەن پرسە ئەبێو کەچی لەو ساتە کەمانەشدا کە تیادا ئەمێنینەوە هێشتا واز ناهێنین و ئەمانەوی ئەمەر لەژێر لێوێشەوە بووە ببینە خاوەنی هەندێ سەربەستی خۆمان .

هەرچەندە ئەمەی دوایی یان وەك (چەمۆنەی ناو گیرفان)ی لێ دێ کابرای جولەکە وتەنی .

بە کورتی کاك جیهان ئەیەوێ ئەمەمان بێ بڵێو باری سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم لایە راکێشێ .

چیرۆکەکەو باسو بابەتەکەی بە مەزندەی ئەقل کوت و مت ئەو ئەبینی یەی کاك (صلاح شوان)ی بەسەردا ئەچەسپێ کە لە هاوکاری ٣٧٤ دا لە ژێر ناوی (دەردێکی کورتە چیرۆکەکانمان)دا نوسیبووی کاك صلاح داوای ئەوە دەکات کە بابەتی چیرۆکی کورت ئەبێ هێجکار وافراوان ئەبێو فرەلایەن ئەبێ کە کۆمەڵێ روداوو کێشەی جۆربەجۆرو کاتێکی دوورو درێژی تیا کۆ ببێتەوەو ئیتر بابەتەکە سیمای خۆی ون بکاو ناوەڕۆکەکە کورت ببێتەوە کە هیچی بەسەر هیچەوە نەبو پڕ دەبێ لە کونو کەلەبەرو یەرتو بڵاوی و .. بە کورتی بابەتێکی نیفلیح دەردەچێ .

هەرچەندە لەسەر هەندێ لایەنی ئەم باسەی کاك (صلاح)یش ئێبینیم هەیە بەڵام باسەکە بەکشتی سەرنجێکی وردی جوانە بەرامبەر کورتە چیرۆکی ئێستای کوردیو لەجێی خۆیدایە . جا وەك لەسەرەوە وتمان ئەم چیرۆکە وابزانم پڕاو پڕی ئەو باسەیە ، ئەویش بەوەدا کە چیرۆك نوس هاتووە یەك لایەنی ژیانی هەڵ بژاردووەو بەدەوریا دەخولێتەوە ، ماوەیەکی کورتیشی داوە بە روداوو کات هیچ پەلی بەم لاو لادا نەهاویشتووەو نەچووە بۆ باسی لاوەکی تر کە خوێنەر وەرس بکات .

ئەمە لەگەڵ چەند دەربڕینو رستەیەکی سەرکەوتووی تردا کە تامو چێژێکی تایبەتی ئەدا بە خوێنەرو راکێشانی سەرنجی توندتر دەکات .

● جۆرێکی تر لەو نەخۆشیانەی هاوتای نەخۆشی شێرپەنجەن و چارەسەری نیە ، بەڵکو هەر ئاوبشی بۆ نەدۆزراوەتەوە ، ئەو دەردەیە کە هەندی کەس خوا لە چارەی نوسیوە کە هەتا ماوە هەرگیز نەحەوێتەوەو قەت پشوی دڵنیایی و ئیسراحەت نەدات ... ئەو کەسانە وایان لەچارە نوسراوە کە هەمیشەو بەردەوام لەناوەوە خۆی بخواتەوەو مێشکی خۆی بکرۆژێت و هەناسەی قوڵی خەماوی هەڵکێشێت !

● ئەوانە وە نەبێ دووچاری نەخۆشی یەکی ((عزوبی)) ئەوتۆ بو بن ، چارەی ئەبێت و کەوتبنە بن گۆمی ئەو بەژارەو خەمەوە .. خاوەنی سامانێکی زۆریش نەبون نابوت کەوتبن و تا دەستەو ئەژنۆ بۆی دانیشن ، ئەرگ و ئازارو خەم خواری گەل و نیشتمان و وڵاتیش دووچاری ئەو دەردو ئازارەی ئەکردون !!

ئەو دەردەدارە داماوانە توشی نەخۆشی « خەڵکی » بون !! ئەم ئەخۆشی یەش ئەوەیە ، . . کە خەڵکی بەختیارو پێشکەوتو بو ، ئەوا « ناساغەکان » خەم دەخۆن ، خەڵکی هەبێ خەم دەخۆن .. سەرکەوتوبن خەم دەخۆن .. کەسانی تر ئاوبانگیان هەڵت یا ڕو خۆش و لەناو خەڵکیدا خۆشەویست بن ئەوە ئەو « خەستانە » حەجمیزان لێ هەڵدەگیرێت و ئارامیان لەبەر دەبڕێت .. ئەو جۆرە کاسە بەسزمانانە خۆ ئەگەر لە کەباب خانەو لۆقەتەشدا یەکێك ببینن دەمو ددانو ورگی ساغو سەلیمەو چاك نان دەخوات ، ئەوە ئیتر ئەوانە نانەکەیان بۆ قووت ناچێت و وەك کۆست کەوتەیەك بەژارەیەکی ئێجگار ڕەش و قورس و گران دایان دەگرێت و بەر دەبنەوە ئاو دنیای خۆ خواردنەوەوە ...

● ئەگبەتی ئەوانە لەوەدایە کە ئەخۆشی یەکەیان دەردێکی دەرونیش نیە ، تاوەکو بزیشکێکی سایکۆلۆژی بتوانی ((گرێکەیان)) بۆ بکاتەوەو باری ئەخۆشی یەکەیان سوك بێت و لەو دەردە بەسامە قوتاریان کات ... عیلەتی ئەو لێقەو ماوانە ئەوەیە تاوەکو کەسانی بەختیار هەبێت ، ئەوان لە دۆزەخی بێ ئارامی و نارەحەتیدا ئەژین .. تاوەکو خەڵکی پۆشتەو تێرو پڕ هەبێت ئەوان خۆیان بەروتەو برسی و نادارا ئەبینن ، هەتا خەڵکی سەرکەوتویان لەبەر چاو بێت ، ئەوان لە بنی زەلکاوا هەناسەی ژیرکەوتن ئەدەن .. چەندەگوێیان لە قسەی ئەوانە بێت کە باوەریان بەگەشی و ڕونی دواڕۆژ هەیە .. ئەوە ئەوان دنیای ئەمڕۆو سبەینییان زیاتر لی دەبێتە پێستی چولەکەو ئاسمانیان تەنگو ڕەش دەبێت ..

((زاناکانی دنیای دەردو نەخۆشی !)) لەبارەی ئەو نەخۆشی یەوە ئەڵێن : ئەوانەی دوچاری ئەو نەخۆشی یە بون تا خەڵکی ببینن ئەوان خەمەکانیان کەورە تر دەبێت و باری دەردیان گران تر دەبێت . لە ئەگبەتی ئەوانەش ژمارەی خەڵکی دنیاش ڕۆژ بە ڕۆژ تا دێت هەر پتر دەبێت و بەردەوام لە زیاد بوندایە ..

فریا عبدالله

پ : هاوکاری لەسلێمانی

ڕەبابە



★ ئەم ئانەتەلە یەك ژێ پێك هاتووە بەهۆی کەوانەیەکەوە لەئەدرێ و لەناوچەکانی عەرەبی تردا بە ناوی (الرباب) یان (رباب الشاعر) کە خۆی ڕوبابەی (بدوی) یە بەناسرێ .

★ هاوشانی ڕوبابەکۆرایە . کە لە عێراقدا بە ناوی (العتابە) یان (النایل) ناسراوە .

★ گرتنی ڕوبابە لە دەستی چەپ ئەگیرێ . بە شێوەیەکی لار بۆ سەردوە . لە کاتی دانیشتندا لێئەدرێ .

★ هەروەکو (جۆزە) ئەمیش ئەگەڕێتەوە بۆ عودی کۆن .

★ کۆنترین شێوەی ڕوابەبەبێ بەکار هێنانی کەوانە بۆ هەزاری دووهەمیتی پێش زایین ئەگەڕێتەوە .

★ ئەم ئالەتە لەگەل عەرەبدا بۆ (سەقلیە) و ئەندەلوس ڕۆژرایەوە .

★ ئەوروپا کاتێك دەستی کرد بەو ئالەتانەی کە ژێی هەیە یەکێك لەو ئالەتانە ڕووبابەبوو کە هەر بەناوە عەرەبیەکەی خۆی وەری گرتبوو بەلام بێ بەکارهێنان مایەوە تا سەدەی چواردەهەمی زایینی تا ناوێکی تازەی بۆ دەرکەوت ئەو ناوەش (فیول) یان (فیولا) کە بە مانای ژێ دێت .

محەمەد محمود
وەری گێڕاوە

لە بوانەی بەڕێکردنی خولی شەشەمی زانکۆی سلێمانیەوە
یەکەم وردەوەی ئاداب بۆ هاوکاری ئەدوبین

لەم ڕۆژانەدا زانکۆی سلێمانی ئاهەنگێکی بۆ دەرچوانی خولی کاروبەرهەم سازداو گەلێك لەلێپرسراوانو میوانو جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەم ئاهەنگە بوون .

بەم بۆنەوە چوینە زانکۆی سلێمانی و هەرێکمان لەگەڵ یەکەمو دووەمی بەشی زمانو ئەدەبی ئەم بەشە هەڵبژێرم و مێشکمی تیابخەمەکارو شارەزایی بەرامبەر بەجیهانی ئەناسراوی شاعیرو نوسەرەکانمان بەدابکەم ، هەر ئەم بەشەبوو کەکێکەی حەزو ئارەزووی ئاودێرکردم ، خۆزگەم ئەوەیە کە هەر لە بڕەودابێت و کولی ژاکاوی زمانناس و شاعیرەکانمان بەئارەقی ڕەنجی شارەزایان و لێهاتوانی ئەدەبی بپۆژێتەوە .

پرسیار : ڕات بەرامبەر بەمبەشە !

وەڵام : ڕام بەرامبەر بەم بەشە کەوا کادیرو شارەزایانی زمانو ئەدەب بەتیزیت و کتێبخانەی زانکۆ دەولەمەندبکات بە سەرچاوەی زمانو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی وەژمارەیەکی زۆر لەسالانی داهاتودا وەرگرێ و چەند قوتابیەك بێتە دەرەوەی وڵات بۆ تەواوکردنی خویندنی بەرز بۆ ئەوەی قوتابیانی ئەم بەشە هیوایان هەبێت و زیاتر هەوڵبدەن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ئەم بەشە لەکولێجەکەماندا .

پرسیار : ئەی بەتەمای چیت ؟

وەڵام : دەمێکە خولیای ئەوە کەوتوەتە مێشکم کەوا ڕۆژێ لەڕۆژان لەسەر شانۆی ئەدەبی کوردەواری دەوربیینم و کوردیدا ، جا بۆخزمەتی ئەدەبیاتی کوردیمان ئەمن وادەزانم وەك بەشێ لەوکارە بەرگری و یارمەتیدانی ووشەی جوان و قەلەمی ئازایانە فرمانێکی هەرەبیرۆزی ئەستۆی ڕۆشنبیرەکانمانە ، ئەگەر منیش . دەرچونم لە کۆلێجی ئەدەبیات بیتەهاندانم بۆ ئەوکارە ، خۆم گەلێك بەبەختیار دەزانم .

سەبارەت بەپێشنیازو پێشکەوتنی ئەم بەشە کاك صباح دەڵێت :

١ - پێویستی بەدوو بسپۆڕی زمانو دوو بسپۆڕی ئەدەبو بسپۆڕێکی ڕەخنەی ئەدەبی و بسپۆڕێکی کێش و قافیە هەیە .

٢ - پێویستە چەند دەرسێکی نوێ لەوبەشەدا بخوێنرێن ، لەوانە بابەتی مێژووی زمان ، زانستی زمان ، زمانی بەراورد ، زاراوەکان ، لێکۆلینەوە هەروەها زیاتر گرنگی بەخوێندنی زمانو ئەدەبی فارسی بدرێ .

پرسیار : چۆن تەقیمی خوشکە ئامینەی بەکەم دەکەیت ؟

وەڵام : ئامینەی یەکەم مرۆڤیشەو کچیشە ، ئاگای لەخۆشی و تۆزێ لەجیهانیش هەیە ، سالارو بزێوەو دەیەوێ شت فێربێ ، هەژارێکی دەولەمەندە ، ئامینە شتێکی لێ یەیدا دەبێ ئەگەر یارمەتی بدرێ ، ئەویش وەك من چاولەرێیە بۆ تەواوکردنی خویندن جانەوەی ئەم چەند ووشەیە دەخوێنێتەوەو شتێکی لەدەستدێ کەکردی مرۆڤێکی بەراستییەو هەقمانهەیە کەیارمەتیمان بدەن .

فریا عبدالله

پ : هاوکاری لەسلێمانی

Institut Kurde de Paris

سەرنووسەر
محمد أمین محمد

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە
لە ڕەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ

هاوکاری

٢٢ لاپەڕە — ٢٥ فلس

کانوونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● الاربعاء ٣ آب ١٩٧٧ العدد ٣٧٩ ●

● چوار شەممە ٣ی ئابی ١٩٧٧ ژمارە ٣٧٩ ●

سلاو بۆ شەهیدە نەمرەکانی گەلەکەمان کە گیانی خۆیان بەخش لە کاروانی درێژی خەباتدا، بەوناواتەدا بوون، شاد بین بە بینینی ئەوەی ئەمڕۆو دوارۆژ ئەیهێنینە دی..

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

زیاد بوونی خۆدوورخستنەوەی جەماوەری سوریا لە وەی پێی دەلێن هەڵبژاردن

نامەی سەرۆک البکر بۆ کۆڕی جیهانی هیرۆشیما بەشداران بایەختێکی گەورە یان پێداوە ..

هیرۆشیما -١- ئا.د.ع :

دوێنێ لە هیروشیما قوناغی دووهەمی ئەو کۆڕە جیهانی بەدەستی پێ کرد کە بۆ لێدوان لەو ئەنجامە ویرانکاریە تەرخان کراوە کە تەقینی دوو بۆمبا ئاتۆمیکەی هیروشیماو ناگازاکی خستیانەوە .

لەو کۆڕەدا نوێنەرای ٥٢ دەولەت بەشدارن عیراقیش بەکێکە لە بەشدارانی کۆڕەکەو وەفدێکی بەسەرۆکایەتی بەرێز عامر عبدالله وەزیری دەولەت بۆ ناردووە .

عیراق لەگەل شەش دەولەتی تردا کە برێتین لە زاپۆنو یەکێتی سۆڤیاتو هیندستانو وڵاتەیەکگرتوکانی ئەمەریکاو بەریتانیا بۆ سەرۆکایەتی کۆڕەکە هەڵبژێردراوە .

ئارانسی دەنگوباسی عیراق لە تۆکیوە هەواڵێکی گەیاندو کە نامەکەی بەرێز سەرۆک احمد حسن البکر بۆ کۆڕەکە کە لەلایەن بەرێز عامر عبدالله وەزیری دەولەتەوە خوێندراوەتەوە ، لەلایەن وەفدە بەشداری گەرەکانەوە ڕێزێکی نیجار ئەورەی لێ گیراوە ..

بەرێز سەرۆک لە وتارەکەیدا ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە عیراق ئەرکی خۆی ئەزانی لە بەربەستکردنی ئەو مەترسیانەی بەکارهێنانی چەکی ئۆتۆمی دەیخەنەوە ، وە بە ئەوبەری تراناوە پشتگیری **هەروەها بەرێز سەرۆک داوای لە بەشدارانی کۆڕەکەکردووە کە بە ئەرکی خۆیان بزانن دەربارەی ئەو مەترسیەی کە هەوتوتەقەلای قەوارەی زایۆنیزم ئەیخانەوە بۆ وەدەستخستنی چەکی ئۆتۆمی ئەویش وەک هەنگاوێکی لە ڕابازە دوژمنکاریە راگیرکارەکەیدا کە لەسەر بناغەی داگیرکردنو دوژمنایەتی بنیاتنراوە بە هاندانو پشتگیریەکی تەواوی ئەوانە تاوانی هەڵگیرسانی ناگری ئۆتۆمیان لە هیروشیماو ناگازاکیدا کرد .**

سەروتار

هاتوچۆکردنی فانس لەناوچەی عەرەبیدا ئەقەیەکی زنجیرەی پیلانگێڕانەو هەنگاوێکی پاشەکشێ کردنە ..

ئاشکراترین شت کە چاودێری گەران لە ڕێژگەی هەوڵی سازاندنی خۆبەدەستەوە دەرانەدا تێبینی ئەکەن ، ئەو توندیەیە کە زایۆنی دوژمن دەربارەی خاکی داگیرکراوی عەرەب پێشانی ئەدا ، لە گەل پێداگرتنی زایۆنی لە سەر ڕەخساندنی سنورێکی ئاسایشگەرانە بۆ ئەوەی پێداویستی مانی خۆی بەردەوامی دەستدرێژی کردنی لە لایەکو ئەرموشێل نواندنو سیاسەتی پاشەکشێی بەردەوام لە لایەن لای خۆبەدەستەوەدەری عەرەبەوە ، لە لایەکی ترەوە ، مسۆگەر بکات .

« شۆڕە سوارانی » سازاندنی خۆبەدەستەوەدان ، هەڵوێستی ملکەچی نواندنو خۆشل کردنیان بە سیاسەتێکی ئەکۆڕی خۆیان بەرامبەر زایۆنی دوژمن هەڵبژاردووەو یەکجاری پشتیان کردۆتە پێداویستەکانی بەرگری کردن لە شوێنە پیرۆزەکانی نیشتمانەکەیان ، ئەمەش بە تەنکەوە نەبوونی ئەوان بەرامبەر هەموو پێداویستێکی پیویستی ڕزگاری کردنو دەسگیربوونەوەی خاکی داگیرکراو ئەگەیەنێ ، وایان لێ هاتوە دوژمنایەتی جەماوەران ئەکەنو پیلان دژی هێزی بەرگری فەلەستینیو هێزە شۆڕشگێڕەکانی عەرەب ئەگێڕنو ئەو پەیوەندیانە گرێبەر ئەدەن کە دەڵەتانی عەرەب بە دەوڵەتە دۆستەکانەوە ئەیبەستێتەوە و دەست لە گەل هێزەکانی دوژمن لە پێش هەموویانەوە ئەمەریکا تێکەل ئەکەن .

لە چوارچێوەی ئەو ڕەفتارە ناقۆلایەوە لە لایەن لاکانی سازاندانو خۆبەدەستەوەدانەوە ، هاتوچۆی سایروس فانسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ناوچەی عەرەبیدا دەست پێ ئەکات و سەر لە نوردونو وڵاتی عەرەبی میسرو لوبنانو سوریاو سعودیو قەوارەی زایۆنی ئەمەش لە دوای ئەو سەردانەوەیە کە ئەمەناحیم بیگن سەرەک وەزیرانی زایۆنی دوژمن لە ئەمەریکای داو پرۆژە زایۆنیەکەی خۆی تیدا پێشکەش کرد .

سەردانی فانس ئەلقەیەکی نوێیە لە زنجیرەی ئەو گفتوگۆیانەدا کە ئەمەریکا سەرکردایەتیان ئەکا بەمەبەسی

هاوکاری

ڕەوانە : ل ٧

ڕۆژنامەیەکی تورکی ستایشی دەسکەوتەکانی حزبو شۆڕش ئەکات ..

ڕۆژنامەی « برکون » یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی تورکیا کە ژمارەیەکی زۆری لێ بڵاو ئەکرێتەوە ستایشی ئەو دەستکەوتانەی کردوە کە شۆڕشی ١٧ی تەمموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست وەدەستی هێناوە . ڕۆژنامەکە وتویەتی : عیراق ئەمڕۆ کە زێڕ بەتوندی بەرامبەری هێزەکانی کۆنەپەرستو ئیمپریالیزمدا وەستاوەو چەکی دەستی بیروباوەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، دوای ئەوەی چەند ساڵێکی دوورودرێژ بەندی بیرو باوەڕی فەرمانڕەوا کۆنەپەرستەکان بو کە دوربون لە تێکەیشتنی پێویستی جەماوەری چەوساوەوە ..

هەروەها لە ڕاپورتێکی سیاسیتردا وتویەتی : حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست کە نموونەی وریایی و ڕابەرینی گەلی عەرەبە لەو دواکەوتنو بەشبەشیەی کە ئیستعمار دووچاری کردوە ، هێزو توانای خۆی لە میژووی دێرینیو کەلەبوری بیروباوەری زیندویەوە هەڵ دەبنجی .. وە هیچ کاتی سڵ لەوەناکاتەوە کە لە پێناوی ماف و چاکەی

ڕەوانە : ل ١١

خۆ دوورخستنەوەی جەماوەر لەوهەڵبژاردنە گاڵتە جاریەی ڕژیمی حافظ اسد لە سوریاریکی خستوە گەیشتۆتە ڕادەیەک کە لەهێندی ناوچەی هەڵبژاردندا ئەوانەی دەنگیان داوە لە سەدی بیست کەمتر بوون .

ئارانسی ڕۆیتەر دوێنێ ئەمەی لە زمان چەند سەرچاوەیەکی ئاگاداری دیمەشقەوە گێڕاوەتەوە .. وەزارەتی ناوخۆی ڕژیمی سوریا لە ئەنجامی خۆدوورخستنەوەی جەماوەر لە هەڵبژاردنە گاڵتەجاریەکەدا ناچاربوو ماوەی هەڵبژاردنەکە ڕۆژێکی تر درێژ بکاتەوە کە لە هەڵبژاردنی کشتیدا کەمتر شتی واڕوودەدا .

ڕۆژنامە «النهار»ی بیروت دوێنێ نووسیبووی هەڵبژاردنە کە بە شێوەی کشتی سارد بوو و لە هەموو ناوەندەکاندا ڕادەی دەنگدان لە نێوان پێنج تا حەفدە لە سەدا بوو . ڕۆژنامەکە لە نامەیەکی تایبەتیدا کە لە دیمەشقەوە هاتوە نووسیویە دیاردەی بەرچاو ئەوە بووە کە ٣٣ پاڵێوراو لە بارێزگاکانی درعاو قنیطرەو حەماو کەرتی دووهەمی بارێزگای سویداء پاش کشانەوەی پاڵێوراوەکانی تر بە پاکانە (تزکیە) دەرچوون ..

ڕۆژنامەکە گوتوویە بێ گومان ئەو چاوەدێری کەرەی دەچێتە سوریا ئەو پرسیارە دەکا کە داخۆ بەڕاستی ئەم هەڵبژاردنە دێموکراتیو گەلیە و حکوومەت تێیدا بێ لایەنە ، و داخۆ ئەو دیمەنگای دیموکراتیە لە کوێیە کە پاڵێوراوەکان پێش دەنگدانو لە کاتی دەنگداندا پاسیان دەکرد ؟

کۆرو کۆمەڵە سیاسیەکان لە دیمەشق وایان چاوەڕوان دەکرد کە ڕابگەیەنرێ کە پاڵێوراوەکانی ڕژێم بە پاکانە دەرچوون هەروەک دوێنێ لە هێندێ ناوەندی هەڵبژاردندا دوای سەرنەکەوتنی هەڵبژاردن-لەواندا ئەمە ڕووی دا .

دەنگوباسی دیمەشق دەری خست کە کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن ڕاگەیەندراوەو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەشی دواخراوە، لە کاتێکدا لە هێندێ ناوەندی هەڵبژاردندا دەنگدان تەواو نەبووە ، ئەویش وەک ئارانسەکان ئوتوویانە لە بەر ساردی هەڵبژاردنو ئەو بارە نادێموکراتیەی هەڵبژاردنەکەی تێدا کراوە .

چاوەدێری گەران لە پاتەختی بروانە : ل ١١

سەرۆکی فەرمانده باربووی دەرچوەکانی برینیچی وڵات دەکا

سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر احمد حسن البکر خەڵاتی دەرچوەیەکەمەکانی قوتابخانەکانی برینیچی وڵاتی کرد .

دیاری بەنرخ بۆ سێ دەرچوەیەکەمەکانی ئیمتیازی قوتابخانەکانی برین پێچی بەغداو وموسڵو بەسراو سلێمانیو حیللەو هەولێر تەرخان کرا .

ئەو بەسەرکردنەوە دەستڕەنگینە لەو پشتگیری کردنو هاندانەوە دێت کە کادیرە ناوەندەکانی دەزگا تەندروستیەکان پێیان گەیشتوە .

لە کانونی یەکەمی داهاتودا، کۆنگرەی جیهانی نەوت وگازو کیمیاگەری لە یەغدا ئەبەستێ

قاهیرە : ئاژانسی هەمیشەیی نێودەوڵەتان ، بۆ قەڵاچۆکردنی مۆنۆپۆلی نەوتو ئازوکیمیاویاتی لە بەغداو لە دەی کانونی یەکەمی داهاتو داوە .

قانس گەشتکەری بۆ هاندانی ڕژێمە عەرەبیەکانی لایەنگری سازان و زایۆنی دوژمن دەست پێ کرد .

پایتەختەکان - ١ - ئاژانسەکان : ئەمڕۆ ئیوارێ لە ئەسکەندەریە وتوێژی ڕەسمی نێوان انور السادات سەرکۆماری میسرو سایروس فانس وەزیری دەرەوەی ئەمریکادەست پێ کرا .

لەمو وتوێژەدا لەلایەن میسرەوە حسنی مبارک جێگری سەر کۆمارو اسماعیل فهمی جێگری سەرەک وەزیرانو وەزیری دەرەوە ، لەلایەن ئەمریکاشەوە ئەندامانی وەفدەکەی هاورێی فانس ، فیلیپ حبیب وەکیلی وەزارەتی دەرەوەو فرید اثرتون یارمەتی دەری وەزیری دەرەوە بەشداربوون .

فانس لەو گەشتەیدا کەبێجگە لە میسر سوریاو لوبنان و ئەردەن وسعودیەو فەلەستینی داگیرکراویش دەگرێتەوە پرۆژەیەکی پێیە بۆ پاکژدانی مەسەلەی فەلەستینو دەست پێکردنەوەی کۆنفرانسی خۆ بەدەستەوە دەرانەی ژنێف لە نێوان ڕژێمەکانی لایەنگری سازانو قەوارەی زایۆنیدا . هەروەها ئەویشیارانەشی پێیە کە بێگن دەربارەی ئەو مەسەلەیە داونی بەکارتەر.

فانس کاتێک گەیشتە ئەسکەندەریە لە وتارێکدا خۆشحاڵی خۆی لە چاوپێکەوتنی سەرکۆمارو وەزیری دەرەوەی میسر دەربڕیو گوتی هەمووڵایەنە پەیوەندیدارەکان لەوەدا یەک دەنگن کە لە زووترین دەرفەتدا بچن بۆژنێف .

هەروە هاگوتی کە ساداتی لەو شتانەئاگادار دەکاکە لەهەمو وتوێژەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا دەربارەی ڕێکخستنی دۆخی ناوچەکە باس کراون .

گەشتەکەی فانس بەدوای سەردانی ئەم دواییەی مەناحیم بیگن سەرەک وەزیرانی دوژمن لە ئەمریکادا دەستی پێ کراوە .

پەیامنێری (ئا. د. ع) لە قاهیرە گوتوویە فانس مەدرێژی بەندەکانی پێشیاری تازەی ئەمریکا بۆ سازاندنو باری سەرنجی سەرکۆماری ئەمریکا دەربارەی کۆنفرانسی ژنێف وئەولایە نانەی تێیدا بەشدار دەبن ، بۆ سەرکۆماری میسر باس دەکاو هەروەها باری سەرنجی قەوارەی زایۆنیشی لە دەربارەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە .

پەیامنێرەکە گوتوویە ساداتو فانس سبەینێ درێژە بەوتوێژەکانیان دەدەن وکۆبوونەوەیەک دەکەن کە لەوێدا سەرۆکی میسر باری سەرنجی سەبارەت بەپێشیاری ئەمریکا دەربارەی کۆنفرانسی ژنێف دێنێتە گۆڕێ .

سبەینێ ئیوارەش سەرۆکی میسرو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەکەری پێک دێنن بۆباسی ئەنجامی وتوێژەکانیان .

هەروا هافانس لە سەردانەکەیدا کە دوورۆژ دەخایەنێ لەگەڵ اسماعیل فهمی جێگری سەرەک وەزیرانو وەزیری دەرەوەی میسریش گۆدەبێتەوە .

وەزیری دەرەوەی میسر پێش بەچێ هێشتنی واشنتۆن لە وتارێکی کورتدا بۆ ڕۆژنامەنووسان گوتی لێژنەکەدوای ئەواو کردنی کۆبوونەوەکانی کە دوێنێ لە قاهیرە ئەواوبوو بریاری پێک-هێنانی لێژنەیەکی کاری داوە لە ئەندامەکانی خۆی تایبەبوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی کرێکارانی سەربە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەرو بەرخۆری نەوت بکات بۆ بەشداری کردنیان لە کۆنگرەکە .. هەروابریاری بەشداری-کردنی ڕێکخراوی کرێکارانی سەربە دەوڵەتانی سەرمایەداری داوە ، تا ئەمانیش مۆناقەشەی هۆی داڕمانی ئابوری ئەمڕۆی وڵاتانی خۆیان بکەن ، لە ئەنجامی ئەو کارەناڕەوایەی کە دەوڵەتانی سەرمایەدار لە بەرزکردنی نرخی بەرهەمی خۆیان ئەیدەن ، لە سەر حسێبی دەوڵەتانی نەوت ، بۆ ئەگەرە نانەبەری پرۆژە پێشکەو توانەکەی خۆیان ، سەرباری هەڵلوشینی دەسکەوتی نەوتی ئەو دەوڵەتانە .

ڕێکەوتنێکی گوشگیری زایۆنی بۆ پاکژدانی شۆڕشی فەلەستین

لە چوار چێوەی ئەو هەنگاوڕێکخستنەدا کە بۆ پاکژدانی شۆڕشی فەلەستینو لێدانی هێزە نیشتمانیەکانی لوبنان لە نێوان گۆشەگیرەکانی لوبنانوقەوارەی زایۆنیدا هەیە ، وەفدێکی گۆشەگیرەکان گەیشتە(مستوطنە)ی (کریاتشمونە) لەژووروی فەلەستینی داگیر-کراو ، ڕادیۆی دوژمن کە دوێنێ ئەو هەوانەی بڵاوکردەوەگوتی وەفدی گۆشەگیرەکان هەموو مەیدانێکدا لە لایەن مستوطنەکەیە .. وەک دەزانین گۆشەگیرەکان لە هەموو مەیدانێکدا لە لایەن کاربەدەستانی دوژمنەوە پشتگیریان لێدەکرێ .. هەروەها گوندەکانی لوبنانو ئۆردووگاکانی پەنابەرەوەفەلەستینیەکان بە چەشنێکی بەردەوام لە لایەن هێزەگۆشەگیرەکانو زایۆنی دوژمنەوەدەکەونە بەر دەستدرێژی .

لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەی « السفیر » دوێنی نووسیویە کە لێپرسراوی موخابەراتی ڕژێمی سوریا لە لوبنان دوو ڕۆژ لەمەوبەر ڕێزە پێوەندیەکی بەسەرۆکانی بەرەی گۆشەگیرەکانەوە کرتوە .. ڕۆژنامەکە گوتوویە ئەو پێوەندیانە کە کەمیل شەمعونو بەیار جومەییلو سلیمان فرنجیە سەرکۆماری پێشووی لوبنانیان گرتوەتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوان لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانی لیژنەی هاربەشی لوبنانو سوریاو فەلەستین بوون بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنەکەی قاهیرەوە هەیە لە ناو ئۆردووگاکانی فەلەستینیدا لە بیروت دوای ئەوەی کە هێزە دامرکێنەرەکانی سوریا کەمارۆی ئۆردووگاکانیان داو نەیان-هێشت فیداکارە عەرەبەکان چەک هەڵبگرن یان جلوبەرگی عەسکەری بکەنەبە و هەروەها کۆبوونەوەشیان لە ناو ئۆردووگاکاندا قەدەغە کرد .

ڕەوانە : ل ٧

Institut kurde de Paris

تەنگ وچەلەمەی رژێمی سوریا

ئابوریەکی داڕووخاو وبێزاری رووله زیاد بوونی گەل

ئەگەر بڵێین ئابووری رژێمی فەرمانڕەوای سوریا بەرەو داڕووخان دەچێ شتێکی تازەمان نەگوتوە ، چونکو ئەمەلەو کاتەوە ئاشکرا بووە کە ئەم رژێمە لەژێر بەردەی بەناو « هێزە دامرکێنەرەکانی عەرەب » دا پەلاماری خاکی عەرەبی لوبنانی دا ، کە ئەم دەربیانەش ماوەی مانەوەی ئەو هێزانە بۆ شەش مانگی تر تازەکراوەتەوە ، بۆ بەشداری ئەو رژێمە لە تەنگ پێ هەڵچنینی بزووتنەوەی نیشتمانی لوبنانو بەرگری فەلەستینیدا .

ئەو داڕووخانە ئابوریە لە هیچ ولاتێکی دنیادا وێنەی نەبینراوە ، کە ئەمە خۆی لە پێشەوە حوکمی تێك شکانی ئەو پرۆژانە دەدا . زۆربش وایە کاری ئەو « سەرمایە » بێگانانە لە بەرامبەر مەرجی نارەوا دایە . بۆ نموونە رژێم پرۆژەی چاك کردنی ئەو خاکانەی کە لە بەندی فوراتەوە تا دەدرێن داوە بە کومپانیاکانی رۆژئاوا ، بەو مەرجە کە پاش چاك کردنی خاکەکان هەقیان هەبێ هەتا دەساڵ خزیان رەنێویان بێنن و کار بەدەستانی سوریا بە هیچ جۆر هەقیان نەبێ دەست لەکاروباری شێوەی رەنێو هێنان یان چەشنی کشتوکاڵ یان شێوەی بەرهەم هێنان وەر بدەن . هەروەها بە گوترەی ئەو مەرجانە کومپانیاکان نازادن بازرگانی ئەو کەلو پەلە کشتوکاڵییانە کە لەو خاکانە بەرهەم دەهێنرێن بەرنە دەرەوەی سوریا ، کە ئەمە دەبێتە هۆی لاواز بوونی ئابووری ولاتو پشت بەستی بەسەرمایە دانانی بێگانەوە . بێجگە لەوەش کە کومپانیاکان نازادن بە کەیفی خۆیان « شارەزا » بێنن ولاتو بیان نێرنەوە دەرەوە بێ ئەوەی بەرهەلستی یان بکرێ ، هەروەها بۆ هێنانی ئامرازو کرێکاریش نازادی تەواویان هەیە .

لە بەرامبەر ئەم دۆخە ئاڵۆزاوەدا کە ئەو یارمەتییانەی رژێمەکەش بە شێوەی قەرزیان « یارمەتی » بە مەرجەوە لە ئەمریکاو کۆنەپەرستی وەری گرتوون هیچ سوودیان بۆ باشکردنی نەبووە ، بێزاری گەل زیادی کردوەو زۆر کارەساتی سامناك رووبان داوە کە بوونە هۆی ئەوەی سەرۆکی رژێمی وەرگەڕاو بەشێك لەو هێزانەی لە لوبنان بوون بانگ بکاتەوە .



ئەو هێزانە دەسەبەجێ گوێزرانەوە بۆ دیمەشق بۆ ئەوەی « ئارامی » بەسەر شارەکەدا بسەپێنن کە تارەزایی یەکی جەماوەری ئەوتۆی تێدایە هەرەشەی تەقینەوە دەکا .. ئەمە بێجگە لەوەش کە کەرتەکانی سوپای عەرەبی سوریا لە لوبناندا جارێکی تر ئامادە نەبون لە ئەبوون فەرمانی سەرکردایەتی جێبەجێ بکەن هەروەك ماوەیەك لەمەوبەر رووی دا کە بەشێك لەو کەرتانە ئامادە نەبوون لە هێزە فەلەستینی یەکانی نبطیە بدەن .

رژێمی سوریا سەرەرای هەموو هەوڵو تەقەلایەکی «شاردنەوە»ش کە خستوویەتە سەر « هەنگاو »ە ئابووریەکانی نەیتوانیوە باری راستەقینەی دۆخەکە لە جەماوەری عەرەبی سوریا بشارێتەوە ، چونکە یاخی بوونو تووڕەیی خەریکە هەموو رێزەکانی جەماوەر دەگرێتەوە، کە دەبینن ئابووری ولات بەو چەشنە ئاڵۆزاوەو کومپانیا بێگانەکان بەپەلە خەریکن ئەوەی ماویشەتەوە لە ناو خۆیانیدا دابەش بکەنو کاربەدەستانیش خۆیان هاوشێوەی کۆشی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی جیهانیەوەو بە دوای سازانی سەر شۆرکەرانەدا زمانیان کیشاوە .

بەماوەری عەرەب لە سوریادا کە رابەرینی میللی خۆیان لە دژی رژێمی فاشیستی دیمەشق بەرە بێ دەدەن لەو هێرشی کرێو کوشتنە چاوترسێن نابن کە ئەو رژێمە بەنای بۆ بردوە بۆ ئەوەی گۆیا پێش بەو شۆرشە بگرێ کە خەریکە گێژەلوکەکەی بناخەی ئەو رژیمە وەرکەڕاوە هەلتەکێنی کە بۆتە دوژمنی ئاوات و ئامانجەکانی جەماوەر .

★

یەکەمین جار "نازیەت" بوو..

دوای سرویشی "ئیسرائیل"ە

ـ سیروان بکر ـ

کاتێك نازیەکان فەرمانڕەوایی ئەڵمانیایان بە دەستەوە گرت و لە کاتی جەنگیشدا بڕو پاگەندەی ڕامیاریان هەڵبژاردەك ئامرازو وەك هۆیەك بۆ کەم کردنەوەی نرخی دوژمنەکانیان و قووڵ کردنەوەو چەسپاندنی بیروڕای حزبی نازیو هەڵویستە ڕەگەزپەرستانەکەی لە میشکی گەلی ئەڵمانیاو خۆنزیك کردنەوەلێیەوە ، وەزیری ڕاگەیاندنیان لەو کاتەدا (د. گۆبلز) ئەم ئەرکەی وە ئەستۆوە گرت کە باوەڕی بەو ووتەیە بوو کە دەڵێت (درۆ بکە .. هەر درۆ بکە .. تاکوو خەلکی باوەڕت پێدەکەن) ..

گۆبلز .. تاڕادەیەك لەم کارەیدا سەرکەوتنی وەدەستهێنا .. لەبەر لاوازی دوژمنەکانی ئەڵمانیاو بەهێزی ئەڵمانیا لەلایەن سوپاوەو لە پرۆپاگەندەو پرۆپاگەندەی پێچاوانەدا ، زۆرجاریش هتلەر خۆی بەیمانی دەدا بە گەلی ئەڵمانیا کەڕایخی سێیەم هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت .. بەڵام دەستەڵات دارە ڕەگەز پەرستانەکەیان تەمەنی لە دە ساڵ زیاتری نەخایاند .

ئیستاش لە سەردەمی ئەتۆم و چوونە ناو مانگدا ، دەوڵەتێکەی (ئیسرائیل)ی ڕەگەزپەرست کە وێنەی دووەمی نازیەو پتر تر بڕوای بە ئزادو ڕەگەز هەیە ، ئەوان ـ واتە سەرکردەکانی (ئیسرائیل) ـ ئەگەریش لە ڕواڵەتدا ڕقێکی زۆریان لە هتلەرو نازی دەبێتەوە بەڵام باشترین شاگردی هتلەرنو لەسەر خوو ڕەوشتی ئەو ئەرۆن و ، چاك ترین وێنەشمن کە بیروڕا ڕەگەزپەرستانەکەی ئەویان تێدا بە دەرکەوتووە ، ئەوە بوو بە شێوەیەکی جیهانیو لە ئەنەوە یەکگرتووە کاندا ڕەگەزپەرستایەتی (ئیسرائیل) پەردەی لەسەر داماڵینرا ، کە زۆر بەی ئەندامانی ئەنەوە یەکگرتووکان (ئیسرائیل)یان ناوانبارکرد کە بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستانەیەو پیاوکوژەکانی (ئیسرائیل)

چەند بەشێکی هزیە دامرکێنەرەکانی کتێبی (خەباتم ـ ی) هتلەر بەکوتو متەوەو بەشێوازێکی درندانە بەکاردەهێنن ، باشترین بەڵگەش ئەو پیاوکوشتنو خوێن ڕشتنەیە کە لەخاکی فەلەستینیدا بەرپایان کردووەو کەلێکی بەتەواویان بێخانەو ئاوارە کردووەو زەوی وزاری وولاتە عەرەبەکانیان بەزۆر داگیر کردووەو دژی هەموو یاسایەکیش وەستاونو وایان لە دانیشتوانی ئەو شوێنانە کردووە لە ژێر زەبری داگیرکردنێکی بێزلیکراودا بژین بۆیە کوتوپڕ دژی ڕاپەڕیونو پێی قایل نابنو جەنگی لەگەڵدا دەکەن ، بەهەموو جۆرێك هەر لە خۆبێشاندانەوە بگرە تا هەڵگرتنی چەك ئەویش بەهۆی کاری خۆبەخت کردنەوە .

بەگوترەی تیوری یە مێژوویی و ڕووداوەکانی مێژوو دەردەکەوێت کە (ئیسرائیل) لەناو دەچێت ، هەروەکو مێژووناسی جیهانی (ئەرنۆلدتوینبی) دەڵێت پێویستە (ئیسرائیل) لەناو بچێت ئەگەریش چی تەمەنی لە دەوڵەتی نازیەکانو فاشیەکان زۆرتری خایاند .. چونکە ئەمە مێژوو ـ و ـ سروشت سەلماندوویەتی .

Institut Kurde de Paris

لە ئەمەریکای لاتینی دا

٢٤ ملیۆن مرۆڤ بێکارن

لە کیشوەری ئەمەریکای لاتینیدا بێکاری لە ولاتە پیشەسازیی یە سەرمایەداریکانی تر زیاتر بڵاوبۆتەوە ، چونکە ئەوەی لەم کیشوەرەدا لەسەرئیشەکەی دەرکرا هیچ جۆرە یارمەتیەکی پێنادرێت ، وەك لە ولاتە سەرمایەدارەکاندا دەدرێت بەو کەسانەی بێکارن، لەبەرئەوە برسێتی دەست دەنێتە بینی ژیانیەوە ، بە گوترەی سەرژمارکردنی شارەزاکانی ئابوری ، چونکە سەرژمارە کردنی ڕەسمی نییە ، ژمارەی ئەوانەی لە کیشوەری ئەمەریکای لاتینیدا بێکارن لە کۆمەڵی ئەوکەسانەی کە توانای ئیش کردنیان هەیە دەگاتە ٣٠٪ .

واتە ژمارەی بێکارەکانی ئەو کیشوەرە دەگاتە ٢٤ ملیون مرۆڤ ، بۆ نموونە لە شیلی لەهەرسێ خزان یەکێکیان داهاتێکی سابتیانی نییە ، لەبەرازیل نیوەی خەڵکی وڵاتەکە بێکارن، لە گواتیمالاش ژمارەی بێکارەکانی گەیشتۆتە ٤٠٪ لەکاتێکا ژمارەی ئەوانەی لەئەرجەنتین بێئیش دەگاتە ١٠٪ ئەمەش بەگوترەی قسەی کاربەدەستانی حکومەت .

شارەزاکانی ئابوری لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئەمە ژمارەیەکی تەواوی بێکارەکانی کیشوەری ئەمەریکای لاتین نییە ، بەڵکو ئەوانەی بێکارن زۆر لەوەزیاترن کە خراونەتەرو ..

یەکی لە کرێکارەکانی گەرەکێکی هەژاری شاری بەرازیلیا ئەڵێت : لەتەل چوار خیزانی تردا لە کوخێکا دەژیم کە لە تەنەکە دروست کراوە . توانیم بەرۆژانەیەکی زۆرکەم ئیش بدۆزمەوە بەڵام بیاوەکانی ئەوچوار خیزانەی تر بە بێ کارماونەتەوە. کۆلومبیا ژمارەی سوالکەرەکانی بەچارێك زیادی کردوە بەجۆرێك ژمارەی ئەو سوالکەرانە لە ژمارەی ئەو کەسانە زیاترن کە بە جادەکاندا دەرون ، وە لەزۆربەی وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین پەیوەندی ئابوریی پەیوەندیەکی کویلەیەتیەو بڕێتی یە لە ئاغاو کویلە چەوسانەوە بە شێوەیەکی نیچکار بێویژدانانە .

بەڵام ئەوەی خەتای ئەم دۆخە پرکلولیەیان دەکەوێتە سەر شان ئەوانە لە دەزگاکانی بانقو کۆمپانیا ئیحتیکاریە کەورەکاندا دەبینرێن کە زوربەیان ئەمەریکاین ، ئەوانە بەردەوامن لە تاڵان کردنی داهاتی گەلانی ئەمەریکای لاتینیدا ، وە گوێش نادەنە هیچ شتێك تەنیا ترسی « مان گرتنو ئازاوەنەبێت ! » کە بێکارەکان هەڵی دەگیرسێنن .

وەلایەکی ترەوە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین لە هەوڵو تەقەلایەکی بێوچاندایە بۆ رزگار کردنی ئابوریی وڵاتەکەی لە چنگی ئیحتکارە بێگانەکان ، ئەو خەباتەش چینی کرێکاران سەرکردەی دەکات کە بڕێتی یە لە ٣٠ ملیون کرێکاری پیشەسازیی کە بەرەنگاری دەسەڵاتە دیکتاتۆریە ئەڵقە لەگوێی سەرمایەدارەکان رواەستاون .

کاروباری جیهان

جەزا صالح

هەوانی ڕژێنامەگەری وایان ڕاگەیاند کە وەفدێکی سەربازی لە خواروی ئەفەریقاوە لەودواییەدا گەیشتۆتە فەلەستینی داگیرکراو ، بۆ گفتوگۆکردن لەگەل کاربەدەستە سەربازی یەکانی زایۆنیدا .

هاتنی وەفدەکە لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخستنە سوپایی یەدایە کە لەنێوان قەوارەی خواروی ئەفەریقای ڕەگەزپەرستو قەوارەی زایۆنیدا دامەزراوە . ئەو هەوانە تەنها هەوانێکە لە گەڵ هەوانی تر دەربارەی گەشەسەندنی پەیوەندیی نێوان قەوارەی زایۆنیو ڕژێمەرەگەزپەرستەکان بێگومان ئەو پەیوەندی یانەش کە شارراوەو نەهێنین گەلێ لەوانە زۆرترن کە ئاشکرانەکرێن . بەردە لەرووهەڵمالینی ئەو پەیوەندی یە چەسپیوانەش کە قەوارەی زایۆنی بەرژێمە ڕەگەزپەرستەکانەوە ئەبەستێتەوە ، شتێکی کوتو پڕنی یە بەلای هیچ چاودێری کەرێکەوە کە پەیدابوونی قەوارەی زایۆنیو ئەو هێزو لایانەی گرتویانەتە باوەشو ئەو بنچینانەی لەسەری دامەزراوەو زنجیرەی ڕەفتارەکانی دژی دانیشتوانی ڕەوای ئەو وڵاتە ـ کە گەل فەلەستین ـ چاك نەزانێ .

هەڵسەنگاندنی ئەو لایانەی ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە پەیوەندیی کەشەسەندووی نێوان قەوارەی زایۆنیو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان ، ڕاستی یەکەلەگەل جەوهەری قەوارەی زایۆنیو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکاندا ئەگونجێ .

ئەو قەوارەیە لە بنچینەوەلەسەر بیرێکی دواکەوتوویو دامەزراوە کە لەڕەگەزپەرستیو خۆبەرزنواندنو خۆهێنانەوە یەکدا نقوم بووە . لە ڕوژی دامەزرانیەوە ئەو قەوارەیە سیاسەتێکی فاشی گەری ڕەگەزپەرستانەی دژی گەلی فەلەستین ڕەفتار کردووە .

لەلایەکی تریشەوە ئەوەو دوڵەتانەی پشتگیریی قەوارەی زایۆنی ئەکەن ، هەرئەوانی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکانی ئەفەریقاو شوێنانی تر ئەبارێزنو پشتیان ئەگرن .

خۆ ئەگەر ئەو فەلسەفەیەی لە دامەزراندنی قەوارەی زایۆنیدا ڕەچاوکراوە هەرهەمان فەلسەفەیێت ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان ڕەچاویان کردبێت . ئەگەر ڕەفتار کردنیش دژی دانیشتوانی ڕەوای وڵات لەیەك بچن و ئەو لایانەش کە پشتگیریی قەوارەی زایۆنیو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان ئەکەن ، یەکێك بن ، ئەمەشتێکی گەلی ئاساییە کە پەیوەندیی لەنێوان ئەو قەوارەشەڕانی یەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکاندا ئەچەسپێو پەرەئەسێنێ .

زایۆنیست هەوڵی دا مەرکی ڕەگەزایەتی خۆی بشارێتەوە ، بەڵام ئەو هەوڵانە ئەبێتوانی ماوەیەکی درێژ ڕای گشتی جیهان هەڵخەڵەتێنێ، چەوهەری ڕەگەز پەرستیەتی زایۆنی تا زایۆنیست هەوڵی دا مەرکی ئەهات زیاتر بۆ ئەوانە ئاشکرابوو کە لەسەرەتاوەدەستیان نەئابۆسەری .

بەم جۆرە بڕیاری ئەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە لەقەڵەمدانی زایۆنیستی بەشێوەیەك لە شێوەکانی ڕەگەزپەرستی ، ووشیاریی زوربەی کەرتەکانی خێزانی دەوڵەتانی بەرامبەر جەوهەری ڕەگەزپەرستیەتی زایۆنی دەربڕی .

لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی نێوان قەوارەی زایۆنیو ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان کە لەقۆناغی ئێستادا بەشێوەیەکی قوڵتر ئەچەسپێن و ڕەگ دائەکوتن ، ئەمە لایەکی ئەو ئەخشە ئیمپریالیە ئەخاتە ڕووکە بە مەبەسی بەرەنگاری کردنی ئەوکشانە پەرەسەندوو سەرکەوتنانەیە کە بزوتنەوەی رزگاریو نیشتمانی ئەفەریقا بەدی یان هێناوەو زەبری کوشندەیان لە ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان داوە . هەروەها قەوارەی زایۆنی هەوڵ ئەدا ئەودەسەڵاتەی لە کیشوەری ئەفەریقادا دۆڕاندویەتی لەری فراوان کردنی پەیوەندی بەسێن لەگەل ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکاندا ، بەتایبەتی لە ئەفەریقا دەستگیری بخاتەوە .

سیاسەتی باج وەرگرتن وئەرکەکانی بەرەوئیشتراکیەت چوون ..

وڵاتەکەمان ئستا بەوردی بەو دەسکەوتانەدا دەچێتەوەو هەڵیان دەسەنگێنێ کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا وەدی هاتوون، بەتایبەتیش لەو کەندو کۆسپو گیروگرفتانە دەکۆڵێتەوە کە لە هێندێك رووی رێڕەوەکەدا هاتوونە پێش بۆ ئەوەی بەسەریاندا زاڵبێو بازیان بەسەردابداو هەڵومەرجی پێویست بۆ بەجێ گەیاندنی ئاڵو گۆڕی ئیشتیراکیو وەدیهێنانی کۆمەڵی پڕ خێروخۆشی ، خێروخۆشی هەموو گەل دابینبکا .

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مەبەستی بنەڕەتی بەرەو ئیشتراکیەت چوون دووشتی سەرەکیە کەلێك جیاوازوبەڵام بەکتر تەواو دەکەن کە بریتین لە :-

یەکەم - پەلەکردن لە پەرەپێدانی ئابووری ئەتەوایەتی بەرادەیەك کە لە رژێمێکی نائیشتیراکیدا لەتوانادا نەبێ . ئەمەش بەوەکارخستنی هەموو تواناکانو بەکارهێنانی باشتری هەمو توانا مادیو بەشەریەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەپێی رێو شوێنێکی زانستی کە بەوردی نەخشەی بۆ کێشرابێ

دووهەم - بەرەوژووربردنی بەردەوامی بڵەی گوزەران ، ئەویش بەکەم کردنەوەی جیاوازی داهات لە نێوان دەستەو کۆمەڵە جۆر بەجۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵی خێروخۆشی هەموو هاونیشتمانیەکان لە رێگای لێك نیزیك خستنەوەی جیاوازیە جینایەتیەکانەوە .

ئەم ئامانجانەی بەرەو ئیشتیراکیەت چوون لە فەلسەفە - بیرو باوەڕی - دەسەڵاتداری حکووەتدا خۆدەوێنن ، چونکە سیاسەتی دەوڵەت بەگوێرەی ئەم فەلسەفەیە رەنگدەداتەوە .

سیاسەتی دەوڵەتیش تەنیا بریتیە لە کۆمەڵێك سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هی ترو ، سیاسەتی باج وەرگرتنو سیاسەتی خەرج کردنیش بەگرنگترین ئامرازی سیاسەتی دارایی دەوڵەت دادەنرێنو ئەوەی دوایی یان بە نۆرەی خۆی بەکێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی ئابووریشە .

ئاشکرایە کە ئاکرێ ئەوەی بەدەستی راست دروستی دەکەین بەدەستی چەپ بیرووخێنین . جا بۆیە دەبێ هاوکاریو هەنگاو رێکخستنو پشتگیری لێك کردنو بەکتر تەواوکردنێکی بەهێز لەنێوان سیاسەتەکانی دەوڵەتدا هەبێ بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دیاری کراون . ئێستا بزانین ئەرکەکانی سیاسەتی دارایی لەم قۆناخەدا کامانەن ؟

سیاسەتی دارایی و ئامانجەکانی بەرەو ئیشتیراکیەت چوون

سیاسەتی دارایی لە شۆرشی حەفدەی تەموزی ١٩٦٨ بەملاوە زیاتر پێی لەسەر ئەوە چەقاندوە کە بەشێکی زیاتری سەرچاوە داراییەکان بۆ بەرنامەکانی سەرمایەدانانی ئەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی تەرخان بکرێن بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان زۆرو جۆراو جۆربن و داهاتی ئەتەوایەتی زیادبکاو کەرتی ئیشتیراکی کە لە قۆناخی ئاڵوگۆڕی ئیشتیراکیدا کەرتی پێشرەوو ژاڵە لە ئابووری نیشتمانیدا ، بەهێزبکرێ .

لەساڵی ١٩٧٣ وە پاش ئەوەی عیراق هەموو مافەکانی خۆی لە سامانی ئەوتدا وەرگرتەوە حکوومەتی شۆرش هەوڵیداوە بۆ بەجێهێنانی داهاتیان کەم بوو، پەسندکراو، دەرەتانی کار بۆ هەمووی ئەو کەسانە کە توانای کارکردنیان هەیە پێکهێنرا . لەلایەکی تریشە خزمەتەکانی فێرکردنی خۆڕایی و خزمەتەئندروستیەکانو هەموو خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان بەرادەیەکی یەکجار زۆر زیادیانکرد ، بێجگە لەوبڕیارانەش کە دەرچوون بۆ پشتگیری کردنی نرخی کەلوپەلو خزمەتەکان کە ئەوانەش لە زیادکردنی داهاتی راستەقینەدا بەشدار دەبن چونکە ئەندامێکی کۆمەڵ بەنرخێکی کەم کەلوپەلو خزمەتێکی کۆمەڵایەتی زیاتری دەستدەکەوێ .

بەمجۆرە زیادکردنی خەرجی بەکاربردنی گشتی (الانفاق الإستهلاکی العام) کە زیادبوونی چەند هەنگاوێك کە بتوانن ببنە هۆی دابەشکردنێکی باشتری داهاتی نەتەوایەتیو دابەشکردنەوەی ئەو داهاتە بە جۆرێك کە توانای شت کڕینی هاونیشتمانیەکان زیادبکا .

لە چوارچێوەی سیاسەتی خەرج کردندا زێدەییەکی زۆر لە مووچەو (مخصصات)و کرێی ئیشکەرانو خانەنشینداندا بە گشتیو بەتایبەتی ئەوانەی

ئابووری و تەقەلای پێك هێنانی هاوسەنگی ئابووری چەندە سەرکەوتوە

سەرکردایەتی سیاسی هەر زۆر زوو هەستی بەو کەمو کورتیانەکرد کە ئابووری عیراق خەریكبوو بوشیان دەهات ، بۆیە رێنوێنیە مەرکەزیەکانی بۆ چارەسەری ئەو کەمو کورتیانە لەرووناکایی واقیعو تاقیکردنەوەی ئابووری عیراقدابوون . گرنگترین هەنگاوەکان بریاری ئەم وەزعە بریتیبوون لە پێش پێ گرتنو رێنوێنی کردنی زیادەڕەوی مەترسیدار لە خەرجی شتوومەکی بەکارهێنراوداو پێچەقاندن لەسەر چارەسەری گیروگرفتی نزمبوونی بەرهەمداری لە کەرتی ئیشتیراکیداو ناسینو لەناو بردنی کەندو کۆسپەکان بۆ گەیشتن بە کەمکردنەوەی خەرجی بەرهەم زیادکرنی رادەی بەرهەمو باشکردنی چەشنەکەی لەگەڵ چاوێ خشاندنەوەی سیاسەتی شت

لە دەرەوەهێنانیشدا بە جۆرێك کە نەختێك نەرمی تێدا بەکار بهێنرێ تاوەکو پێداویستیەکانی ئەم قۆناخە دابینبکا .

ئێمە نامانەوێ لە قۆناخی ئێستادا داوابکەین کە بەچەشنێکی بنچینەیی چاو بە رێگاکانی پاداشدانەوەی هۆیەکانی بەرهەمهێنان واتە بە دابەشکردنی داهاتی نەتەوایەتی لەنێوان سەرجاوە جۆربەجۆرەکانی داهاتدا کە بریتین لە کرێ ، قازانج ، سوود بخەینەندرێتەوە ، ئەمەشتێکە کە لە چوارچێوەی ئەم باسە بەدەرە ، بەڵام داوادەکەین کە سیاسەتی باجوەرگرتن بەچەشنێکی باشتر بەرێوەببرێ کە لەگەڵ گرنگی ئەو سیاسەتە لەم قۆناخەدا ڕێك بکەوێ .

سیاسەتی باج وەرگرتنو ئەرکەکانی بەرەو ئیشتیراکیەت چوون

پاش ئەو هەنگاوە بەربڵاوە ئابووریو دارایی یانە کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا هاوتۆراونو بوونە هۆی زیادبوونێکی زۆری داهاتی دراوی (الدخول النقدیه) کە بەشێك لەو بارانە بەرەو بەکارهێنانی (کەمالیات) رۆیشتوون ، بەرادەیەك کە لەگەڵ سروشتو توانای ئابووری نەتەوایەتیو بەرهەمهێنانو شت لەدەرەوە هێناندا رێكناکەوێ ، پاش ئەم وەزعەی باس کرا پێویستە بەبەکارهێنانی سیاسەتێکی باجوەرگرتن چاری مەسەلەکە بکرێ کە توانای شت کڕینی دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیە کەمداهاتەکان بپارێزێو بایەخبدا بە دابەشکردنەوەی داهات بەو جۆرە کە باجێکی ئەوتۆ بخاتە سەر ئەو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیانەی توانای باجدانیان هەیە کە لەگەڵ زێدەیی زۆری داهاتەکانیاندا رێك بکەوێو لەگەڵ زێدەیی زۆری خەرجی کۆمەڵایەتیشدا بگونجێ کە دەوڵەت دەیکاو بۆ ئەوەیە وەك یەك خزمەتی هەموو هاونیشتمانیەکانی پێبکرێ .

قۆناخی ئێستای ئابووری ئەتەوایەتی پێویستی بەوە هەیە کە سەرجاوەکانی داهاتی ئەتەوایەتی باشتر بخرێتەکار ، ئەویش لەو رێگایەوە کە باجی راستەوخۆ بخرێتەسەرسامانو داهاتە زۆرەکان بۆ ئەوەی بەشێك لەو داهاتانە لە ئەندامانی کۆمەڵەوە بگەرێتەوە بۆ دەوڵەت .

هەروەها پێویستی بەوەهەیە کە باجی ناراستەوخۆش بخرێتە سەر بەکارهێنان بۆ ئەوەی خەرج کردنی ئەو داهاتە بگرێتەوە کە رووەکەنە بەکارهێنانی شتوومەك زیاتر لە رادەی پێویست ، تاوەکوو دەسکاری کردنی دابەشکردنی داهاتو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی باشتر دەستەبەربکاو هاوتایی ئابووریو باش دابەشکردنی داهاتی نەتەوایەتی لەنێوان دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیە جۆربەجۆرەکاندا دابینبکا .

واتە ئێمە داوادەکەین لە رووناکایی واقیعی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئامانجە دیاری کراوەکاندا چاو بە سیاسەتی باجوەرگرتندا بخێنەرێتەوە.



دەوری راگەیاندن لە هێنانەدی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەییدا

لە ٢٥ی حوزەیرانەدا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای نەخشەی نەتەوەیی ساڵانی ١٩٧٦ - ١٩٨٠ - ژمارە - ٨٩ی ساڵی ١٩٧٧ی دەرکرد .

دووەم بڕگە لەماددەی جواری ئەویاسایە دەری خستووە کە ئەبێ ((چالاکی دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندن زیادبکرێتو ڕۆژنامەکانی نیشتمان بو هاندانی جەماوەران بخرێتەگەڕ تاوەکو بەردەوامو چالاکانە بەشداری کرداری پەرەپێدان بکەنو پەردە لەرووی ئەو نالەباریانەهەڵماڵری کەرێ لە جێبەجێ کردنی ئەنجامەکانی نەخشەکەئەگەرن ، ئەوەش لەرێی رەخساندنی دەرفەت بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مەوزوعیانە تاوەکو ئەو چەوتیەی لە رەوتی نەخشەکەدا سەری هەڵداوە راستبکرێتەوەو شێوەکانی جێبەجێ کردنی پەرەپێبدرێن .

دەرخستنی دەوری دەزگای راگەیاندن لە یاسای نەخشەی پەرەپێداندا ، لەگەڵ گیانی راڤۆرتی سیاسی هەشتەم کۆنگرەی قوتری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا یەك کەوتووە .

حزب خواستی ئەوەیە کە راگەیاندن بە هەموو دەزگا جیاجیاکانیەوە ، کەرتێکی پێشرەوو پێشکەوتووو بەهرەداری کۆمەڵگاو کرداری دروستکردنی سۆشیالیستی بێت .

بۆ ئەوەی دەزگای راگەیاندن بتوانێ دەوری خۆی بەجێ بهێنێ ، ئەبێ وای لێبکرێت توانای هەڵسەنگاندنی بایەخی پەرەپێدانی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەرەو هێنانەدی سۆشیالیستی بێت ، لەبەر ئەوەی ئەو دەزگا رابوردووی بۆ بەجێماوە ، کانی تری دەوڵەت گەڵنالەباری زیندەوەش وەکو هەموو دەزگا کارکردن بۆ پێشخستنی ئەو دەزگایەو پاك کردنەوەی ئەو رێبازانەی رێ لە بەهرەی کارگەران ئەگرنو بڵاو کردنەوەی گیانی پێشیرکێ کردنی سۆشیالستانەو کاری تێکڕایی، شوێنێکی دەرکەوتویان لە نەخشەی پەرەپێدانی ١٩٧٠ - ١٩٧٤و ٧٦ - ١٩٨٠ داو لەو بەرنامە رەنێو هێنانانەشدا داگیرکردووە کە پێیانەوە بەدن .

شۆڕشی حەفدەی تەموز کۆمەڵی کردارو رەفتاری بۆ بەرزکردنەوەی بایەی دەزگاکانی راگەیاندن گرتەبەر ، ئەمەش لەبەر گرنگیەتی ئەو دەزگایانەو پەیوەندی راستەوخۆی رۆژانەیانەوە بەجەماوەران .

لە بواری پێگەیاندنو مەشق پێکردنو ئامادەکردنی کادیری راگەیاندندا ، لەماوەی رێڕەوی شۆڕشدا گەلێ شتی زۆر هێنرایەدی ، هەروەها پێش کەوتنێکی جۆری لە مەیدانی دەزگاکانی هەواڵ بڵاوکردنەوەو چاپکردنوداپەش کردندارەخسا بەو گوێرەیە ئەو مادەوباسانەی دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان ئەکاتەوە بوونە مادەو باسێکی بە ئامانجو کاریگەر ، چ بۆ خوێنەر یاخود بۆ گوێگرو بینەر بۆ راگەیەنینەرەکان روون بۆوە کە مەسەلەی سەرکەوتنی نەخشەکانی پەرەپێدان ، پێویستیەکی بنەڕەتی سەرشانیانە ، چونکە مەسەلەیەکی گەلێ بەبایەخو وردو زۆر پێویستە .. چارەنووسی پێشکەوتنو دروستکردنی ئەو سۆشیالیستێ کە شۆڕشی حەفدەی تەموز بەهۆشمەندیو سوورببوونێکی بێسنوورەوە هەوڵی هێنانەدی ئەدا .

هەوڵدانی بەردەوام بۆ پێناسینی جەماوەران بەگرنگی سەرکەوتنی نەخشەکانی پەرەپێدانو چۆنیەتی سەرخستنی ئەو نەخشانە ، ئەرکێکی نیشتمانیو ئەتەوەیی بەو لە ئەستۆی هەموو پیاوێکی راگەیاندندایە. بەڵام ئەو رێبازە چالاکو کاریگەر نابێت ئەگەر مەوزوعیەتی تێدانەبێو واز لە بێوە هەڵبەستنو قەبارە زل کردنی بێ رێوچێ ئەهێنێو نموونەی هەستداری گونجاوو بەخششی بەرچاوی وابێشکەش ئەکات کە کاربکاتە جەماوەران بۆ قووڵبوونەوە هۆشمەندیو زیاتر قۆڵ لێهەڵماڵینیان ، تاوەکو چالاکانە بەشداری کرداری دروست کردنو پەرەپێدانی تێکڕاو بەبەلەبکەن .

ئەبێ راگەیاندنی شۆڕشگێرانە بایەخی سەرکەوتنی نەخشەی پەرەپێدان بۆ هاووڵاتیانو ئەوەکانی دوایی بخاتەروو ئەوە روونبکاتەوەکە چۆن دوارۆژێکی پرشنگدار ، کە دۆخی ژیانی جەماوەرانی تێدا باشبێو سەربەخۆیی تێدا پتەوبێو کۆتەکەی بنیاتنانی سۆشیالستی تێدا چەسپیوبێت ، لەسەر سەرکەوتنی ئەو نەخشەیەو پرۆژە پەرەپێدراوەکانی مەیدانی پیشەسازیو کشتوکاڵیو خزمەتگوزاری بەندە .

ئەو کۆڕانکاریە سۆشیالیستیەی ئەخوازرێ ، بەسەرکەوتنی نەخشەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی بەندە ، پرۆژە گەورەکانی پەرەپێدان کە نەخشەی پەرەپێدانی لەسەرداوە لەگەڵ کۆڕانکاریە ساڵی ٧٦-١٩٨٠ بریاری بنچینەیی یەکانی کەرتی خزمەتگوزاری گشتیو کۆمەڵایەتی لە کۆتایی نەخشەی ئێستادا ، دەورێکی بنەڕەتیان ئەبێت لە گۆڕینی بەیوەندی یە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان لە بێناو پێشکەوتنو بنیاتنانی سۆشیالیستیدا . چونکە دەرفەتی تری کارکردن بۆ دەهاهەزار هاووڵاتی ئەڕەخسێنێو یارمەتی بەرزکردنەوەی رادەی شارەزایی کارگەران ئەدەنو چالاکانە لە قووڵکردنەوەی کۆڕانکاریە سۆشیالیستیەکانو کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان شارو لادێدا بەشداری ئەکەن ، هەروەها جێبەجێبوونی پرۆژەکانی پلانە نوێکە ، ئافرەت لەچواردیواری تەسکی ماڵدا دەرنەهێنێو بەرەو مەیدانی بەرفراوانی ئیش کردنی رانەکێشێ . بەمە زانیاری ئافرەت فراوانتر ئەبێتو ئەو سەربەستیە کۆمەڵایەتیەی دەستگیر ئەبێت کە بەسەر بەست بوونی ئابوریە وە بندە ، ئەبێتە ئەندامێکی بەرهەمهێنەر ، نەك هەر شت بەکارهێنەر بێت لە کۆمەڵگادا .

توانای راگەیاندن لەبەستنەوەی چاکەی پەرەپێدانی تێکڕاو پەلەلێ کراو، بەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو بنیاتنانی ئەو سۆشیالیستیەی شۆڕش مەبەستیەتی ، مەسەلەیەکە لەپشتی ئەرکو پێویستیە نیشتمانیو ئەتەوەیی یەکانەوەیە .

هۆشمەندی راگەیاندنو هەست بە ئەرك کردن دوو توخمی هاوبەك بریاریان ئەدات ، هەربەکەیان ئەویتر تەواو ئەکات ، ئەو دوو توخمەش بریتین لە ستایش کردنی کاری لەبارو نالەبار ، بەڵام ئەوەی شوێنی داخە زۆر هەن تەنها لەلایەکی هەست بە ئەرك کردنو هۆشمەندی ئەکەن .

دووپات کردنەوەی بایەخی ئەو دەسکەوتانە کە لە بواری پەرەپێدانو لە چالاکی یەکانی رۆژانەی کەرتی سۆشیالیستیدا دیتەدی ، شتێکی پێویستە بۆ کرداری هۆشمەندکردنی جەماوەران ، بەڵام پشت کردنە ئەو هەڵەو نالەباریانەی لەگەڵ کارکردنی ئەو کەرتانەدا دێنو بەردە لەروو هەڵنەماتینیانو رەخنە لێنەگرتنیان کارنەکاتە ئەو بایەخەو هەروەها لەگەڵ رێبازی حزبی سەرکردەشدا ناگونجێ سەبارەت بەهاندانی رەخنەی بیناکارانەو ((دەرخستنی ئەو نالەباریانەی رێ لە بەجێهێنانی ئامانجەکانی نەخشەکە ئەگرن)) . لەم رووەوە کەس ناتوانێ بێهەڵەو کەموکوڕی بڕوانێتە کار ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کارە جۆرێکی نوێو قەبارە گەورە بێت ، وەك ئەوەی کە ئێستا لە کرداری پەرەپێدانی وڵاتەکەماندایە . هەر کارێك هەرچەندە لێی کۆڵرابێتەوەو لەهەر وڵاتێکی جیهانیشدا بێت ، ناتوانرێ بەتەواوی بێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی تدابێ ، بەجێبهێنرێ .

مەترسی کرداری پەرەپێدان

بڕوانە : ل ١١

Institut kurde de Paris

((ئەستێرە گەشە)) فەرهەنگێکی (۷۷۸) لاپەڕەیە مامۆستا فاضل نظام‌الدین بەناوی فەرهەنگی (کوردی ـ عەرەبی) ڕێکی‌خستووەو دەزگای ڕۆشنبیری‌و باڵاوکردنەوەی کوردی چاپی‌کردوە .

بێگومان هەر کێبێکی کوردی دەربچێت خزمەتێکی بەش بەحاڵی خۆی زمانی کوردی هەردەکات .. بەتایبەتی فەرهەنگ دەورێکی باڵای لەم ڕووداوە هەیە . مامۆستاو پسپۆڕانمان ئەم هەستەیان کردوەو .. هەندێکیان بەڕاستی ماوەیەکی درێژیان لە تەمەنی خۆیان بە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی ووشەو زاراوە کوردیەکانەوە بردۆتەسەرو .. لەوانەی ـ من ناوم بێستوونە ـ مامۆستایان شێخ محمدی خاڵو گیوموکریانی‌و کمال جلال غریب‌و شێخ علاءالدین سجادی‌و ئەیەالله کردستانی‌و معروف قەرەداغی‌و شاکر فتاح‌و ئەحمەدی خانی‌و مەردۆخ‌و ماکارۆس جگە لەو هەولانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی‌و کۆڕی زانیاری کوردو نەفابەی مامۆستایانی کوردستان /لقی سلێمانی داویانە ..

فەرهەنگی (ئەستێرە گەشە)ش کە کەوتە بەردەستم‌و بینیم لەسەری نووسراوە (کوردی ـ عەرەبی) زۆر بە پەرۆشەوە وستم بیخوێنمەوە چونکە تازەترین فەرهەنگەو دوای‌ئەو کۆمەلە فەرهەنگانە هاتوو کە لە سەرەوە ناوی خاوەنەکانیان هاتوە . . هەڵبەتە دەبێت لەوانە ـ یاخود هەرهیچ‌نەبێت ـ لە (کوردی ـ عەرەبی)یەکانیانەوە باشترێت ، بەڵام کە چاوێکم پێداخشاند .. چەند ئینبینیەکی ئەوتۆم هاتنە بەرچاو کە لە باوەڕمدا نەبوو تووشیان دێم . وا هەندێکیان دەخەمە ڕوو ـ مەبەستیشم ئەنیا خزمەتکردنی زمانی کوردیە .

ا ـ ل۷ / بۆناسانی دۆزینەوەی ووشەکان : ـ پیتەکان بەم شێوەیە ریزکراون :

(ئ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ق ك گ ل ڵ م ن ۆ و ه ه ێ ی ێ)

ئەوەی من بزانم :

آ ـ (ا ، ۆ ، وو ، ه ، ێ ، یی) پیتی بزوێنەو لە کوردیدا ناکەونە سەرەتای ووشەوە . بێگومان دانانی نیشانەی (ئ) لە کوردیدا هەر بۆ ئەم مەبەستەبووە . کاتێ کە تەماشای نموونەکانیانم کرد ، نەیانبوو . تەنیا نموونەی ((وولە : حرف موصول بآخر الکلمه للدلاله علی التصغیر مثل منشوولە ل ۷۲۹)) نەبێت .

جارێ ، ئەمە (حرف) نیە ، بەڵکو (برگە ، پاشگر ، ئامراز)ە کە دەکاتە (مقطع ، لاحقه ، اداه).

دوایی (موصول) بۆ ئێرە نایەت‌و (متصل) بۆی ڕاستترە .

جگەلەمەش ئەم جۆرە (حرف)و (مقطع ، لاحقه ، اداه)انە لە فەرهەنگدا بەسەربەخۆیی نانووسرێن چونکە بە تەنیا واتا ناگەیەنن .. کە ئەمە نووسرایەوە ، ئەی (اندن) بۆچی باسی‌نەکراوە؟

ب ـ پیتی (ر)ی لاوازیش ناکەوێتە سەرەتای ووشەوە ، واتە هەموو (ر)ەکانی سەرەتای ووشە قەڵەون .. کەواتە دەبوایە تەنیا (ر)قەڵەوەکە بنووسرایەوە .

ج ـ پیتی (ل)ش لە سەرەتای ووشەوەنایەت ، کەچی لە لاپەڕە (٦٦٣)دا سێ نموونە هاتوە ، کە خاوەنی فەرهەنگەکە دووانی (لان ، لاینی)و (لە)ی بە پیت داناوە (تنبینی ـ ا) ، سێیەمیشیان (لێ) بە بارێکی تەسریفی فرمانی (وتن) داناوەو نموونەی (مەلێ : لا تقل)ی بۆ هێناوە کە فرمانەو .. لە دەستووری پێکهێنانی فەرهەنگدا فرمان ناخرێتە ناو فەرهەنگەوە .

د ـ کوردی تێدانیە کە وێنەی (ه) جێگای (فتحه)ی عەرەبی دەگرێتەوەو لە کوردیدا سەری کورتەو جودایە لە پیتی (هـ) . کەچی ڕێکخەر لە جێگای (هـ)ی بەکارهێناوە .. وەکو ـ بۆنموونە : ل ۲٦ /(ئاهـ) بە (ئاه)ی نووسیوەو ، ئیتر : (ئاەتیامان ، ئاەتیانەمان ، ئاەونزوولە ، ئاه هەنگیشان)ش داوەتە دوایەوە ! ئەم بارە نموونەی زۆرە .. بەڵام ئەوەندەی بەسە بزانین کە ڕێکخەر لە لیستەی ل /۷و ڕێکخستنی گشت ووشەکان بە گوێرەی پیتەکانی ناوەڕاستیانەوە (ه)ی دوای (هـ) داناوە .

هـ ـ هەرچەندە ریزکردن‌و ڕێکخستنی ووشەکان بەبێی‌پیت ، تەنیا بۆ ئەوەیە ئەو ووشانەی بە پیتێکی نایەنی دەستپێدەکەن پێکەوە کۆبکرێنەوەو لە ووشەکانی ترەوە جودابکرێنەوە .. ـ هەروەها بەرامبەر پیتی دووەم‌و سێیەم‌و .. تد ـ بەڵام لامواید چەندی ئەم ریزکردن‌و ڕێکخستنە تەواوو ڕێکترێت باشترە ، بۆیە من دەڵێم باشترابوو :

ا ـ پیتی بزوێن نەخرێتە ناو لیستەکەی ل/۷ چونکە ووشە بە پیتی بزوێن دەست‌پێناکات ـ هەروەها پیتی (ر)ی لاوازو (ل)ی قەڵەو ـ . ئەم لیستەیەش تەنیا بۆ ئەوەیە کۆمەڵی ئەو ووشانەی بەیەك پیت دەستپێدەکەن پێی بدۆزرێنەوە . واتە لیستەکە بەم جۆرە دەبوو :

(ئ ب پ ت ج چ ح خ د ڕ ز ژ س ش ع غ ف ق ك گ ل م ن و ه ی) .

۲ ـ لیستەیەکی تر بۆ ریزکردنی پیتەکانی ناو ووشە بنووسرایەوە .

۳ ـ لە لیستەی خاڵی پشوودا پیتە بزوێنەکانیش بخرانایە ناوو ، بزوێنی کورت پێشی بزوێنی درێژ بهاتایە . واتە : (ه)پێشی (ا) ، (و) ئەمجا (وو) ئەمجا (ۆ) ، (ی) ئەمجا (یی) ئەمجا (ێ) .. هەروەها

(ر،ل)یش لە شوێنی خۆیاندا دەهاتن .

٤ ـ ئەو کاتە ئەم لیستەیە بەم جۆرە دەبوو :

(ئ ه ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ق : ك گ ل ڵ م ن و وو ۆ ه ی یی ێ) .

٣ ـ زمارەیەکی زۆری چەوتی لێکدانەوەی واتای تێداهەیە ، ماوە نیە باسی هەموویانبکەم ، تەنیا بۆ نموونە دەڵێم :

ل ١٦ /ئاشت : صداقه ، موده .

لامواید ئەمە چەوتە چونکە (ئاشت) ناوی‌بکەرەو ، (ئاشتی) دەکاتە (صداقه) .

= ئاشت بوونەوە : اعاده الموده .. عوده الموده. (اعاده الموده)چەوتە و ، بەرامبەر (ئاشت‌کردنەوە)دێت .

ـ هەندێك نموونەی تریش لە خاڵەکانی داهاتوودا بەدیاردەکەون ـ.

٣ ـ گومانی‌تێدانیە ووشەی زمانە درواسێکان ئاواگۆڕکێ دەکرێن‌و ، جاری‌واهەیە هەروەکو خۆیان وەردەگیرێن‌و .. جاری‌واش‌هەیە سەروگوناکیان دادەناشرێن‌و وایان‌لێدەکرێت لەگەڵ دەستووری زمانە وەرگرەکەدا بکونجێن .. ئەوکاتە چەندی ئەم دەسکردەبە زۆرترو ووردترێت ئەوەندە لە زمانە ماکەکەیانەوە دوورەکەونەوە ـ تاوەکو هەندێك‌جار وا لە ووشەکە دەکرێت بەدیارناکەوێت ئایا هی‌کام زمانە ! لامواید ـ بۆ ناو فەرهەنگ ـ فەرهەنگی فرەزمان ـ ئەو ووشە زۆر ئاشکراو دیارانە بنووسێت بە نووسینەوەیەکی کە لە زمانانی فەرهەنگەکەدا بەکسانن یاخود زۆر لێکەوەنزیکن . وەکو ـ بۆ نموونە :

ئەحوال : شان . حاله /ل۲۸

ئەسل : اصل ، منشأ ، مصدر ، ینبوع /ل۳۰

حەلال : حلال /ل۲۳۸

خیانەت : خیانه ، غدر ، نکث العهد /ل۲۸۰

٤ ـ ئاوەڵناو . ووشەیەو ، لە شوێنی تایبەتی خۆی لە فەرهەنگدا هاتوە ، یان دێت..ئیتر بێوست ناکات لەشوێنی‌تر لەگەڵ ناودا بەکاربێت . وەکو :

ل۲۹/ ئەسب : حصان ، ذکر الخیل .

ئەسپی بۆز : ...

ئەسپی ڕەش : ...

ئەسپی ڕەش‌بۆز : ...

ئەسپی ڕەش کوێت : ...

ئەسپی ڕەش‌و سپی : ...

ئەسپی سوورو بۆز : ...

ئەسپی شێ : ...

ئەسپی کوێت : ...

جگە لەمەش ، وەئەنێت واتا تەواوەکەی لێدابێتەوە ، واتە نووسیویەتی ـ بۆ نموونە :

ئەسپی بۆز : اشهب ، اشیب ، بیاض مختلط بسواد .

ئەم ووشە عەرەبیانە واتای (بۆز)ەکەن ، دەبوایە ووشەی (حصان)یش بۆ (ئەسب)بەکاربێنێت .. گەرنا ، خۆ ووشەی (بۆز) لە شوێنی تری فەرهەنگەکەدا هاتووە /ل(٦٠)و .. ئەوانی‌ترینش هەروەها .

جگە لەمەش (ئەسپ) ناوەو (بۆز ....) ناوەناوە .. بۆ بەستنەوەیان یەك (ی)ی یەیوەندی بەسە ئیتر دووی بۆچیەو بۆچی بنووسین (ئەسپیی..)؟!

٥ ـ کەموکوڕیەکی گەورەش لە لێکدانەوەی واتای تەواوی ووشەکاندا هەیە ـ هەموویان باس‌ناکرێن ، تەنیا بۆ نموونە هەندێکیان دێنمەوە :

ل۳۱ / (ئەمان ، ئەمانە : اولاء ، هؤلاء ، اولئك) .

جارێ (اولاء) نەمزانی چیە !

(اولئك)ش چەوتە . چۆن دەبێت (هؤلاء)و ئەگەر (ئەمان ، ئەمانە واتای (اولئك)بێت ، ئەی (اولئك) یەك بێت ؟! ئەگەر (ئەمان ، ئەمانە واتای (اولئك) بێت ، ئەی (ئەوان ، ئەوانە)چیە .

جگەلەوەش : (ئەمان ، ئەمانە)ی کوردی تەنیا (هؤلاء)ی عەرەبی‌نیە .. (هذین)و (هاتین)یش دەگرێتەوە .

ل ٣٤ (ئەوان ، ئەوانە : هم ، هن ، هؤلاء) لێرەشدا (هؤلاء) چەوتە چونکە بۆ کۆی نزیکەو .. ئەویان مەبەستی دوورە . واتە : (ئەوان ، ئەوانە) بەرامبەر (اولئك)یەو ، (هؤلاء) بۆ (ئەمان ، ئەمانە)یە . جگەلەوەش مامۆستای ڕێکخەر (هما)شی لەبیرچووە . هەروەها (ئەوانەی : الذین ، اللائی ، اللاتی) دەبوایە (الذین ، اللتین)یش بۆی بنووسرایەوە .

ل ٣٦/ (ئێوە : انتم) نەینووسیوە دەکاتە (انتن ، انتما)ش .

ل ٢٦٢/(خۆیان ، هم ، هن ، نفسهم ، نفسهن) دەبوایە (هما ، نفسهما)ش بۆی بنووسرایەوە .

(ئەوانیتر) ی ل/٣٤ ، نووسیویەتی بەرامبەر بە : (کهؤلاء ایضا : ، اولائك ، هؤلاء)یە ، کە هەرستێکی چەوتە ، چونکە :

آ ـ کهؤلاء ایضا : (ك) بەرامبەر (وەك ، وەکو)و، (ایضا) بەرامبەر (یش..ژی)یە .

ب ـ (اولائك) : خۆی‌نیەو ، ڕێنووسەکەشی چەوتەو ڕاستیەکەی (اولئك)یە .

جـ ـ (هؤلاء)یش واتای (ئەوانیتر)نیە چونکە ئەمیان بۆ دوورەو ئەویان بۆ نزیك .

کەواتە (ئەوانیتر) بەرامبەرەکەی (الآخرین)ە .

ـ تکایە خوێنەری بەڕێز.بم‌بوورە منیش ئەوەندە عەرەبی نازانم .

٦ ـ هەندێك شتی سەیریشی‌تێدا هەیە ، وەکو بۆ نموونە :

ل/٥٥٨/ (کرێوە : الثلج النازل)

وەکو بڵێی : (الثلج الصاعد)یش هەبێت !!

یاخود (الثلج النازل) جیاوازیەکی هەبێت لەگەڵ (ئەلجی نیشتوو) !

هەڵبەت ئەوەی من‌بزانم (کرێوە) تەنیا بەفرە ووردەکەیەو هیچی‌تر .

٧ ـ ل۲۹۲ ووشەی (داوەتن)و (داهاتن) هاتوون کە چەندی هەوڵمدا نەمتوانی بە فۆنەتیکی خۆیان بیانخوێنمەوە !

٨ ـ ل۲۹۳/ (دایمر : لا احد ولا واحد) هەندی لێکم‌دایەوە نەمزانی واتای چیە ؟ !

٩ ـ ووشەی لێکدراو لە کوردیدا یان ڕەسەنەکەی‌و سوکراوەکەی لەگەڵ یەکتردا بنووسرێنەوە ـ کە بێوست‌ناکات ـ ، یاخود تەنیا بەکێکیان بنووسرێتەوە بەسە .. کەچی ئەم فەرهەنگە وەکو خۆی بۆی‌چووە . بۆ نموونە :

دل ئارا : .... /دل ئارام : ... /ل۲۹۸

خۆر ناوا /خۆر ناوایی ل/۲۵۵

مال ناوایی . مال ئاوایی‌کردن /ل٦٦۷

دلارا دلارام /ل۲۹۸

خۆراوا /خۆراوایی /ل۲۵٦

مالاوایی ، مالاوایی‌کردن /ل٦٦۷

چاکە لێرەدا واتای هاوتاکانیشەکە . . لە (دار ناووس)ی ل (۲۸٤)دا هاتووە :

(هواء حار او دافیء فی الربیع)

کەچی لە (دارا ووس)ی ل (۲۸۵)دا هاتووە :

(هواء دافیء فی الربیع) .

زۆر نموونەی تریش‌هەیە کە لێرەدا ماوەی باسکردنی هەموویان نیە .

١٠ ـ پێشگری (دا) پێچەوانەی (هەڵ)ە ، کەچی لە (ل۲۸۲) نووسراوە :

(داپەڕیین .. هەڵپەڕیین)و لە دێری پاشتری‌دا (داپەڕیین)ی نووسیوە ، کەچی واتای لێ نەدراوەتەوە . گوایە لەگەڵ واتای (هەڵپەڕیین)ی (ل۷٤۹)دایە .. بێگومان دەبوایە لێرە واتای لێبدرایەوە چونکە لەپێشترە .

١١ ـ ڕێکخەری فەرهەنگەکە (برگە)ی بە (حرف)و (پاشگر)ی بە (موصول بآخر الکلمه)ی پیناس‌کردوە. وەکو ـ بۆ نموونە :

دار ـ دەردار ، خەزنەدار /ل۲۸٤

١٢ ـ هەروەکو من بزانم : فرمان ناخرێتە ناو فەرهەنگەوە (لە لقی ((ج))ی‌خاڵی(١)دا هاتووە) . کەچی (ئەستێرە گەشە) لەم دەستوورە لایداوە . بۆنموونە :

ل ٥٥/ (بگرە : خذ ، امسك ، اقبض) .

ل ٥٦/ (بڵێ : قل ، انطلق)

ل ٧٤/ (بەرەوە .. وەرەبەرەوە : تقدم نحوی ، تفضل امامی)

ل ۲۱۱/ (چاوتاندوون : اهنئکم ، قره اعینکم)

ل ۲۱۱/ (چۆنی : کیف حالك ، کیف انت ، کیف الاحوال)

ئەمیان پرسیارە .

ل ۳۳۹/ (خەمی‌کە : تناول هذا الاکل)

ئیتر نموونە زۆرە .

١٣ ـ ووشەی کوردی هەیە لەشێوەیەکدا واتایەکی هەیەو لە شێوەیەکی‌تردا واتایەکی تری‌هەیە . ئەم فەرهەنگە ئەوەی ڕەچاونەکردوە . بۆ نموونە :

ل ٦٦/ (بەر) بتر لە دوو دەرزەنە واتای عەرەبی لێدراوەتەوە ، کەچی واتای (حجر)ی بۆ نەنووسراوەکە لە بادینی‌دا (بەر) بەرامبەر (حجر)یشە.

هەروەها :

ل ۷٥/ (بەرین) : ئەینووسیوە (عریض ، واسع)

/(بەزین) : : (رکض)

ل ۱۱۷/ (پەڕۆك) : : (قماش)

ل ۲۲٤/(چەپ): = (منعطف)

ئەمەو جگە لە سەدەها ووشەی تری بادینی‌و هەزارەها ووشەی شێوەکانی‌تری کوردی کە هەر نەخراونەتە ناو ئەم فەرهەنگە (کوردی) عەرەبی‌یەوە. وا ـ بۆ نموونە ـ هەندێکی زۆرکەمیان دەهێنمەوە ـ کە کوردی پەتین :

ئاژ ، نوول ، بەرزە ، باهیف ، بەروڤاژی ، خوناف ، قەدان ، قەپەنك ، کلیزە ، مشەخت ، نیقشك ، هەڤگیان .. تد .

١٤ ـ هەرچەندە ئێستا ئەوەندە شێوەو نیمچە شێوە لە ئاخافتن‌و ، فەرهەنگی‌شێوە لە نووسینی کوردیدا پەیدابووە ! کە مرۆڤ زووبەزوو ناوێرێت بڵێت فلانە ووشە کوردی نیە ! چونکە ئەم‌بیستوە .

بەڵام خۆ هیچ‌نەبێت .. لەناو فەرهەنگدا ـ بێوستە ئەو ووشانە لەبیرنەچێتەوە کە گومانی تێدانیە کوردین یاخود ژمارەیەکی زۆری کوردەکان بەکاری‌دێنن .. لەپێناو ووشەیەکی‌تر کە یانئیە ! یاخود تاقەکەسێك بەکاری‌دێنێت .. یاخود هەرهیچ‌نەبێت هەردووکیان بنووسرێن ـ بۆ نموونە :

ووشەی (چییل) لە لاپەڕە (۲۳٤) نووسراوە .. کە ئەم‌بیستووەو ، ووشەی (چێل ، چێل) ئەنووسراوە کەچی زۆر بڵاوە .

جگە لەمەش فەرهەنگەکە بایەخی نەداوە بە شێوە گەورەکانی کوردی کەچی نیمچە شێوەکان‌و شێوە ناوخۆکانی گرنگتر زانیوە لەوان . بۆ نموونە :

لە (ل۱۰۹)دا هاتووە :

بن : لطخه ، بقعه ، نقطه .

بنت : نقطه

بنك : قلیل من . جزء . قطعه .

بنك : نقطه . بقعه .

بنۆك : نقطه . بقعه

کەچی باسی ووشەکانی (چیك ، چنیك ، چنی ، بنی .. تد)نەکراوە .

هەروەها :

دەسته ئەژنۆ ۳۲۰

دەسته ژنۆ

دەسه ئەژنۆ/ ۳۲٤

دەسەو ئەژنۆ /۳۲٥

ـ لەخاڵی (۹)دا باسی ووشەی لێکدراوکراوە .

چاکە نەینووسیوە :

دەستەو ئەژنۆ

دەسه ژنۆ

دەسەوە ژنۆ

دەستەوە ژنۆ

١٥ ـ ل۳١٤/ دەرز : عبره ، نصیحه ، درس .

دەرز پێوتن : ـ

دەرز خوێندن : ـ

بڕوانە : ل ١١

حکایەتێکی زۆر کورت

ئەو ڕۆژانەی یەکەم

هەمان ئارەزوو کە هەندێ‌کەس حەز دەکەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنێکی لەوەو بەر لێی‌بوون‌و بیرەوەری خۆیانی تیا بهێننەوە یاد ، زۆری بۆ ئەمیش هێنا . ئارەزوویەکی تێکەل لە ئەشکەنجەو سۆزی ئەوڕۆژانەی یەکەمی دلداری‌یەکەی شوێنێك کە خۆشەویستی‌یەکی‌نوێی تیدا پشکوت‌و خۆشی‌و لەزەتێکی پڕ لەهیواو ناواتی‌لێبینی .

ئارەزووەکە دایگرت‌و داوای‌لێکرد لەهەمان شوێندا یەکتر ببینن . وای بیر لێکردەوەهەر لەو شوێنەدا کە یەیوەندی‌یەکەیان دەستی‌پێکردکۆتاییشی پێبهێنێ . بە دەم ڕۆیشتنەوە ئەو ڕۆژانەی‌یەکەمی هانەوە بیر کە بەر لەو زوو دەچوو چاوەڕوانی دەکرد. وەك کۆلی بەهار دەگەشایەوە .. قۆی وەك کۆتیای شوراوەبەبارانی بەهاربوو .. شەماڵە ناسکەکە لەو ڕۆژانەی یەکەمی‌خۆشەویستی‌یە پڕ لە شادی‌و ئەشنەیەدا دەیشەکانەوە .

گەیشتە شوێنەکە .ئەیدی. هیچ شتێك لەبینینی ئەم گرنگتر نەبوو . هیچ شتێك‌نەبوو لەسەرنجەکانی جاوی ئەم جوانترێ . لە ڕۆژانی یەکەمداوەهای بیدەووت .

گەدانیشت زۆرماندوو . دەتووت ماوەیەکی دوورودرێژی بریوە . ئەو درەنگ هات‌وعوزرخوایی هێنایەوە . ئەم هەستێکی توندوتیژی نوستن‌دایگرت. دەتووت جیهان بەسەر سەری‌یەوەیە .. بەسەرشانی‌یەوە .. بەسەر پێلوکانی‌یەوە. قورسایی‌یەکە وای‌لێکرد هەست‌بەخەو هاتن بکا . وەك بیەوێ بەوە لەزیان رابکا . ناخۆ زیان‌لەدەس‌چوون بەشێك نی‌یە لەنوستن ؟!. کە دەستی‌کردەقسەکردن ، باوێشنی‌دا . هەستی‌کرد ئەوەی دەیەوێ بیلێ‌زۆر بێ‌بایەخە . بێمەنگ‌بوو .

وستی سەر بخاتە سەرشانی ئەو .. سەرسنگی‌و بخەوێ . سەری قورس‌بوو .. بیروڕایشی .. ترسیشی .. ئەنانەت ئەو دڵەشی کە بۆدڵداری لێرەدا هەر قورس‌بوو. ئەو ڕۆژانەی هاتەوی یاد . لەهەمان شوێندا دادەنیشت‌و گەشکەدار دەبوو .. دڵ‌پڕلەهیواو خەونێك کە بەدی دێت‌و لەخوا دەپاڕایەوە کە خۆشەویستەکەی بۆ بهێڵێ .

ئەو لێی پرسی کە چ‌خێرێتی . ئەم وتی کە دوێ شەو نەنوستوە ئەمرۆش‌نیوەڕۆ هەقی نەکردۆتەوە .

بەڵام ڕاستی‌یەکەی شتێکی‌جیاوازبوو . ئەو وتی کە باشتر وایە لەوشوێنە قەڵەباڵغە بچنە

بڕوانە : ل ١١

Institut Kurde de Paris

شۆرش رێگای بۆداهێنانی رۆشنبیری خۆش کردوه

بیاد ترکی

شۆرش کاریکی گورێنی جوربەجۆر لەبیرکردنەوەو بەسەر رابوردودا ئەنێت، تێکدەری بنیاتنەر دروستبوە بەیوەندی لەنیوان بەشەکانی مادەی داهێناندا لەناو جوغزی بایەخدا ئەمێنێتەوە ... هەموکۆسپێکی لەرێگای داهێنانی بۆ داهێنەران خۆش کرد ..

وە بەلەواوی بەربابونی شۆرش هەنگاویکی گەورەی لەمەیدانی بەرهەمی رۆشنبیریدا لەگەل خۆی هێنا لەهەموو لقەکانیدا، مەودای شارەزابونی لەکەلەپوری مرۆڤایەتیدا فراوانکرد، بویە دەبینین بازاری کتیبە بەوجۆرە خۆشەو لەبرەودایە کەلێك کتیبخانەش کراونەتەوە .. بەم جۆرە دەبینین واقیعێکی رۆشنبیری ئەو تۆ دوای بەربابونی شۆرش هاتەکایەوەکەتەعبیر لەخواستی جەماوەری عەرەبو هیواکانی ئەکات .. بۆ نمونە شیعر لە هەمو لایەنەکانی تری رۆشنبیریزیاتر تەعبیری بێئەکرێت .. لەبەر ئەوە زۆر قەصیدە ئەبینین کە بۆ شۆرش و خەباتی شۆرشگیرانی فەلەستین ووتراون .. خۆفیستالی رۆشنبیریو شیعری، ئەویش بەخشندی ئەوە ساغ ئەکاتەوە کە شۆرش ١٧ ـ ٣٠ی تەمموز هێناویەتە گۆڕێ .. فیستفالی شیعر لە (مەربەد) یەکێکە لە خۆنیشاندانە رۆشنبیریەکان کۆمەلایەتیە ، کوردەتابەکی فکردا دروست ئەکات، هەنگاو چونکە لەسەر بناغەی نەویستی .. لەبەر ئەوە جەدەلیەتی مادەی داهێناندا لەناو جوغزی شۆرشی ١٧ـ٣٠ی تەمموز داهێناندا تەخت کردو هەمو سەلبیەتی لەبن هەلکەندو خۆش کرد ..

نابی ئەومان لەبیرچێت کە دەست نیشانی رژمان و چیرۆکی کورت بکەین لەراستیدا بە کەمترین لقی رۆشنبیری دانەنرین لەبەردەوامیدا ، بەلام مژدەی پێشکەوتنیان پیوە دیارە لەگرتنەوەی مرۆڤو دەست لێخشانی نیستاو دەستکردنە ملیدەستکەوتەکانو ئەو سەرکەوتنانەی شۆرش بەدیهێناون ..

ئێمە لەکاتێکدا بەرەسەندنو پێشکەوتنی رۆشنبیری ئەمەلێنین لەسەردەمی شۆرشدا . نابێت لە شەپولی ئەم پێشکەوتنەدا ئەوە لەیاد بکەین کە لاوان بەرهەمەکانیان لەو کاتو بەرهەمانە بزوتنەوەی رۆشنبیریی بەپێتو پێزدەکاتو رۆژ لەدوای رۆژیش بەرەو چاکتر دەچێت . وە بۆ ئەوەی ئەدیبەکانی ولاتمان لەگەل ئەم دۆخەدا بەردەوام بن لە پێشکردنەوەی دیکۆختەکانی شۆرش و حزب وەك راپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ، کە سەربەستی داهێنەران بەربلاو دەکات ، نەك هەر لەولاتی ئێمەدا بەلکو بەنسبەت شاعیرو ئەدیبەکانی نەتەوەی عەرەبەوە .. ئەم مەناخە شۆرش جودا ئەکاتەوە.

بەلام هونەری تەشکیلی ئێمە هەست بەچالاکی جموجۆلێکی گەرمی ئەکەین پێك هێنانی پێشانگاکانی حزبو شۆرشو تشرین و واستیو لاوانو زۆری دیکە ئەوە بەراستی دەردەخات ، کە شۆرش چ دۆخێکی لەباری بۆ هونەرمەندە تەشکیلییەنەکانمان هێناوەتەدی بەجۆرێك هونەری تەشکیلی لەعیراقدا بۆتەرابەری هونەری تەشکیلی عەرەب . .

خۆ دەربارەی کتیبو بلاو کردنەوە بەریوەبەرایەتی رۆشنبیریی لە وەزارەتی راگەیاندن ئەوبەری توانای خستۆتەکار بۆ ئەوەی بەسەرکۆسپی چاپو بلاوکردنەوەدا زالبێت ، بەو جۆرەتوانیوەتی سەرکەوتنێکی گەورەی لەو مەیدانەدا وەدەست بێنێ .

درگای بۆ نوسەرو ئەدیبەکانیو لاتانی عەرەب خراوتە سەرپشت بەو جۆرە بەرهەمی هەمەجەشنە کەوتۆتەرو ..

بۆ هێنانەدی ئەمەش هەولێکی چاك دراوە .. زۆر لە رۆشنبیرانو ئەدیبەکان لەوەداسەرکەوتون کەرەسەنیو هیزبدەنەبەرهەمە رۆشنبیرێکان لەم دۆخەدا کە دۆخێکی شۆرشە رۆشنبیری بۆتە نامرازیکی بەکار لەبەردەبیدانی هۆشمەندی شۆرشگیریو قول کردنەوەو فراوان کردنی زەمینەی ئالو گۆرو چەسپەندنی کۆلەکەی کۆمەلایەتی لەسەر بناغەیەکی شۆرشگیرانە ، ئەو هەولوتەقەلایەی دەزگا رۆشنبیریکان لەدوای شۆرشی ١٧ی تەمموزە وە ئەیدەن ، رون کردنەوەو خۆتەرخان کردنە بۆ ئەم دەورە وە بۆ رۆن کردنەوەی شەبۆلی رۆشنبیریەکی کاری گەر لەمەودایەکی شۆرشگێریی فراواندا کە ئامانجەکانی نەتەوەی عەرەب بکاتە نیشانەو بەلکەی کارکردنیو کارگەیەکی سەرکردایەتی رێبازی رۆشنبیریی لەپێش چەند سالێکی پر لە هەولو تەقەلاو خۆماندو کردنێکی بەردەوام لەپێناوی ئالوگۆری کۆمەلایەتیدا .

لەکۆتایدا ، ئەلێم . کەس ناتوانی کەنکولی لەو ئالو گورانە بکات کە لەمەیدانی هونەردا قسە بەناوەرۆکو تاقی کردنەوە لەشکلدا ، تاقی کردنەوەکان زۆر شتی بەبێزمان مەیدانی شیعرو چیرۆکو شانۆ گەریو رژمانو وتارو رەخنەو هونەری تەشکیلدا دەخاتەبەرچاو ئەو داهێنانەش نوارەی مرۆڤایەتیەکی قول رێك دەخات لەگەل ناوەرۆکێکی پێشکەوتن ـ خوازانەی شۆرشگیریی رەسەن .. ئەلیرەدا خواستی گۆرین لەلایەن ئەدیبو هونەرمەندەوە دێتەدی ئەوانەی دەستیان کردۆتەملی شۆرشو گورین دەخوازن .

نرخی زانستی

بوسەم مرسینس

وەرگێڕانی هاوکاری

چاوەکانی چاك بۆنەوە .. وای لیهات لەدنیاو خەلکی دەترسا .. لەناو تاریکیدا کەوتە ژیان .. هەرگیز لەژورەکەی خۆی نەدەچوە دەرەوە !

بەدلێکی پڕەوە کچۆلەکە گوێی گرتبو ، لە قولای دلیەوە وای هەست دەکرد کەباسی خۆی دەکات .. لەگەل ئەو کوپرەدا ئەمیش هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە ، کە ئەو لەپڕ چاوەکانی هەلهێناوەو دنیای بەورەش و تەلخیە بەدی کردوە ! کەپێشاندا ئەو تەنیا کەریدەیەك بوە .. ئەوا ئێستا بۆتە باسەوانی ئەم پیاوە دەربەدەرە ، کە زۆری خۆش دەوێت و بۆی دەلێت : « لەهەموشتێ هەلاتوم .. ژنەکەم .. مالەکەم .. کوڕەکەمو ئەو ئیشەچاکەی هەمبو .. خەلکی هەمو وایان دەزانی کە مردوم .. خۆشم حەزم بەوە دەکرد کە هەر وا بزانن .. من کەسێکی تر بوم خۆم لە « لژك »ەوە زۆری بۆ « ستیفنسن » ! »

بە پاکیەکی تەواوەوە ، چاوەکانی چرچەماندۆکانی دەموچاوی هەل دەلوشی وتی : ئەمەوێت تەنیا پرسیارێکت لێبکەم .. بوچی هەندێت !؟

هەر ئەو دەمە دەیتوانی سەبارەت ئەو بۆ شایە فراوانەی نیوان ئەوو ژیانی قسەی بۆبکات ..

دەربارەی کاتی کوێرەوەری ئازار .. تەنیایی کوشندە لە نیو مرۆڤدا !

ئەو هیچو بوچیەی رووی هەموشتێکیدا پوشیوە .. لە « مارتن »دا خەستی دەبۆوە کە لەژنەکەی نزیك دەبۆوە .. بۆ شایەکەی نیوانیان فراوانتر دەبو .. ئەیتوانی وەرامی پرسیارەکەی بداتەوەو قسەیەکی زۆری بۆبکات .. بۆچی دەیەوێت بە زیندویەتی خۆی بکوژێتو خۆ بکورێت بەکابرایەکی تر کە هیچی لەبارەوە نازانێتو بەبێ دەنگی مردبو .. بەلام ئەم خۆش بێدەنگیە .. ئەم نایەوێت کەس تاوانبار کات ! ئەویش هەروەها بێدەنگ بو .. لەراستیدا چاوەروانی وەرامنەبو .. حەزی بە نزیکی ئەو دەکرد .. لە هەلبژاردنی وەرامی پرسیارەکەدا .. خۆدۆزینەوە خەونی ناخی مرۆڤە .. بەلام زوبەزو ئەو کەسانە تاوانبار دەکەن کە ئەو خەونە بهێنێتەدی ! بەناخۆشیەکەو بێدەلێن :

ـ ئەگەر خەلکی بەوەقایل بن کەلەناو تاریکیدا کەوتە ژیان .. هەرگیز لەژورەکەی خۆی نەدەچوە دەرەوە ..

باسی ئەو پیاوە کوێرەی بۆ نەکرد کەچۆن لەپڕ چاوەکانی چاك بونەتەوە .. راستیو رەوان دەمو چاوی خەلکەکەی بەچاوەکانی خۆی دی ! ئەو دنیایەی بۆ درکەوت کە چەندە لەوە بچوکترە کە دەیزانی ! دەندە دنیایەکی رزاقورسە ! ئەو پیاوە کوێرە جاران بەگۆچان لەشەقەمەکان دەپەریەوە .. کە بن کەفلان کەس نوسیویەتی . لەگەل خواستی ئەوانو خواستی منداریك دەکەویت .. ئەوەش خراپترینی ئەوەیە کە رفزم کردوە !

« مارك بیبول »ی نوسەر دیویست پالەوانەکەی بکاتە رۆژنامە نوسێك بۆ ئەوەی کوپرەوەری رەفز کردنی ناوەوەی خۆی قول کاتەوە .. ئەو لە لەچدا بەزرنگو وریادێتەباس کردنی .. وتووریاو .. سەرنج بەهێزو ژیرکەلە . هەموودنیای پشکنیوەو لەدوای ئەو مرۆڤانەی دەورویشتی گەراوە .. لەگەل ناوەوەی خۆیدا .. لەو هەمو گەشتەیدا ئیسا لە نوتیلکیلی ئیسانی دوردا راکشاوە ، بەتەنیا خۆشەویستەکەی لەپەنجەرەکانەوە بۆی دەنوارێتو ئەوەی لە دنیای دەرەوەدا بەدی دەکات بۆی رادەگەیەنێت .. «مارك بیبول» دەیخانە شوێنی دەرونیەوە .. جیگای ئەو رۆژنامە نوسەی بەخواستی خۆی خۆی لێقوتار کردوەو مەعنەویش کوشتویەتی بۆ ئەوەی لەزەتو خۆشی کوشتنی یەکێکیتر بۆ خۆی نەبا .. پەسابورتەکەی بۆ بەجی هێشتون .. جانتاکەشی بۆ ژنەکەی .. دنیا پیاو ئەنگە ئەفەس دەکات .. تایبەتی ناخۆشە ئەم بێدەنگیەیە پیاوپەست دەکات .. بەلام بۆ یەکەم جار جوتی چاو لەو ڕووەگرژەدا دەبرسکێتەوە بەخۆشەویستی یەوە بۆی دەئێت: بەتەنیا تۆ تاقەکەسێکی کەدەت ناسم ! ئەیوت« تۆ تەنیا ئافرەتکی کەدەت ناسم »

زانست لەکوتایی ئەم گەشتە گەشتەخۆش و پڕ ماندویەیەتیدا بەرامبەر بەخۆشەویستی یەکانی گومان دەچێتە دلیەوە .. یا دوودل دەبێت .. دەربارەی ئەم مرۆڤەی رەفزی کرد بێدەلێت .. ئەومرد .. بەلام تۆ دەژیت !

لەکۆتایدا بال دەکەویتو چاوەروانی کۆتایی خۆی دەکات .. ئەم جارەیان لەمردن ناترسێت .. چونکو بەدلی خۆی تێرژیاوە ..

ئەم بەشە لەچیرۆکی « رۆژنامەنوسێکی سەرچل » ئەنتونیوی دەرهێنرە مەزنی وا لێ کردکە لەدیمەنێکەوە سەرنج بدات لەپەنجەرەیەکی تەل بەندەوە .. بەندیخانەکەی ژیان کە مرۆڤ بەدەستی خۆی نیەوئەبێ تایدابژی ..

بروانە : ل ١١

دەنگی

محمود زامدار

سلاو .. لە کۆڕەکانمان !

هیچ گومانێ نیە لەوەی کە : (کۆڕ) و (کۆڕبەستن) خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی گەشو رۆشنی فیکرو شارستانیەتە .. مێژوی کۆڕبەستن بەر لە ئەکادیمیای ئەکادیمۆسی یۆنانی یە .. لەلای سۆمەری و فیرعەونی و رۆمانیو هیندۆسەکان دا زۆر زەق و دیاربوو .. هەمومان شتێ لەبارەی کۆڕی فەیلەسوف و پێغەمبەرو زاناو شاعیرو سەرکردەکانی مێژوی کۆن و نوێی ئەم مروڤە سەودا سەرە ئەزانین ـ هەر کۆڕێ بەپێی بەخششو مۆرکەکانی دەورو زەمانی خۆی ـ زۆربەمان (سوق العکاظ) و (مربد)ی عەرەبو سالۆناتی ئەدەبی فەرەنگستانو ئەلەمانو روسیای دەمی راپەڕینی ئەوروپامان لەسەر پەردەی وەچکەدا ئەزرنگێتەوە .. کۆڕی مەلاو زاناو لێهاتوانی خۆمان ، دیوەخانی پیاوماقولانی (ئەوسای !!)

کوردمان هێشتا لەبیرو لەبەرجاوە .. ئەو دەورەی کە جاری جاران ئەم دیاردە شارستانیە ، بۆ جارێکیتر راکەیاندنی بیروخەونو ژانو هەلوێستەکانی گێڕاوە ، چی وای لە (هۆیەکانی راکەیان)ی دۆزەخیانەی ئەمڕۆی چاخی تەکنۆلۆژیایە ، کەمتر نیەو نەبوە .. گەشە پێکردنی ئەم دیاردە بە نرخە ، لەبنچاکەشەدانە بە برسیارە هەلایساوەکانو بەژانە قوولو رەسەنەکانی مرۆڤ ، لە پێناوی سەر بەرزیو راستیو باشە رۆژی پرشنگداری .. هەر بۆیەشە ژیانی فیکریو ئەدەبیو رۆشنبیریی ئێمە ـ ئەخوازەللا ئێمە !! ـ پێداویستیەکی یەکجار زۆری بەهەمو چەشنە هۆیەکەو دەساوێژێکی باشو بەسوود هەیە .. کێتب .. گۆڤار .. رۆژنامە . . .

ئێزگە . شانۆ . . ئەلەفزیۆن .. میهربجان ..! یەکێ لەو هۆیە هەرە گرینگەو پڕ لە بایەخانەیە کە دەورێکی یەکجار بە کەلکو دیار لەسەرخستنی پەیامی ووشەی ئەوارای کوردیو پێشخستنو بەرەپێدانی ئەم ژینو ژیارەمان ئەبینێ (کۆڕە) .. کۆڕی بەجۆشو خرۆش .. کۆڕی گونگرتنو شت فێربوونو موناقەشەی سەرازادانە ... کۆڕی (داهێنەر)و داهێنان .. کۆڕی بەیەك گەیاندنو ناساندنی خەلکە دلئەرمەکان .. ئەدیبەکان .. هونەرمەندەکان .. زاناکان .. زانگرتوەکان .. لێهاتوەکان .. بەتابەتی لێهاتوەکانی نەوەی نوێمان ـ .. کۆڕی شیعرو فیکرو زانستو مێژووهونەر

کەواتە : لە ئەمڕۆماندا کە دەرفەتی کۆڕو کۆڕبەستنمان بێدراوەو بۆلواوە ، باقۆزلی مرۆڤانەی لێداچنینو هەریەکە، شتێ ـ بەپێی توانا و تێگەیشتنی خۆی ـ بخاتە سەر خەرمان بەرەکەتی کۆڕەکانو بەهەمو جۆرێکیش تەکان بە رەوتە سەرفرازەکەی ئەو کۆڕانە بدەینو بانگاشەی بۆ بکەینو بنەماو بنچینەکانی قوولترو قایمتر بکەینو فێری دلداری کردن بین لەگەلیا . . . . . !!

فێربین بەشێوەیەکی هونەریو هاوچەرخانەی پڕ لە زیندەگی کۆڕەکان (اخراج) بکەینو ئەتاکێتی باشو گونجاوی کۆڕبەستنی دیموکراتیانە فێربین .. فێری کۆڕو کۆڕبەستن بین .. فێری ئەو راستیە بین کە : کۆڕگرتن ، ئەوە بۆ خۆدەرخستنەو نەبۆ جلیتبازیو سەنگ دەربەڕاندنو شەڕ فرۆشتنو ناو پەیداکردن .. نەبازاری بێرەواجی برۆهەلتەکاندنو تەوسو فیتنەکاریو ناوێنەدانەدەسو کالتە پێکردنە .. کۆڕبەستن مەسئولیەتە .. مەسئولیەتێکی گەورەی شارستانی ...!! دەبا فێربین باشتر خۆمان کۆڕو ئامادەبکەینو رێز لە (دلدار)ەراستەقینەکانی کۆڕبەستن بنێینو مەودای (کۆڕچی)یەنەخۆشو کرمن وچەپەندازەکان نەدەین ، تا بەردەوام ووشەی خۆشەویستیو راستیو برایەتی پتر رەگی خۆی لەسەرزەمینەو نێو کێلگەی ژیانی فیکرو تاسەو وەرزەرۆشنبیریەکانماندا داکوتێت . موناقەشەی کەرمو پاکو پرسیاری رەواو قوولو بەربەرچدانەوەی برایانە شوێنی شایانی خۆی بکرێتو حەقیقەتی مرۆڤە دلآزاکانی زیاتر تیدا بدرەوشێتەوە ..) تا کۆمەلانی خەلکیش ئەوکۆڕانەمان لەبەر چاو بگرنو بەسەرگەمیی یەو بۆی بکشێنو بە میهرو مۆزەوە بیگرنە هەمێز ..!!

★ ئەوەی کە لەم سووکە سەرنجەما نامەوێ هەلیبوترم ئەوەیە : کە زۆربەی کۆڕەکانمان ئەدەبینو باس تەنیا هەر باسی هونەرە چەشناو چەشنەکانی ئەدەبەو راوسەرنجەکانیش تەنیا هەر لەو چوارچێوەیەدا کروشکەی بەستوە ..!! کەچی ئەمڕۆکەی ئەم قۆناغە ناسکەمان هەزاران مەسەلەی گرانبەهاو پڕ لە ئەوژمی هێناوەتە پێشو ملیۆنەها پرسیاریش هەیە هێشتا هەر بێ وەلام ماونەتەوە .. بۆیە زۆر لە بارو پێویستە ، گەر رووبکرێتە چەند لێهاتوبەکی مەیدانەکانی فیکرو زانستو زمان سیاسەتو کۆمەلایەتیو مێژووهونەریش . . تاکو ئەمانیش بەشداریەکی کارامەو پەسەندو بەجێ ، لە رازاندنەوەو خەملاندنی ئەم دیاردە ـ کۆڕ ـ ولە تێروتەسەلکردنی کۆڕەکانماندا بکەن .. !! داوایەکەو ئەکرێ، بەر چاویشمان رونالو دایشمان کەفی هیوا نەڕێژێ ..!!

★ دەبا هەر بیرۆزتر و بەربلاوتر و رازاوەتر بێت کۆڕو وەرزە رۆشنبیریەکانمان .. خامەی چەلەنگی کۆڕگێڕە دلدارەکانیش سەوزترو قوڕگیان پاراوتر ..

هەنگاو کەویت ناکات..!

ئەی کچی لادێ نشینی ...
چاوەکانت دوو گۆمی شینی زۆر قوولن
کەتیشکی خۆر لێیان ئەدا،
ڕەنگەکان شینەل ئەکەنو، ئەیکەن بە پەلکەزێرینە
ڕوانینی منیش لەچاوتا ،
جوونە کەونگی بە وەفان ،
کەچی تۆ هەر یاخی ئەبیو ، لانەیان بۆ دابێنناکەی !
تالەکانی قژی زەردت
تیشکی دەمەو بەیانینو
کە لە کەلی ئاسۆ دەژێنو لە گۆمی چاوەکانتا مەلە دەکەن
دەبن بە وورده مرواری ..
شانو ملی منیش کەنارەو
دەیەوێ کەتالەکانی قژی زەردت ...
بەسەریدا پەرش و بلاوبێ ، لێی ئەبن بەوورده ماسی
کەچی قژی تۆ ماسییەو ، لەسەر شانو ملم دەخزێت .
ئەی کچی لادێ دەزانی ،
پەپوولەی بەهار بالەکانی ئەرمو جوانن ؟؟
گیانە هەناسەدانی تۆش ،
بالی ئەو پەپوولەیەنو ..
کەچی بەدۆلی ئەرووما تێناپەڕن !!
ئەی پەپوولە خرینەکە ،
نازانم تۆ لە دووکەلی جگەرەدا ڕادەکەی ؟؟
یا دلی من بەهار نییەو ،
شەمالی لێدەست ناکەوێ ؟؟
ئەی کچی لادێ نشینی ،
من زۆر شەیدای ئەو کانانەم ...
کە بەهاردێو ...
گەلای درەختە سەوزەکان دەلەرزێنو
دەنگێکی ناسك دروستدەکات
گیانە زریکەی خەندەشت ئەو دەنگەیەو
هەر چەندەی گوێم بۆی شل دەکەم ،
قەت تیایدا کەوی نابێت !!
جا نازانم گوێی من شاخەو سەدای هەیە ؟؟
یا هەر دەنگی تۆ دەرزیەو ،
لەبرێکا ، دێتو ... دەڕوات ؟؟
ئەی کچی لادێ نشینی ،
دەریا زۆر جوانە ... لە کاتێ ، کە هاژەی دێو ..
وورده شەپۆلیش جاروبار نامێز لە یەکتر وەردێنن ،
بێدەنگی تۆش ، دەریایێکی زۆر هێمنەو
نایەوێ نەرمەبای خەمی هەنگاوەکانم ...
بکە وێنە ناو ئامێزی شەپۆلەکان !!
ئێ دەورە .. خۆ هاتنت لێمبوو بە ڕەوی کارمامز
ئەی کچی لادێ نشینی ، نازانم بۆ هەنگاو کەویت ناکات

Institut Kurde de Paris

سه‌رۆکی به‌ڕێز ته‌لگرافی سوپاسی سه‌رۆکی ڕۆمانیاوه پێ گه‌یشت ..

سه‌رۆکی به‌ڕێز احمد حسن البکر ته‌لگرافێکی سوپاسی له سه‌رەك نیکۆلای چاوچیسکۆی سه‌رکۆماری ڕۆمانیای سۆشیالیسته‌وه وه‌لامدانه‌وه‌ی ئه‌و ته‌لگرافی سه‌رخۆشی‌کردنه پێ‌گه‌یشت که سه‌رۆکی به‌ڕێز به بۆنه‌ی کۆچی‌دوایی دایکی سه‌رکۆماری ڕۆمانیاوه ناردبوی .. ئه‌مه‌ش ده‌قه‌که‌یه‌تی :

به‌ڕێز احمد حسن البکر سه‌رکۆماری عیراق

تکا له به‌ڕێزتان ئه‌کەم ئه‌وبه‌ڕی سوپاسم به‌رامبه‌ر ئه‌و سه‌رخۆشی کردنه قبول‌بکه‌ن که به بۆنه‌ی کۆچی دوایی دایکمه‌وه ده‌رتان ڕیبو .

نیکۆلای چاوچیسکۆ
سه‌رکۆماری ڕۆمانیای
سۆشیالیستی

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ به‌یانی به‌ڕێزان حازم احمد عبدالله به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی به‌یوه‌ندیی نابوری له‌گه‌ڵ ده‌وله‌ته سۆشیالیسته‌کان له‌وه‌زاره‌تی بازرگانی و شاطی عوده محمد به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ده‌زگای ڕۆژه‌گه‌وره‌کانی ناودێری ، له کۆشکی کۆماری ئامادەبوون و بۆ بیدانیان به‌چوونه ده‌ره‌وه‌ی وڵات ناوی خۆیان له ده‌فته‌ری میواندارییدا تۆمارکرد ..

هه‌روه‌ها به‌ڕێز محمد نایف عبدالرحمانیش به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی چاودێری کردنی بازرگانی سه‌ری له‌کۆشك داو به‌بۆنه‌ی گه‌ڕانه‌وه‌یه‌وه له ده‌ره‌وه‌ی وڵات ناوی خۆی له‌ده‌فته‌ری میواندارییدا تۆمارکرد .

ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش بڕیاری داوه بڕێنی له‌و موکه‌له‌فانه‌وه ڕبگیرێت که به‌هۆی به‌خێوکردنه‌وه دواخراوان

له بڕیارێکدا ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش قایل‌بووه که به‌ده‌لی ئه‌قدی له‌وانه‌ی وا به‌هۆی به‌خێوکردنه‌وه دواخراون وه‌ربگیرێت له‌جیاتی ئه‌وه‌ی خزمه‌تی سه‌ربازی‌بکه‌ن ئه‌ویش به‌گوێره‌ی یاسای به‌رگری نیشتمانی ـ هه‌ڵوه‌شێنراو .

ئه‌مه‌ش ده‌قی بڕیاره‌که‌یه :ـ

به‌ڕێی ده‌سته‌ڵاتی به‌ندی (أ)ی ماده‌ی چل و دووی ده‌ستووری کاتی ، ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش له کۆبوونه‌وه‌ی ڕۆژی ۱٦ـ۷ـ۹۷۷ دا بڕیاری ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ی دا :

۱ ـ به‌ده‌لی ئه‌قدی که (۱۰۰) دیناره له‌و موکه‌له‌فه دواخراوانه وه‌رده‌گیرێت که به‌هۆی به‌خێوکردنه‌وه به‌چوونه‌ته خزمه‌تکردنی سه‌ربازی ئه‌ویش له سایه‌ی یاسای به‌رگری نیشتمانی‌ی هه‌ڵوه‌شێنراودا .

۲ ـ ئه‌وه‌ی ده‌سته‌ڵاتی به‌ندی یه‌که‌می ئه‌م بڕیاره ئه‌یگرێته‌وه له‌هه‌موو ئه‌و تاوانانه‌ی له‌سه‌رینه‌تی ئه‌بوردرێت و خزمه‌تی سه‌ربازی ناکات .

۳ ـ وه‌زیری به‌رگری ئه‌م بڕیاره جێ‌به‌جێده‌کات .

احمد حسن البکر
سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی
سه‌رکردایه‌تی شۆڕش
تا.د.ع.

به‌شداربوون له کۆبوونه‌وه‌کانی لێژنه‌ی ئاماده‌کردنی به‌کێتی قوتابیانی ده‌وله‌تانی بڵۆکی لایه‌ن

له ٤ تا ٦ مانگی ئه‌یلوولی داهاتو به‌کێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق به‌شداری‌ئه‌کات له کۆبوونه‌وه‌ی لێژنه‌ی ئاماده‌کردنی به‌کێتی قوتابیانی ده‌وله‌تانی بڵۆکی‌یه‌ن که له شاری « دبروفنك » له گوسلافیا ئه‌به‌سترێ ..

ئه‌مه‌ش ئه‌ندامی مه‌کته‌بی جێ‌به‌جێ‌کردنی به‌کێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق و لیپرسراوی مه‌کته‌بی به‌یوه‌ندی ده‌ره‌وه رایکه‌یاند و وه‌و وتویه‌تی له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا باسی ئامادەبون ئه‌کرێت بۆ کۆنگره‌ی یه‌که‌می ده‌وله‌تانی بڵۆکی‌یه‌نی و لیسته‌ی کاره‌کانی و کات و شوێنی به‌ستنی .. وه له کۆنگره‌که‌دا باسی جیاوازی‌راده‌ی زانیاری له نێوان ده‌وله‌تانی پێشکه‌وتوو و ده‌وله‌تانی جیهانی سێهه‌م و ده‌وری قوتابیانی بڵۆکی‌یه‌ن له به‌ره‌به‌ره‌ی ڕووبونی نیمپریالیزم ئه‌کرێن .. وه له‌لایه‌کی تره‌وه به‌کێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق داخوازی‌یه‌کی پێ‌گه‌یشتووه بۆ به‌شداری‌کردن له کۆنگره‌ی زانکۆیی له « دبروفنك » ڕۆژماوه‌ی ۲۸ تا سێی ئه‌یلوولی داهاتوو ئه‌به‌سترێت .

له ووته‌یه‌کی وه‌زیری کاروخانه‌سازیدا ..

زیاتر له‌هه‌زار ملیۆن دینار ته‌رخان کراوه بۆ که‌رتی خانه‌سازی له‌نه‌خشه‌ی به‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وایه‌تی تازه‌دا .

له نه‌خشه‌ی به‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وایه‌تی تازه‌دا بۆ ساڵی ۷٦ ـ ۸۰ که‌رتی نیشته‌جێکردن هه‌زار ملیۆن دینار زیاتری ته‌رخان کردووه به قه‌ده‌ر سێ ئه‌وه‌نده‌ی که ئه‌م که‌رته له نه‌خشه‌ی به‌ره‌پێدانی پێشوودا بۆی ته‌رخان‌کرابوو .. ئه‌مه‌ش به‌ڕێز « ته‌ها یاسین ره‌مه‌زان »

ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش و وه‌زیری کارو نیشته‌جێکردن ڕۆژی شه‌مه‌ی ڕابوردو به ئاژانسی ده‌نگوباسی‌عیراقی ڕاگه‌یاندووه به شیوه‌یه‌کی زانستیانه‌و ئاشکرا ئه‌م نه‌خشه‌یه‌ی ڕوون‌کردۆته‌وه که له‌گه‌ڵ باوه‌ڕی شۆڕش یه‌ک‌ده‌گرته‌وه بۆ ماوه‌ی پێنج ساڵی داهاتوو .. هه‌روه‌ها به‌ڕێز وه‌زیری کارو نیشته‌جێکردن ووتویه‌تی که ئه‌م نه‌خشه‌یه باشترین‌و تازه‌ترین ڕێگای گرتۆته به‌ر له به‌شداری‌کردنی هه‌موو ئه‌و بنکانه‌ی به‌شداری به‌رهه‌م هێنان ئه‌کەن له ده‌ربڕینی ڕاو موناقه‌شه‌کردن له ئاماده‌کردنی چوارچێوه‌ی گشتی که له‌م دووایی‌یه‌دا بڕیاری له‌سه‌ر درا که ئه‌مه‌ش ئه‌بێته به‌ردی بناغه‌ی ئاماده‌کردنی نه‌خشه‌یه‌کی فراوان بۆ گشت که‌رته‌کانی وولات ... هه‌روه‌ها به‌ڕێز وه‌زیری کارو نیشته‌جێکردن ووتویه‌تی ئه‌مه دووه‌مین نه‌خشه‌یه له سه‌رده‌می شۆڕشدا که هه‌موو چالاکی ئابووری‌و کۆمه‌ڵایه‌تی‌و ڕۆشنبیری خسته‌بێته به‌رچاو .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز وه‌زیری کارو نیشته‌جێکردن ده‌وری که‌رتی دروستکردنی له چوارچێوه‌ی گشتی که به‌ر له نه‌خشه‌ی فراوان بڕیاری له‌سه‌ر درابوو ڕوون‌کرده‌وه به‌وه‌ی که وه‌زاره‌تی کارو جێکردن بڕبڕه‌ی پشتی نیشته‌جێکرنه .. وه چوارچێوه‌ی گشتی شێوازی کار کردن‌و په‌ره‌پێدانی‌و ئه‌و ڕێگایه زانستیه‌ی ئه‌گرێته به‌ر ده‌ست نیشان‌کردووه ..

هه‌روه‌ها ووتویه‌تی که ئه‌م که‌رته ته‌نیا خانووی گشتی‌و ڕێگاو بان‌و بڕد نیه به‌لکو په‌یوه‌ندی‌یه‌ به هه‌موو که‌رته‌کانی تره‌وه هه‌یه که بڕیتین له هه‌موو بڕۆژه‌کانی په‌ره‌پێدانی پیشه‌سازی‌و کشت‌و ئه‌ئازیاری مه‌ده‌نی‌و به‌روه‌رده‌یی‌و لایه‌نه‌کانی تری کۆمه‌ڵایه‌تی .. هه‌ر له‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌ش له چوارچێوه‌ی گشتی ئه‌م نه‌خشه‌یه‌دا هه‌وڵدراوه بۆ فراوان کردنی که‌رتی سۆشیالیستی له‌م ڕووه‌وه . ئه‌مه‌ش ئه‌وه ئاگه‌یه‌نی که که‌رتی تایبه‌تی‌و بێگانه پشت‌گوێ بخرێ به‌لکو که‌رتی سۆشیالیستی‌بێته‌که‌رتێکی سه‌ره‌کی‌و ڕێ پیشانده‌ری که‌رته‌کانی‌تره .. هه‌روه‌ها ووتویه‌تی له‌م نه‌خشه‌یه‌دا بڕیار وایه که کۆمپانیایه‌کی به‌لێندان بۆبینا‌

بڕوانه ل ۱۱

به بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری نۆهه‌می ڕاپه‌ڕینه ئازایانه‌که‌ی ۳۰ی ته‌موزه‌وه ..

ڕانانی به‌ردی بناغه‌ی چه‌ند بڕۆژه‌یه‌کی به‌رچه‌م هێنان و خزمه‌تگوزاری

ڕۆژی شه‌مه‌ی ڕابردوو له پارێزگاکانی وڵاتدا به‌بۆنه‌ی بیره‌وه‌ری نۆهه‌می ڕاپه‌ڕینه ئازایانه‌که‌ی ۳۰ ته‌موزه‌وه چه‌ند بڕۆژه‌یه‌کی که‌رتی به‌رهه‌م‌هێنان‌و خزمه‌تگوزاری گرانه‌وه یان به‌ردی بناخه‌یان بۆدانرا .

ڕووناك‌کردنه‌وه‌ی دوو هه‌زار ماڵیان گرتۆته‌وه .

به‌ڕێز پارێزگاری ته‌نیم له ئاهه‌نگێکی جه‌ماوه‌ریدا که هاوڕێیان جێگری سکرتێرو ئه‌ندامانی سه‌رکردایه‌تی لقی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له ته‌نیم تێیدا ئاماده‌بوون پڕۆژه‌ی کردنه‌وه‌و ته‌خت‌کردنی ڕاڕه‌وی دووهه‌می ڕێگای به‌غدا ـ کەرکوك‌و فره‌وان‌کردنی ده‌روازه‌ی باکووری شاری کرده‌وه که دریژایی‌یه‌که‌ی ده‌گاته جوار کیلومه‌ترو که له ڕێگای هه‌ره‌وه‌زه‌وه‌و ته‌نیا به‌دوو مانگ ته‌واوکراوه .

به‌ڕێز پارێزگار له ئاهه‌نگێکی جه‌ماوه‌ری دیکه‌دا قۆناخی‌یه‌که‌می پڕۆژه‌ی ڕووناك‌کردنه‌وه‌ی نوێی شه‌قامه‌کانی شاری که‌رکوکی کرده‌وه . که به‌هه‌مووی‌یه‌وه نیزیکه‌ی دوو میلیون دیناری تێده‌چێ . کاروباری قۆناخی یه‌که‌م ڕووناك‌کردنه‌وه‌ی ڕێگای به‌غداو شه‌قامی شۆڕش به‌درێژایی (۱۲) کیلومه‌تر ده‌گرێته‌وه .

پارێزگاری به‌ڕێز پاداش‌و خه‌لاتی ڕێزگرتنی‌دا به ژماره‌یه‌ك له‌وکه‌سانه‌ی له پڕۆژه‌که‌دا ئیشیان‌کرده‌وه به مه‌به‌ستی نرخ‌دانان بۆ تێکۆشان‌و له‌خۆبووردنیان له‌کاردا .

هه‌روه‌ها پێشانگای ناوه‌نده‌کانی ڕێ نوێنی نافره‌تی لادێ‌و پیشه‌سازیه‌کانی دێهاتی کرده‌وه که سه‌رۆکایه‌تی مه‌ئبه‌ندی کشتوکالی به‌ڕیای‌کردبووو به‌رهه‌می ئه‌و ناوه‌ندانه‌ی تێداپیشان درابوو .

پارێزگاری به‌ڕێز پێشانگای دووهه‌می ته‌شکیلی‌یه لاوه‌کانیشی کرده‌وه که به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ماله‌کانی ڕۆشنبیری جه‌ماوه‌ری پارێزگا به‌ڕیای‌کردبوو .

به‌ڕێز به‌ڕێوه‌به‌ری دابه‌شکردنی کاره‌بای پارێزگاکه‌یش پڕۆژه‌ی ڕووناك‌کردنه‌وه‌ی گه‌ره‌کی به‌عس‌و ئه‌فسه‌ران‌و حاجیه‌کانی کرده‌وه که به‌هه‌رسێ پڕۆژه‌که (۱۵۰) هه‌زار دیناریان تێچووه‌و دیسانه‌وه به‌ردی بناخه‌ی پڕۆژه‌ی په‌ره‌وه‌رده‌کردنی مریشك‌و جوجکه‌شی له مه‌ئبه‌ندی سه‌یدی له ناحیه‌ی سمیل‌دا داناکه (۸) هه‌زارو (۵۰۰) دینار تێده‌چێ .

له‌پارێزگای دهۆك قایممه‌قامی قه‌زای زاخۆ خانووبه‌ره‌ی گومرك‌و باجی کرده‌وه که (۷٦) هه‌زار دیناری تێچووه‌و خانووبه‌ره‌ی دایره‌ی جوازاتیشی له ناوچه‌ی ابراهیم خلیل کرده‌وه که (۳٤) هه‌زار دیناری تێچووه .

به‌ڕێزان سعد قاسم حمودی ئه‌قیبی ڕۆژنامه‌نووسه‌کان‌و ضیاء عبدالرزاق حسن ئه‌مینداری نهێنی ئیقابه له‌و جاوپێکه‌وتنه‌دا ئامادە بوون .

له‌سه‌ره‌تای جاوپێکه‌وتنه‌که‌دا وه‌زیری به‌ڕێز به‌خێرهاتنی به‌ڕێز نستوری‌کردو دووباتی‌کرده‌وه که‌ڕاگه‌یاندنی شۆڕشگێڕانه له وڵاته‌که‌ماندا به‌رده‌وام ڕووبه‌ڕووی هێزه ئیمپریالی‌و زایۆنی‌و کۆنه‌به‌رست‌و ره‌گه‌زپه‌رسته‌کان ئه‌وه‌ستێ‌و ته‌قه‌لا ئه‌دا بۆ به‌رده‌له‌ڕوو هه‌ماڵینی‌نه‌خشه‌و ئامانجه شه‌ڕانی‌یه‌کانیان .

وه‌زیری به‌ڕێزهیواو بڕوای خۆی سه‌بارەت به‌سه‌رکه‌وتنی ئه‌و گوڕه‌ده‌بڕی‌و پشگیری‌ی ته‌واوی وه‌زاره‌تی ڕاگه‌یاندن‌و ده‌زگاکانیشی بۆ ئه‌وه ڕه‌نجانه دووپات‌کرده‌وه که له‌و باره‌یه‌وه‌دراون .

به‌ڕێز نستور بوخته‌ی سروشتی ئه‌و گوڕه‌وباسه‌کانی پێشکه‌ش به‌وه‌زیری به‌ڕێز کردو دووباتی کرده‌وه که هه‌ڵبزاردنی به‌غدا بۆ به‌ستنی ئه‌و گوڕه بۆستایش‌کردنی شوێن‌و بایه‌ی پێشکه‌وتوانه‌ی عیراق‌وشوێنی ده‌رکه‌وتووی خه‌باتگێڕانیه‌تی له‌جیهاندا .

سه‌ندووه‌کاندا ، له‌گه‌ڵ هاوبه‌شی‌کردنیش له ڕه‌خساندنی ڕژیمێکی نوێی ئابوری جیهان .

هه‌روه‌ها ووتی : گوڕه‌که‌و باسه‌کانی به‌ته‌واوی له‌گه‌ڵ هه‌ڵوێسته‌کانی شۆڕشدا ، به‌سه‌رکردایه‌تی پارتی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست‌و هه‌موو هێزه پێشکه‌وتوه‌کان ، یه‌ك ئه‌گرن‌و هاوبه‌شی‌کردنی ڕاگه‌یه‌نه‌ره‌کان به‌ره‌ی داواکه‌رانی دروست‌بوونی ئه‌و ڕژیمه به‌هێزئه‌کا .

وه‌زیری به‌ڕێزهیواو بڕوای خۆی سه‌بارەت به‌سه‌رکه‌وتنی ئه‌و گوڕه‌ده‌بڕی‌و پشگیری‌ی ته‌واوی وه‌زاره‌تی ڕاگه‌یاندن‌و ده‌زگاکانیشی بۆ ئه‌وه ڕه‌نجانه دووپات‌کرده‌وه که‌له‌و باره‌یه‌وه‌دراون .

وه‌زیری به‌ڕێز ده‌رباره‌ی ئه‌و گوڕه ڕاگه‌یاندنه‌ش دوا که نیقابه‌ی ڕۆژنامه نووسه‌کان به‌هاوکاری له‌گه‌ڵ ڕێکخراوی ڕۆژنامه نووسه‌کانی جیهان‌و ڕێکخراوی ڕۆژنامه‌نووسی له‌به‌غدادا ڕێکی ئه‌خه‌ن ده‌رباره‌ی ئه‌هێشتنی کارتێکردنی ڕاگه‌یاندنی ئیمپریالی‌یانه له ڕاگه‌یاندنی ده‌وله‌ته‌گه‌شه‌

دوو پاتکردنه‌وه‌ی ده‌وری ڕاگه‌یاندن شۆڕشگێڕانه له ڕووبه‌ڕووه‌ستانی هێزه‌کانی ئیمپریالیزم‌دا ..

ئێواره‌ی یه‌کشه‌مه‌ی ڕابوردوو به‌ڕێز طارق عزیز وه‌زیری ڕاگه‌یاندن پێشوازی به‌ڕێز ئورلیان نستور سکرتێری ڕێکخراوی ڕۆژنامه نووسانی جیهانی کرد که ئێستا سه‌ری له‌وڵاته‌دا .

له‌گه‌ڵ ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕشدا بڕیاری تازه‌ی ئه‌نجومه‌نی کشت‌وکالی بالا ..

ئه‌نجومه‌نی کشت‌و کالی بالاداوای کردووه که جێ‌به‌جێ‌کردنی ڕێبازو لایه‌نه‌کانی به‌ندی به‌گه‌ڕی کشت‌وکال له‌چوارچێوه‌ی ئه‌خشه‌ی ئابوری‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی ده‌وله‌ت ئه‌ی موتابه‌عه بکرێت‌و له پێنج که‌م‌و کوریش ناگادار بکرێت‌و پێشنیاریش بۆ ئه‌هێشتنیان بخرێته ڕوو . وه ئه‌نجومه‌ن له‌بڕیاره‌کانیا دووباتی جۆره‌کانی موتابه‌عه‌ی جێ‌به‌جێ‌کردنی کارو .

کارو بڕۆژه‌کانی په‌ره‌پێدانی کشت‌وکالی کردووه .. وه له ڕۆژنامه‌ی ره‌سمی بڵاوی کردۆته که پێویسته به چالاکی موتابه‌عه‌ی ده‌زگای که‌رتی کشت‌وکالی بکه‌ین ئه‌گه‌ر بێت‌و به‌رهه‌م هێنه‌ر یاخود خزمه‌ت گوزاری بێت له‌باره‌ی په‌ره‌پێدانی سه‌رچاوه‌کانی ئابووری سه‌ره‌کی‌و به‌کار هێنانی به‌شێوه‌یه‌کی ڕێکوپێك ..

هه‌روه‌ها موتابه‌عه کردنی خۆبه ستنه‌وه‌ی دایره‌کانی سه‌ر به‌که‌رتی کشت‌وکالی به‌دانانی نه‌خشه‌یه‌کی ڕێکوپێك بۆ کارکردن‌و به‌رهه‌م هێنان له‌به‌ر ڕۆشنایی زروفی ئێستاو ڕاده‌ی جێ‌به‌جێ‌کردنی‌و خۆبه‌ستنه‌وه‌ی دایره‌کانی کشت‌وکالی ـ به‌پێی حسابێکی ئابوری ـ له‌هه‌موو چالاکی ئابووری بۆ ده‌ست نیشان کردنی نرخی به‌رهه‌م هێنان‌و زه‌ره‌رو قازانج .. هه‌روه‌ها دووباتی کردۆته‌وه که نه‌خشه‌کانی جێ‌به‌جێ کردن ئه‌بێ کاتی هێنانه‌دی دیاری‌بکرێ له‌به‌رنامه که‌یدا که لایه‌نی به‌رپرسیار له جوارچێوه‌ی که‌رتی کشت‌وکالی بڵاوی ئه‌کاته‌وه به‌پێی ئه‌و ئامانجه‌ی که له‌نه‌خشه‌ی به‌رهه‌م هێنان بنچینه‌ی ده‌زگای موتابه‌عه کردنه ..

بڕیارێك له چاکه‌ی قوتابیانی قوتابخانه پیشه‌سازیه‌کان .

وه‌زاره‌تی فیرکردنی به‌رزو پشکنینی زانستی‌ی بڕیاری‌داوه که ڕێگا بدرێت به‌و قوتابیه پیشه‌یانه‌ی ساڵی ۱۹۷۵ ـ ۱۹۷٤ قوتابخانه‌یان ته‌واو کردووه که له زانستگاو په‌یمانگا عیراقیکاندا وه‌رگیرین .

ئه‌م بڕیاره‌ش بۆ ئه‌وه‌یه ماوه‌بدرێت به‌و قوتابیه پیشه‌یانه‌ی ئه‌یانه‌وێت بخوێنن‌و خوێندن ته‌واوکه‌ن تاوه‌کو پسپۆڕی له لقێ له لقه‌کانی پیشه هه‌ه‌جۆره‌کاندا په‌یدا‌کەن .

له‌هه‌مان بواردا ده‌زگای فیرکردنی پیشه‌یی بڕیاری داوه که ڕێگابدرێت به قوتابیه سه‌ربازه‌کان تا خۆیان له قوتابخانه پیشه‌یه‌کانی ئێواراندا بنوسن ، به‌بێ ئه‌وه‌ی گوی‌بدرێته ته‌مه‌نی ئه‌و قوتابی‌یه یا ئه‌و ماوه‌یه‌ی وازی تیا له قوتابخانه هێناوه .

کۆبوونه‌وه‌ی فراوانی سه‌رۆکانی لێژنه ڕاگه‌یاندنه‌کان بۆسه‌رژمێری‌کردن گشتی دانیشتوان ...

به‌ڕێز عدنان حسین وه‌زیری‌نه‌خشه‌دانان‌و سه‌رۆکی لێژنه‌ی به‌رزی سه‌رژمێرکردنی گشتی‌دانیشتوان ، له مه‌لبه‌ندی به‌غدا له‌گه‌ڵ سه‌رۆکه‌کانی لێژنه‌کانی ڕاگه‌یاندن کۆبوه‌وه .

له کۆبونه‌وه‌که‌دا چالاکیه‌ڕاگه‌یاندنیه کانیان له پارێزگه‌کاندا نیشاندا له‌گه‌ڵ ئه‌رکی لێژنه ناوخۆییه‌کان .

به‌ڕێز وه‌زیری ناوبراو شتایشی به ته‌نگه‌وه بوونی لێژنه لقیه کانی‌کرد له‌باره‌ی ئه‌رم کردنی چالاکی ڕاگه‌یاندن‌و ڕێ نیشاندانیان‌و له‌گه‌ڵ که‌ڵ وه‌رگرتنیکی زێڕ له ده‌سکاڕا ئه‌یاندنه ڕێ پێ‌دراوه‌کان .

هه‌ر له‌م باره‌یه‌وه له‌وه‌زاره‌تی نه‌خشه‌دانان پێری کوبونه‌وه‌یه‌کی فراوانی لێژنه ڕاگه‌یاندنیه‌کانی مه‌لبه‌ند بۆ سه‌ر ژمێرکردنی گشتی دانیشتوان‌و سه‌رۆکی ئه‌و لێژنه ڕاگه‌یاندنیانه‌ی که لقن له پارێزگاکاندا کرا .

ئه‌و کۆبونه‌وه‌یه‌ی که زماره‌یه‌ك هاوریانی ئه‌ندامانی لقه کانی حیزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست‌و سه‌رۆکی لێژنه‌کانی ڕاگه‌یاندنی پارێزگه‌کان تیا به‌شداربون به‌ڕێز ڕافع سحاب سه‌رۆکی ده‌سته‌کای گشتی ڕۆشنبیری جوتیاران سه‌رۆکی لێژنه‌ی ڕاگه‌یاندنی مه‌لبه‌ندی سه‌رژمێرکردندا سه‌رکرداییه‌تی‌کرد .

سه‌رۆکی لێژنه‌که له سه‌ره‌تای کۆبونه‌وه‌که‌دا وتارێکی بڵاوکرده‌وه تیایا دووباتی ئرنگی چالاکی ڕاگه‌یاندنی سه‌رژمێرکردن‌و ئه‌رم کردنی کاری ڕێکخراوه جه‌ماوه‌ره میلیه‌کانی له‌ڕیزه‌کانی جه‌ماوه‌ردا کرده‌وه به‌جۆرێ که له‌گه‌ڵ نامانجی چالاکی ڕاگه‌یاندندا بگونجی .

له کۆبونه‌وه‌که‌دا که‌ڵ پێشنیار له‌ڕوی پێشخستنی چالاکیه‌کانی ڕاگه‌یاندن هاته‌پێشه‌وه .

له‌کۆتایی کۆبونه‌وه‌که‌دا بۆ وه‌رگرتنی زانین که بڕیتیه له لێ پرسینه‌وه به‌رامبه‌ر چالاکیه‌کانی ڕاگه‌یاندن‌و کۆسپه‌کانی ئیستماره دابه‌ش‌کردن به‌جۆرێك که نه‌بێت ئیستماره‌کان له هه‌فته‌یه‌کدا پڕ بکرێته‌وه .

کاری وه‌رگرتنی زانین نامانجی کێشانی وێنه‌یه‌کی ڕونی تاقی‌کردنه‌وه‌ی چالاکیه‌کانی ڕاگه‌یاندنه که لێژنه لقیه‌کان کردویانه بۆ که‌ڵك وه‌رگرتنی له کاتی‌کێشانی نه‌خشه‌ی‌کاردا له ئێستاوه تا داهاتنی ڕۆژی سه‌رژمێرکردن که ۱۷ی تشرینی یه‌که‌می داهاتونه‌کات .

(۲۰۰۰) خانوو بۆ کارکه‌رانی ده‌زگای نه‌وتی باکور ..

ده‌زگای‌گشتی‌ی نه‌وتی باکوور ده‌سی به‌جێ‌به‌جێ‌کردنی سێیه‌م‌و چواره‌م‌و پێنجه‌م‌به‌شی بڕۆژه‌ی دورستکردنی (۲۰۰۰) دووهه‌زار خانوی بۆ کارکه‌رانی کردوه . بۆ ئه‌مه‌یش ملیونێك‌و (۷۵۰) هه‌زار دینار له به‌رنامه‌ی ئیستیسماری نه‌م ساله‌ی بۆ ته‌رخان‌کراوه .

Institut Kurde de Paris

٦٤٠ ملیۆن دینار بۆ پرۆژەکانی کارەبای رەفاف کراوە

ئێستا دەزگای گشتی کارەباخەریکی ژمارەیەك پرۆژەی گەورەی کارەبایە لەسەرانسەری وڵاتا .. بۆ ئەمەیش «٦٤٠» ملیۆن دینار لە نیونەخشەی گەشەسەندنی نەتەوەیی «٧٦ـ٨٠»ی بۆ تەرخان کراوە .

ئەوەی شایانی باسە ، ئێستا ئەو دەزگایە خەریکی جێبەجێ کردنی ژمارەیەکی باشی ئێستگەی کارەبایی‌یە لە سەرانسەری وڵات بۆ روبەڕوبونی بێ کارەبایی .

لەسەروی ئەو ئێستگانەوە ئێستگەی دوکانە کە سوود لە وزەی ئاوەکەی وەرنەگیرێ کەبڕێتی‌یە لەپێنج کەرتی ٤٠٠ میگاواتی‌و ١٧ ملیۆن دیناریشی تێ‌ئەچێ .. لە نیوەی ساڵی داهاتودا کەرتی یەکەم و دووەمی ئەکەوێتە کار .

پرۆژەی « دۆرە » یش خەریکن بۆ زیادکردنی وزەی لە « ١٦٠ » میکاواتەوە بکەیەنینە « ٣٢٠ » میکاوات .. لەوانەیە لە نیسانی داهاتودا تەواو بێت‌و « ٣٠ » ملیۆن دیناریشی تێ‌ئەچێ . هەروا گەلێ پرۆژەی کاروئاوێ خەریکە بەیارمەتی وەزارەتی ئاودێری جێبەجێ بکرێت وەکو : پرۆژەی بەستی حەمرین وبەستی حدیثە وموسل .

سەرۆکی دەزگاکە لەبارەی تۆڕەکانی دابەشکردن دواوە ووتویەتی :

بریاردراوە تۆڕیکی تەوزمی لە ئەندازەبەدەر کە ٤٠٠ هەزار قۆناغی دورست بکرێ‌و قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژە یە لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا تەواو ئەبێت .. هەروا بۆ کارەبا کردنی دێهاتیش وتویەتی : نەخشەکەمان ٢٧٢٤ گوندی چرو بەبەرهەم لە سەرانسەری وڵات ئەگرێتەوە خۆی .

تا ئەمڕۆ توانراوە وزەی کارەبا بگەیەنرێتە ٨٠١ گوندوسەرەڕای بەکارەبا کردنی ٣٢٠ کەرتی ئاوی کۆکراوەو ٥٨ ئێستگەی دیزلی چەسپاوو نەچەسپاو . کاریش بۆ گەیاندنی‌تر بەردەوامە .. لەبارەی کۆژانی کارەباوەیش وتویەتی :

ئەم دیاردەیە لەئەنجامی داوای هاووڵاتیانەوە سەری هەڵداوە ، سەرباری باری دینەمۆی کارەباو ئێستگەی دورستکردنی کارەبایش ..

لەبارەی وزەی بەرهەمداری ئەمساڵەوەیش وتویەتی : وزەکە گەیشتۆتە ٣ر٥ ملیۆن میکاوات و هەر تەنیا لە بەغدا ٤٪ی ئەو وزەیە بەکارهاتوە .

دروستکردنی دەرمان سەرکەوتنێکی ئاشکرای بەدەستهێناوە لە پڕکردنەوەی پێویستی وڵات ..

دروستکردنی دەرمان لەووڵاتەکەماندا سەرکەوتووە لە پڕ کردنەوەی پێویستی دەزگاکانی تەندروستی‌و ناوخۆیی بۆ دەرمانی بەرادەی ٤٥ لەسەدا .

دەزگای گشتی دەرمان ئەمەی دووپات کردۆتەوەو ووتویەتی کەوا رادەی دەرمان دروست کردن لەووڵاتەکەماندا زۆر باشە بە گوێرەی تازەیی ئەم پیشەسازیە کۆریەیە

هەروەها روونی کردۆتەوە کە بەرهەمهێنانی ئەم پیشەسازیە زۆر بەرەی سەندووە لە کاتی دامەزراندنی کارگەی دەرمان لە سامەرا لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو توانایانەی کە لەبەر دەستایە بەشێوەیەکی رێکوپێك وەدانانی بەرنامەیەك بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان کە لەکەل پێویستی یەك ئەگرێتەوە .. لەسالی یەکەمدا نرخی بەرهەمهێنانی دەرمان ملیۆنێك و ٦٦٣ هەزارو دینار بوو ، ئەم نرخەش لە زیادبونێکی بەردەوامدا بوو تا لەساڵی ١٩٧٦ گەیشتە ١٠ ملیۆن‌و ٤٧٦ هەزارو ٩٨٤ دینار ..

دروستکردنی (٦٢) قوتابخانە لە هەولێر

بەڕێوەبەریەتی ناوخۆی پارێزگای هەولێر لیژنەیەکی تایبەتی بۆ هەڵبژاردنی شوێن‌و ڕووبەری « ٦٢ » قوتابخانەی سەرەتایی‌و ناوەندی وئامادەیی پێکهێنا بۆ دروست کردنی ئەو قوتابخانانە بەشێوەی خاز بەدەست .

ـ ٣١٠ ـ هەزار دیناریش بۆ دروست کردنیان تەرخان کراوە .

ئا.د.ع

سکرتێری رێکخراوی جیهان بەغدا بەجێ دەهێڵێ

دوێنێ بەرێز نوولیان نستۆر سکرتێری گشتی رێکخراوی ڕۆژنامەنووسەکانی جیهان دوای کۆتایی‌هاتنی سەردانێکی حەوت ڕۆژی لە وڵات ، بەغدای بەجێ هێشت .

بەرێز نستۆر لە سەردانەکەیدا گفتوگۆی لە گەڵ کاربەدەستان‌و نیقابەی ڕۆژنامەنووسەکان دەربارەی خۆئامادەکردن‌و کار رێکخستن بۆ بەستنی کۆڕێکی جیهانی سەبارەت بەڕێ‌گرتن لە کارتێکردنی ڕاگەیاندنی ئیستیعماری لە ڕاگەیاندنی جیهانی سێیەم کرد ، ئەو کۆڕەش لە مانگی تشرینی دووەمی داهاتو لە بەغدادا ئەگیرێ .

بەرێز نستۆر پێخۆشحالی خۆی بۆ ئەو سەردانە دەربڕی‌و دەستی وا بۆ گفتوگۆکانی کاروبارو پێشنیازی تایبەتی بۆ بەستنی کۆڕەکە وسەرخستنی ، ڕەزامەندی نوێنراوە ..

ئەوەی شایانی باسە ئەو کۆڕە بە هاوکاری لە گەڵ ڕۆژنامەنووسەکانی ئەهێڵێ ڕێکخراوی یۆنسکۆدا ئەبەسترێ .

لە کۆتاییدا بەرێز نستۆر لە لایەن زمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیقابەی ڕۆژنامەنووسانەوە بەڕێ کرا .

پاریزگاکان لەهەفتەیەکدا

● پێوی بەرێز جێگری پاریزگاری نەینەوا پیشازگای بەرهەمی میللی‌و هونەری‌ی مەرکەزەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری کە بەرێوەبەرایەتی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری سازاندبووی ، لەهۆڵی بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری‌ی میللی لە موسل‌ـ کردەوە .. پیشانگاکە بریتی‌بوو لە ئەڵی بەرهەمی‌واکە بە دەرزی‌و کوتانی کانزاو کۆڵین‌و پیشەی میللی کرابوو ..

● ● ●

● پێوی سەرۆکایەتی ناوچەی کشت سازی لە شاری تەئمیم دەسی بەجێ‌بەجێ کردنی چەند پرۆژەیەك کردوە کە « ٤٠٧ » هەزار دینارە تێ‌ئەچێ‌و بریتی‌یە لە : بەڕەبێندانی هەرەوەزی‌یەکشتوکالیەکانی داقوق‌و بنیادنانی دەهۆڵی جۆجەڵەو گوشت‌و دووهۆڵی هێلکە لەکێڵکەی تەئمیم‌و بناغەیەك لەشیناوەردی گشتی‌ی وەهران‌و مەرکەزێکی ئاراستەکردن‌و دووخانوو بۆ پرۆژەی بەرەبێندانی ئۆکە لە ریازدا .

● ● ●

● سەرۆکایەتی تەندروستی شاری هەولێر ، بارەیەکی خۆباراستنی دژی مەلاریا لەسەرانسەری شارا دەس پێ‌کردوەو گەلێ تیبی‌تەندووستی بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوە .. سەرباری ڕێکخستنی گەلێ دەورەی مەشقکردن بۆ ئامادەکردنی نادیری پسپۆڕ لە نەخۆشی‌و قەلاچۆکردنی نەخۆشی‌باوو تەندروستی گشتی‌ی .

بەم زوانە شوشەیەکی زۆر ئەکەوێتە بازار

کۆمپانیای گشتی هێنان‌ودابەش‌کردنی کەرەسەی‌خانووبەرە بەم زوانە میقدارێکی گەورەی پێوانە کراوی هەمەجۆری شوشەی سپی بە ئەستورایی ٢و٣ میلیمەتر بە جۆرێك کە پێویستی ناوخۆی بڕگاکەوە ئەخاتە بازارەوە .

ئەمەش بەرێز جابر حسین وڵات داود بەرێوەبەری گشتی کومپانیاکە دەری‌بڕی‌و وتی ئەو زمارەیەی کە لەبارەی ئەم کەرەسانە لەسەری ڕێك کەوتوین لە نیوەی هەفتەی رابوردودا دەستیان بە گەیشتن کردوە ، هەروەها وتی بەم زوانە لە ٧٠٠ هەزار مەتری چوار گۆشەیی کە لەگەڵ گەلێ وڵاتا لەسەری ڕێك کەوتوین کە هەمو هەفتەیەك ٤٠ هەزار مەتری چوار گۆشەیی بگاتە وڵات ٤٤ هەزار مەتری چوار گۆشەیی شوشەی سپی ئەکاتە

لە بواری دابەش‌کردندا لەڕوی کومپانیاکەوە بەرێز بەرێوەبەری گشتی وتی دابەش کردن لە لایەن پێنج هەڵبژاردەوە ئەکرێ کە لەوانیش بۆ ڕەکردنەوەی پێویستی پارێزگەکانی ناوەڕاست بەغداد بابلەو بۆ ڕکردنەوەی پێویستیەکانی خوارو هەڵبەندی بەسرایەو بۆ ڕکردنەوەی پارێزگەکانی باکور تەئمیم‌و نەینەوایە .

هەر وەها وتی دابەش‌کردن بە گوێرەی لیستەی دابەش کردن ئەبێ کە کومپانیاکە زەمینەیی تەرخانی کردوەو لە سەدا چلی ئەم شوشانە بەسەر بەغدادا دابەش ئەکرێ‌و لەسەدا پازدەی بەسەر بەسراداو لەسەدا دەی بەسەر نەینەواو هەمو شارەکانی تردا بە گوێرەی فرۆشتن‌و پێویستی هەمو کەل‌و پەلێك کە کومپانیاکە سەوردای ئەکات دابەش ئەکرێ .

لەسەدەری

عبدالقادر خلیل

ئاخۆ ماڵ‌و منداڵی چۆن چۆنی لەگەلیدا بژین ؟

هاوڕێکەم هەرچەندە بەرەنگوروو لەوە ناچێت کە زوو هەڵبچێت بەڵام ئەوەی من‌دیم یاخوا کەس ئەی‌بینێت . دەمەو ئێوارە بو بۆسەردان‌چومەلای ئەماشام‌کرد ماڵ لەوە ناچێت ئارام بانی یەسەردا کێشا بێت . هەروەك ڕوودراوێکی سەیر ڕووی‌دابێت‌وەهابو لەپیش چاوم . بەڵێ دانم بەخۆمداناو هەوالم پرسین‌وگوتم تاقی‌کردنەوەی سەری سال ئەوابو منداڵان چۆن بون‌لە تاقی‌کردنەوەکاندا ؟ هاوڕێکەم هەروەك فس فس‌پاڵەوان قوت بوەوەو گوتی کەی من منداڵم‌هەن هەمو خەریکی ئارایشت کردن‌و تاس‌و لوس‌دانی خۆیانن کوا گوێ دەدنە کۆشش . ئەوە هەمو هاتونەتەوە سەرو سێچوارسفریان تێدایە دەوەرە مەمرە .

ویستم هاوڕێکەم ساردبکەمەوە وگوتم کاکە ناهێنێت والەخۆت بکەیت ، منداڵ خۆی‌دەبێت هەست بکات بەچاکی‌و خراپی خۆی‌و باوکیش دەبێت‌بگونجێت لەگەڵ چەرخی نوێدا ئەمڕۆ ئەو ساتە نەما کە لەترسی دەرنەچون خۆمان دەشاردەوەو گۆی‌و فزیمان‌دەکرد لەباوکمان تۆ بابزانین هۆی دواکەوتنیان چی‌یە چاری‌بکەین نەك ئابەم جۆرە هیچ شێتکت لە ماڵدا بە ساغی نەهێڵیتەوە هەموی لەداخا بشکێنیت زیانێکی زۆرت‌لەخوت‌و ماڵ‌و منداڵت‌داوە .

منداڵەکانم بانگ‌کردەهێندێکیان دوا کەوتوبون هۆکەش کەم تەرخەمی خۆیان‌بوە لەراستی‌دا بەڵام بەڵێنان داکە لەپشوی هاوین‌دا لەقوتابخانەکاندا کەکراونە تەوە بۆ یارمەتی قوتابی‌یە لاوازەکان‌لەوێدا بخوێنن وەلە تاقی‌کردنەوەی قوتابخانەداکەمو کوریەکانیان پڕ بکەنەوە جارێکی‌تر نەبنە هۆی ئاژۆی‌باوکیان گفتم لێ‌وەرگرتن‌و ڕووم‌کردە هاوڕێکەمو گوتم‌لات‌وایە بە هەڵچون شتێك دەکەیت . کاکە ئەو چەرخەئەما هەموو لایەك خۆش ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە ڕێگەی‌نوێ بگریت بۆ چارە سەرکردنی ئاژۆی . ئەوە ئەما بەزەبری‌نوکەشەق قوتابخانە بە منداڵ بخوێنیت .

دەبێت ڕێگەی بەروەردەکردنی نوێ بگریت . جاری‌جاران سمیل بابڕ نەبوایە ئەدەکەیشتە پڕلی شەشەمی سەرەتایی ئێستاکە زانکۆ بەدەگمەن قوتابی تێدا دەبنییت سمیلی بۆر کردبێت . کاکە تۆزێك لەسەر خۆ بەرۆژ ڕۆژی هێمنی‌و ڕێگە نیشان‌دانی‌راستە . ئەمڕۆ یەکێتی قوتابیان زۆری ئاڵوزەکانی‌خۆیان خۆیان چارە سەری دەکەن ڕێگەی راست‌و چاك دەدۆزنەوە بۆ هاوڕێکانیان‌و جارجاریش تەنانەت یارمەتی‌قوتابیە هەژارەکان دەدەن .

تۆزێك هاوڕێکەم خاوکردەوەو جگەرەیەکم بۆ داگیرسان‌و گوتم ئامنداڵان وەرن بەڵێن‌بدەن بە باوکتان کە ئیتر دوا ناکەون لە هیچ وانەیەکدا . منداڵان هەمو دەستیان کردە ملی‌باوکیان لە دلی‌خۆمدا گوتم‌فس فس پاڵەوان بوچی تو وادەزانیت بەهەر شەوگورەشەچارە سەری ئەم جۆرە دواکەوتنانە دەکرێت ، سەیر نەبێت لاتان زۆر جار هۆی دواکەوتنی منداڵ‌لە قوتابخانەدا ئۆبالی دەکەوێتە ئەستۆی باوکو دایك !

پاشماوەی هەروەتار

دۆزینەوەی چارە سەرکردنی تەفروتوناکەرانە بۆ مەسەلەی فەلەستین وەك خزمەتێك بۆ ئەخشە ئیمپریالیەکان‌و زایۆنیەکان .

بۆ ئەوەی ئامانجە راستەقینەکانی سەردانەکەی قانس بزانین ، پێویستە تێکڕایی پرۆژەکەی بیگن‌و کارتێکردنی ئەو هاتوچۆیە لەرەونی رووداوەیەك بەدوای یەکەکانی ناوچەکەدا بزانین .

پرۆژەکەی بیگن بۆ چارەسەرکردنی ململانێی نێوان عەرەب‌و زایۆنی لە سەر ئاشتی‌یەکی بەتەواویدا هەڵخراوە ، واتە کۆتایی‌هاتنی دۆخی شەڕو ئێکهێنانی بەیوەندی دیبلۆماسی‌و ئابوری‌و ڕۆشنبیری وگەشتوگوزاری لە نێوان ڕژێمەکانی سازاندن‌و زایۆنی دوژمندا .

پرۆژەکە کشانەوەی لەزوربەی ناوچەی سینای‌و بەشێکی جۆلان تێدایە ، بەڵام بەمەرجێ ئەو بەشەی لێی کەکشێتەوە ناوچەیەکی بێچەك بێت . پرۆژەکە رەفزی کشانەوەش لە بەری ڕۆژئاوائەکا و ئەوەش ئەخاتە بەرچاو کە ئەوانەیە بتوانرێ دەسەڵاتی بەرێوەبردنی بەشێکی ئەو بەرە لە ژێر دەسەڵاتداربەتی ئاسایشەرانەی زایۆنی دوژمندا ، بە ئوردون بدرێ .

پرۆژەکە رەفزی بەشداری‌ـ کردنی رێکخراوی رزگاری کردنی فەلەستین ئەکا لە کۆنگرەی جنیڤدا ، هەروەها رەفزی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینیش ئەکا لە بەری ڕۆژئاوا و کەرتی غەزەدا ، پرۆژەکە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئاشتی‌یەکی بەتەواوی ئەبێ لە پێش ئەونیمچە کشانەوەیەدا بڕەخسێنرێ .. پرۆژەکە پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کردووەکە کاتێ چارە سەرکردنی سەرانسەرانەی مەسەلەکە سەری نەگرت ، ئەبێ سێلیژنەی ناوکێیی لە گەڵ میسرو سوریاو ئوردوندا بۆدانانی پەیمانی دووقۆلی چارەسەرکردن پێك بهێنرێ .

ئەو پرۆژە زایۆنی‌یەکە ڕژێمەکانی سازاندن خۆیان‌وا پێشاندا ڕەفزی‌ئەکەن ، لە بەرئەوەی کشانەوەی زایۆنی لە خاکی داگیرکراوی عەرەبداتێدانی‌یە ، گومان لەوەدانی‌یە ئەبێ مێتشکی ئیمپریالی زایۆنی‌دەربارەی پرۆژەیەکی لۆژی ئەمەریکایی ئاوەڵا بکاتەوە ، کە هەمان ئەو ئامانجانە بێنێتەدی کە لە پرۆژە ئەسلەکەداهەن . کە بەشێوەیەك بێت سەرودەری لێ دەربکرێ جەوهەری پرۆژەکەی بیگن‌و دان‌پێدانانە بەراوتزیەکانی شۆڕە سوارانی سازاندن بە پرۆژەکە بگرێتەوە ، بۆ ئەوەی زیاتر باشە کشێی ڕێ بۆ چاکەی زایۆنی دوژمن وبەهێزکردنی هەڵوێستەکانی‌و بۆ زیاتر داگیرکردنی خاکی عەرەب بخرێتە کۆڕێ ..

ئەمەیە مەبەسی سەردانەکەی قانس بۆ ئەو ناوچەیە .

لە ئەڵ ئەوەدا کەنیازو مەبەسی پرۆژەکەی بیگن بۆ هێشتنەوەی خاکی عەرەب بە دەست زایۆنی‌یەوەو لە قەنەمدنی بەری ڕۆژئاوا بەخاکی زایۆنی رزگارکراو و بەرهەڵستی‌کردنی زایۆنی بەرامبەر جەوهەری ئەوشتەی ڕژێمەکانی سازاندن ئەیخەنەروو ، ئاشکرایە ، ئەمە ڕێی لە لاکانی سازاندن نەگرت کە زیاتر ملکەچ بکەن‌و «نیازباکی» بیگن بسەلێنن‌و قسەی نوێ‌نوێ بخەنە ئۆڕێ .

سەرۆکی ڕژێمی میسر پێش کەبشتنی قانس بۆ قاهیرە بە ئیستگەیەکی تەلەفزیونی‌ئەمەریکای راگەیاند « کە بەتەواوی ئامادەیە بو هەڵوێست گرتنەبەرێکی نەرم سەبارەت بە بەشداری‌کردنی فەلەستینیەکان لە کۆنگرەی جنیڤدا .. »

سەرۆکی میسرو مەلیك‌حسین لەو دواییەدا لە قاهیرە لە سەر ئەوە ڕێك‌ئەوتن کە ئەو دەوڵەتۆکە فەلەستینیەی پشتیازگراوە ئەبێ بەرژەمەندی مەلیکایەتی ئوردونەوە بەدبێت ، بۆئەوەی ئەم کارەلە گەڵ جەوهەری پرۆژەی ئەمەریکاو زایۆنیدا یەك کەوێت .

سەردانی قانس لە ئەوناوچەیە ، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیەتی ڕژێمەکانی سازاندنە دەربارەی جەوهەری پرۆژەکەی بیگن لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ئەمەریکایی‌دا و تاریکە بۆ راگیشانی ئەورژێمانە بۆ هەڵگاونانی نوێ لە بواری پاشەکشانەوەو بەدەستەوەدانی مافە رەواکانی عەرەبدا .

سروشتی ململانێی نێوان عەرەب وزایۆنی‌و بوونی شازی قەوارەی زایۆنی لە ناوچەی عەرەبیداو ئەو بارەزاواو شازقەی بەرژەمەکانی سازاندنەوە دیارە کە تایبەناقاقای لە ناو بیزاری‌و بەرهەڵستی‌کردنی جەماوەراندا بۆ هەموو پرۆژەکانی سازاندن ، نوقم بوون .. هەموو ئەمانە پرۆژەی سازاندن بەرەو ڕێگەیەکی داخراو مل پێ‌نەنێن . لە بەر ئەوەی ڕێگەی دەسگیربوونەوەی خاك‌و مافەکان ئاشکرایەو هەروەك سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر لە وتارە مێژویی‌یەکەیدا لە بیرەوەری هەر دوو شۆڕشی بیرۆزی تەموزا دووپاتی کردەوە .

بریتی‌یە لە :

یەکجاری واز لەرێبازی ڕێکەوتنی خۆبەدەستەوەدەرانە بهێنرێ‌و ڕێبازی تێکۆشانی رزگاری‌خوازانە بگرێتە بەرو جەماوەران ئامادە بکرێن‌و پشتگیری هێزی بەرگری فەلەستینی بکرێ‌و زۆر بە توندی لە بەرژەوەندو نەخشەکانی ئیستیعمار بدرێ .

پاشماوەی : گەشتەکەی قانس ..

یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەرکەکانی خۆی‌بخاتە ئەستۆو ڕژێمەپەیوەندیدارەکانیش « چقل ناخەنە سەر ڕێگای ئەو کەسەی لە واشنتۆنەوە بێت‌و بەدوای « ئاشتیدا » بگەڕێ » .

لە بیروتیش ئەمڕۆ سەرچاوەیەکی ئاگاداری فەلەستینی گوتوویە قانس لەو گەشتەی ئیستایدا چاوی بە سەر کردە فەلەستینی‌یەکان ناکەوێ .

سەرچاو کە ئاگوتوویە ڕێکخراوی رزگارکەری فەلەستین باری سەرنجی خۆی سەبارەت بە چارە سەری مەسەلەی فەلەستین بە حکوومەتی ئەمریکا راگەیاندوەو هەڵویستی خۆی روون کردۆتەوە ، ئەوەش لە یادداشتێکدا کە ئەمیر فهد بن عبدالعزیز جێ‌نشینی سعودیە داویەتە سەرۆك کارتەر .

سەر چاوەکە ئامادە نەبوو ناوەڕۆکی ئەویاددا شتە بدرکێنێ وهەر ئەوەندەی گوت‌کە بڕچوونی فەلەستینی یەکانی دەربارەی « دەوڵەتێکی » سەربەخۆ لە لێوارەی ڕۆژئاواو ناوچەی داگیرکراوی غزەدا ـ وەك‌خۆی گوتەنی ـ تێدا هاتۆتە گۆڕێ .

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەکانی زایۆنی دوژمن ئەمڕۆ گوتیان کەوتووەتۆی‌قانس لە سەردانی تەل‌ئەبیبدا تەنیا دەربارەی ڕێکاخۆش کردن بۆدەست پێکردنەوەی گۆنفرانسی ژنێف دەبێ .

دوێنێش سەرچاوەکانی دوژمن گوتبوویان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەنیا بیروڕاکان وەردەگرێ هیچ‌شتێکی وانیشان‌نادا کە هەولی پێکەیاندنی پێداویستیەکانی « سازاندن » بدا .

هەروەها ڕۆژنامەکانی دوژمنیش دوێنێ رایانگەیاندبووکە مەناحیم بیگن لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا سەفەرێکی تازە بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان دەکا .

ڕۆژنامەی « یدیعوت احرونوت » ووتویەتی بیگن لەو سەفەرەدا چاوی بە سەرۆك‌کارتەر دەکەوێ .

institut kurde de Paris

ئامادەکردنی منداڵ بۆ ژیان

هەموومان لەو بڕوایە داین کە لەدایکبوونی منداڵ ئەرانەوەیەکە بۆ نادەمیزاد وەژیانەوەیەکە بۆ دایک وباوک پاش کێچ کردنی ئەو دایکوباوکە .

هەمو منالێك بەزۆری (عەواملی وراسی) لە دایکو باوکیەوە وەرئەگرێت لەلایەن رەنگو باڵا وتینەیی سەرتاپا بەتایبەتی شێوەیی کەللەسەرو هەیکەلی ئێسقانی و درێژوکورتی باڵو لاقی .

جگە لە رەنگی چاوو برو و ڕچ وشێوەی لوت وەدەمو دانیش ئەمانەش کەوا ئەبنە هوی ئەرانەوەی ئەونەی باوکو دایک و هەتا چەن پشتێك ئەڕوا ئەم لێچوونە کە وا بەلگو ئەو منانە ئەچێتەوە سەر یەکێ لە هەرە دوورەکان لە بنەماڵەی باوکی یاخود دایکی .

ئەبی بزانین کە ئەم لێچوونە (الشبه) ئاتوانی دایکو باوکی یاخود هیچ زانایەکی ورانە کە دەس کاری بکا وە بیگوڕێ .

واتە ئەوەی بکۆڕێت مەمنالا هەر ئەمێنێتەوە سەر ڕەوشتو جولانەوەی و خوو گرتنی و هان دانی مێشکی بۆ وەرگرتنی زورترین بەش لەزانیاری ڕوژ بەڕوژ (زانیاری تازە هەلکەوتو) و هەروەها ئامادەکردنی هونەرە مەزنەکانی (الفنون والهوايات الجميله) کە لە هەستیا ئەبزوێو پەروەردەکردنی بەشێوەیەکی نوێ ئەرکی ئەمانەش کە ئەکەوێتە سەرشانی دایکو باوك (١) قوتابخانەو ماموستا (٢) کومەڵو نیشتمان (٣) .

بەتایبەتی ڕەوشتو جوولانەوەی منال ئەرکی سەرەتایی منالەوەیە لە گەل هەندێك لە خووگرتن و پال پێوەنان (دوافع) بۆ فێربونی بەکارهینانی هێزی میشك (القابليات الذهنيه) بوزانین . لێك دانەوە ، بێکولینەوە بێکومان زانیاری وەرگرتن ئیشی گرنگی قوتابخانە و بەهۆی وەرگرتنی زانیاریەوە ئەو منالە ئەگاتە پلەیەك کە سود وەرگری لەو ڕەوشت وجولانەوەیەی کە لە مالەوە تیا چێنراوە و هەروەها لەوزانیاریە سود وەرئەگری کە لە قوتابخانە وەری گرتوە بۆ بەڕێوەبردنی ژیان لە هەمو کاتیکا .

ئەم دوو بەمانکایە کە منال تیا پەروردە ئەبی پلەی سەرکەوتنە کە بەئورجی و بێترس بجولێنەوە لە ژیانی کومەلایەتی و نیشتمانیدا وبزێك بێتەوە لنیان و کەلکی بێ بۆیان چەن بدا وچەن وەربگرێ .

تاکو ئیستا زانیمان کێ چەن وتاج رادەیەك بزوتنەوەو ژیانی منال دەسکاری ئەکرێ و وە ئەبێ بشزانین کە هەوی بێ کەیشتن منال ئەبی بەتایبەتی بەجۆرێکی زانیاری وە مەوزوعی بێت بێ ئەوەی بە پالپێوەنانی هەستی تایبەتی خومان ئەو منالەبخەینە ژێر ئەرکیکی زوروگران وەزوری بێ یەکەین ئەو شتانە فێربێ کە خومان ئارەزومان ئەیەوی یاخود مەبەستیکمان هەیە لەوەدا . بەلکو زور دابن وباوك هەن وائەزانن ئەبی منالەکەیان بچێ بەشتێك کە خۆیان لەمنالیا ئاواتە خوازی بوون و نەیان توانیوە بەهوی زروفیکی تایبەتیەوە ئەو ئاواتە بێتە دی ، یاخود بۆ چاولێکەری و خۆبیشاندان ، لەبەر ئەوە منالەکە ئەکەن بەئالەتیك بەدەستیانەوە کە بێخەنە سەر ڕێبەکا ئەتوانێ دەرچێت ولێ لە ئەنجامدا ئەبی بەقوربانی ئەوان .

جا لەبەر ئەوە ئەبێ لێرەدا بیر لە توانای میشکو هێزی لەش وتەندروستی گیانی ئەو منالەبکەینەوەو بزانین کە چ رادەیەك ئەتوانێ بروا بێ ئەوەیی ئەرکی زورگرانتر لەتوانای خوی بە میشك و بەگیان بخەیتە سەرشانی و پاتی بێوەنێین بەلکو ئەبێتە هۆی گەڕانەوەیەکی بە توندی بۆ دواوە لە باتی ئەوەی بۆ بیسەوە .

نوسینی
نجاة رفيق حلمی



خاوێنی گرنگترین نیشانەی ئافرەتە

ئەگەر هەردایکێك یاخود کەبیانوی مالێك توانی رژێمێکی دیاریکراو بۆ پاکوخاوێنی مالو منالو خواردەمەنی ڕەچاو بکات، هەموان لە گەلی لەو نەخۆشیانە دوورئەخاتەوە کە لە ئەل خۆڵو تۆزا بلاو ئەبنەوە . هیچ گرنگ نی یە مال بڕ کەلوپەلی قەبەو رازاوە بێ ، بەنکو گرنگ ئەوەیە ساکارو خۆش و پاکوخاوێن بێت .

پاکوخاوێنی ڕەفتارێکی کۆمەلایەتی یەو کۆمەلگای هەندێ ولاتی بێ لەهی هەندێ ولاتانی تر دەرکەوتوترو لەبەرچاوتر دەرئەکەوێ ... ئافرەت گرنگترین توخمی پاکوخاوێنی یە لە کۆمەلگادا ، ئەگەر ئافرەت بایەخی بەپاکوخاوێنی مالەکەی و منالەکانی دا ، کۆمەلگا هەمووی پاکوخاوێن ئەبێت ، هەروەك زاناکانی دەرون ئەڵێن ، ئەگەر ئافرەت .

هەستی پاکوخاوێنی ڕاگرتنی ئەما ، مانای ئەوەیە گرنگترین نیشانەی ئافرەتایەتی لە دەست چووە ، هەرچەندە شاجوانی جیهانیش بێت .

ئامادەکردنی :
سلوی جواد

دایك وکچە هەرزەکارەکەی

ئامادەکردنی :
رجاء خضير

کچ دوای ئەوەی ماوەی منالیەتی و لاساری و یاری کردن بەسەر نەبا ، بە قۆناغی هەرزەکاریدا تێ ئەپەڕێ ، دایك ئەبینێ کچەکەی وردە وردە لە هاروهاجی بەوە ئەگۆڕێ بۆ ئادەمیزادێکی لەسەرخۆو ناسك و بایەخ بە شۆخی و جوانی خۆی ئەدا .

کچ بەرەو دەست بەخۆدا هێنان مل ئەنێ و حەز لەخۆبێچانەوە ئەکا ، لەم ماوەیەدا بێویستی بەدایکێکی ڕۆشنبیرە کە لە دەردی بزانێ و تێبگا و ڕێزی سۆزی کچەکەی بگرێ، هەروەها کچ لەوتەمەنەدا بێویستی بە .

دەستەخوشکێکی دلسوز هەیە تاوەکو ئەهێنی دلی خری لا بدرکێنی ، لەبەر ئەوە بێویستە هاوڕێ یەك هەلبژێرێ کە لەئەل بیروڕایدا بگونجێ و هۆشمەندبێ و لەئەلی شتیش تێبگات ، وا ئەبێ دایك خۆی هەل ئەقورتێنێتە هەلبژاردنی دەستە خوشکی کچەکەیەوە ، ئەمە کارێکی باشە ئەئەر وابێ لە چاکەی کچەکەیە و پەیڕەوی ئەو دۆخەش بکرێ کە کچەکەی بیا تێدەپەڕێ . لەبەر ئەوە بێویستە دایك لەو ماوە ناسکەی ژیانی منالاندا ، بایەخ بە کچەکەی بدا ، بۆ ئەوەی ڕاستو ساغو دروست پەروەردە بکرێ و بێبگەیەنرێ .

هاوین ونەخۆشی ریخۆڵە

لە هاوینیدا ئەخۆشی ریخۆڵە زۆر ئەبێت هۆی ئەم نەخۆشیەش ئەوەیە کە خواردنی تازە دەرخواردی منداڵان ئەدرێت ، لەمەش گرنگتریان بیسی ئەم خواردنانە بەهۆی زۆر بوونی مێش و مەگەز لەم وەرزەداو ئەخۆشی لێك گرتنەو بەئاسانی ، چەوریش هۆیەکی ئەم ئەخۆشیەیە ..

نیشانەکانی ئەم ئەخۆشیەش سك چوون و کەم خواردن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمایی ئەشە لە پاشا سك چوون زیاد ئەبێت و رشانەوە بەردەوام ئەبێت لەم حالەدا شیروشیرینی لە منداڵ دەبڕێت و ناوی برنج یاخود ناوی سێو یا ماستی ئەدرێتێ لەپاشا پیشان پزیشك ئەدرێت، بەلام ئەگەر بێت و ئەخۆشیەکە سووك بێت و بەخێرایی چارەسەری بکرێت ئیتر ناپێتە هێزی کەم بوونەوەی قوورسایی بەلام ئەگەر بێت و بخرێتە پشت گوێ ئەمە ئەبێتە هۆی ووشك بوونی لەشی منداڵو تووش بوونی بەنەخۆشی دڵو گورچیلە کە چارەسەرکردنی زۆر زەحمەتە ..

منداڵ لە هاویندا زیاتر لە جارێك تووشی ئەم نەخۆشیە دەبێت ، ئەمەش ئەکەرێتەوە هێزی ئەوەی کە چاودێری باکی و خاوێنی و ئەندروستی منداڵ بەتەواوی ناکرێت . . هەرچەندە دایك منداڵەکەی پشت گوێ بخاتە ئەمەندە ئەم ئەخۆشیەی لێ زیاد ئەکات ..

لاوان وتوێژەکان

لەگەڵ تیپی هەڵبژاردەی "باء" لەدەورەی "مردیکا"

لەهەفتەی رابووردودا تیپی هەڵبژاردەی نیشتمانی « باء » لەیاری تۆپی پێدا ئەنجامیکی باش لەدەست هێناوەو توانیویەتی پوونی خۆی لە یاریگای بەدەست هێناوەو توانیویەتی وەرزشی لە باڵەوانێتی « مەردیکا » کە لە مالیزیا ئەکرێ بچەسپێنێ ...

لەیەکەم یاریدا تیپی عیراق بە دوو گۆل بەرامبەر بە هیچ لە ئەندنوسیای بردەوە ، گۆلی یەکەم « موسە بن سەعید »و دووەمیشیان « عەلی عەبدلزەهرە » کردوویەتی ...

لە دووەم یاریدا لەگەڵ تیپی لیبیادا وەك یەك وەستان بەبێ گۆل کردن ئەم جارەی بۆرما دوو هەل لەکیسی تیپی عیراق دا کە لە دوو پەنەلتی بێبەش کردین لە سەرەمین یاریدا تیپەکەمان ئەو بارەی بردەوە بەسێ گۆل بەرامبەر بە هیچ وە هەرسێ تۆپەکە « یەحیا عەلوان » کردوویەتی ... یاری چارەمیش لەگەڵ مالیزیا وەك یەك وەستان بەبێ گۆل کردن ..

لەگەڵ بۆرمادا عیراق بەنج فەلاح » و « جەمال عەلی » ئەم گۆلی کردووە بەرامبەر بە هیچ وە « یەحیا عەلوان » و « سەلیم بەنج گۆلەیان کردووە .. وە لەگەڵ تیپی کوریای خواروودا وەك یەك وەستان یەك گۆل بەرامبەر یەك گۆل ...

رۆژنامەکان بەتیپی عیراقدا هەڵئەدەن

رۆژنامەکان مالیزیا ستایشی تیپی نیشتمانی عیراقی کردووە بەو یاریەی کە ئەیکا بە شارەزایی و تەواوی .. وە رۆژنامەی « نجوم » ووتویەتی عیراق توانیویەتی خۆی لە باڵەوانێتی « مەردیکا »دا بیسان بدات وە جەماوەری مالیزیا زۆر بە ریزو شانازیەوە پێشوازی تیپی عیراقیان کردووە بە تایبەتی هەموو یاریەکانی زۆر بە باشی کردووە سەرەڕای ئەوەی کە تیپی بۆرما لە یاریەکەیدا لەگەڵ عیراق زۆر زەبرو توندی بەکارهێناوە ..

بەلام رۆژنامەی « اوتس فلايو » ووتویەتی .

عیراق زۆر بە توانایی لە یاریەکانیا سەرکەوتووەوهەموو یاریکەرەکانی بە پلەیەکی باش یاری ئەکەنو لە یاریگادا زۆر بە خێرایی ئەجوولێنەوەو مایەی مەترسین بۆ ئەو تیپەی کە یاری لەگەڵیان ئەکەن .. ئەمەو هەموو رۆژنامەکان ستایشی تۆڵچی عیراق « رەعد حەمودی »یان کردووە کە بە پلەیەکی هەست بە لێبرسینەوە خۆی نواندووە .

وەرزش لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا

رۆژی چوارشەممەی ڕێککەوتی ٢٧-٧-١٩٧٧ کۆتایی هاتووە بە میهرەجانی وەرزشی بەرێوەبەرەکانی لاوانی پارتی ئاکانی ئۆتۆنۆمی کە لە سلێمانی سازکرابو ..

وە ئەوەی شایەنی باسەکە هەڤال نوێنەری سەرکردایەتی لقی سلێمانیەی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ئامادەبو .. لە ئەنجامی یاریەکاندا تیپی سلێمانی لە یاری تۆپی دەستیدا لە تیپی هەولێری بردەوە بە دوو هافتایم بەرامبەر بە هیچ ، وە لە هەمان یاری بچووکیشدا تیپی سلێمانی لە تیپی هەولێری بردەوە ..

وە لە یاری تۆپی پێدا تیپی هەولێر لە تیپی سلێمانی بردەوە بە شەش گۆل بەرامبەر بە چوار گۆل بە لێدانی بەنەرتی پاش کۆتایی بێهاتنی یاریو یەك وەستانیان یەك گۆل بەرامبەر بە یەك گۆل وە لە بۆکس وەشێنیدا تیپی سلێمانی لە تیپی هەولێری بردەوە بە حەوت قورسایی بەرامبەر بە سێ ..

هەروەها لە باڵەوانێتی جومبازیشدا سلێمانی دەرچووە ...

منالانی هەولێر لەئاسن هەڵگرتندا یەکەم بوون

رۆژی هەینی رابوردو لە یانەی وەرزشکاریی ئەجەف بۆربۆرتنی باڵەوان بازیی ئاسن هەڵگرتن لە نیوان منالانی ولاتداکراوە .. بەرێز حامد محمود حسن بارێزگاری ئەجەف چۆتەسەیری بۆربۆرتنەکە ..

لەسەرەتای بۆربۆرتنەکەدا ئەوتیمانەی تیایدا بەشداربون دروشمی حزب سەرۆکو دوو وێنەی گەورەی سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البكر و هاوری صدام حسین یان بلندکردۆتەوە .. ئەنجامی ئەو بۆربۆرتنەی کە ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستان جوبونە تەماشاکردنی .

تیپەکەی بارێزگای هەولێر بەیەکەم دەرچو، تیپی بارێزگای میسان بلەی دووهەمی وەرگرت و بارێزگای بەغداش بوە سێهەم دوای ئەم بۆربورتنە کە لەلایەن یەکێتی ئاسن بەرزکردنەوەی لقی ئەجەفەوە ریکخرابو ، بەرێز بارێزگاری ئەجەف پاداشتو خەلاتی بەسەر سەرکەوتوکاندا دابەش کرد .. ئا.د.ع

کۆتایی لە باڵەوانێتی بەغدا لە شەترنجدا

لە بارەگای یەکێتی شەترەنجی عیراق باڵەوانێتی بەغدا بۆ ئافرەتانو لاوان بۆ یشکەوتوەکان کۆتایی .

پێهات باش ئەوەی کە هەشت رۆژی خایەند .. وە لە ئەنجامی ئەم باڵەوانێتیەی کە ٩٠ یاریکەری لاوو٢١ یاریکەری ئافرەتی تیایا بەشداری کردبوو « حەسەن عەبدولجەبار » بە بلەی یەکەم دەرچوو باش ئەوەی حەوت خالی کۆکردەوە .. بەلام دەربارەی باڵەوانێتی ئافرەتان یاریکەر «زەکاء عومەر» بە بلەی یەکەم دەرچوو باش ئەوەی کە شەش خالی کۆکردەوە ..

ئەمەو ئەوانەی لەم باڵەوانێتیدا بە یەکەم دەرچوونە لە دەورەی بەر لە کۆتایی دا بۆ باڵەوانێتی وولات بەشداری ئەکەن کە لە پێنجی مانگی ئابی داهاتودا دەست پێ دەکات ..

● ● ●

تیپی عیراق دووەم پلەی بەدەست هێنا

تیپی نیشتمانی عیراق (ب) دووەم بلەی لە باڵەوانیەتی مەردیکادا بەدەستهێنا دوای ئەوەی کوریای خواروو بەگۆڵێك بەرامبەر بەهیچ بەسەریا سەرکەوت ، ئەمە لە یاریەکدا کە تیپی عیراق یاری لەدەست خۆی دابوو ناڕێك یاری ئەکردو زیاتر لە سێ گۆنیشی لەکیس خۆی دا .

لەو یاریەدا تەنها گولچی تیپەکە رعد حمودی دەرکەوتووبوو و زۆر کارامانە دەوری خۆی بەجێهێناو زیاتر لە تۆپێکی مەترسیداریشی گرت . عیراق یەکەمجارە لە دەوردی مەردیکادا بەشدا ئەبێ .

ئەوەی شایانی باسە تیپی

پیشانگای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەصلاح الدین کرایەوە

بەپۆنەی جەژنەکانی تەموزی پیرۆزەوە لەلەل ئاهەنگەکانی پارزگای هەولێر بەچاودێری هەڤال علی حسین صالح ئەمینداری نووسینگای مەکتەبی قوتابیانی پارتی بەعسی عەرەب لقی زووروی عیراق مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پیشانگایەکی لە هاوینەهەواری صلاح‌الدین کردەوە .

کاك « فرید حسن حمد » لێپرسراوی رۆشنبیری و راگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەربارەی ئەم پیشانگایە دواو ووتی :

ئەم پیشانگایە لەسەر پێشنیاری لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی مەرکەزی ئەکرانت وە لەسەر بریاردانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لە هاوینە هەواری صلاح‌الدین ئەکرێت .

ئەم پیشانگایەش یەکێتی بۆ دووەم جارێکی ئەخات یەکەمیان سالی رابردوو لە سەر ئەم ئاستە لە شاری سلێمانی رێکخرا .

وە لەم پیشانگایەدا هونەرمەندانی هەر سێ لقی یەکێتی هەولێرو سلێمانی و دهۆك بەشداریان کردووە . ئەم هونەرمەندانەش ژمارەیان نزیکەی سی کەسەو سەربە لیژنەی رۆشنبیری لقی یەکێتی .. ئەوانەش بە بەرهەمی هەمە جۆری هونەری لەم پیشانگایەدا بەشداریان کردووە . . بەرهەمەکانیشیان بریتیە لە پۆستەرو تابلۆ « نشرە » و سیرامیك و نحت وە هەر یەك لەوانە دەربارەی جۆرەها باسی نیشتمان پەروەری و فۆلکلۆرو ژیانی کۆمەڵایەتی تەدویت .

ئەی کاك « فرید » ئەوەی سەرنجمان راکێشن کەوا ئەم پیشانگایە لەئاتی پشووی هاوینی قوتابیان کراوەتەوە ، بۆ :

— ئێمە ئەمانەوێ قوتابی بەردەوام پەیوەندی بەیەکێتی یەوە هەبێت ودرێکخستنی ئەم جۆرە پیشانگایانە ئەم مەبەستەمان بۆ ئەهێنێدی ئەمە لەلایك لەلایکی تریشەوە ئاشکرایە کەوا .

ئاشکرایە کەوا لەم وەرزەدا قوتابی کاتی دەست بەتالی زۆرە وە بۆ ئەوەی یەکێتی بەشدارنیکی راستەقینە بکات بۆ هەلمژینی ئەو کاتەی قوتابیان ئەم جۆرە پیشانگایانە ئەکاتەوە .

دوای کاك «فرید» چاوومان بە کاك « فیصل عثمان » کەوت کە یەکێکە لەبەشدار بووەکانی ئەم پیشانگەیەو لە لقی یەکێتی قوتابیانی هەولێرەو بۆی سەبەمی ئامادەیی پیشەسازی بەشی دارتاشی کاك فیصل سالی ١٩٧٣ لە پیشانگای کۆمەڵی هونەرمەندان لە هەولێر بەشداری کردووە .

